# سازگاریی و خۆڕاگری لە مەهاباد

**کاریگەریی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزییەکان**

**و خۆڕاگری لە نێوان مێرمنداڵاندا:**

**ئێتنۆگرافیای وێنەیی لە کوردستانی ئێران (رۆژهەڵاتی کوردستان)**

**کامیل ئەحمەدی**

چاپخانەی ئاڤای بووف
2022 زایینی / 2722 کوردی

© AVAYE BUF

AVAYeBUF.com

avaye.buf@gmail.com AVAYeBUF .com

# Conformity and Resistance in Mahabad

Media Consumption, Conformity and Resistance:
A Visual Ethnography of Youth in Iranian Kurdistan

**By: kameel Ahmady**

Publication Technician: Ghasem Gharehdaghi

Publisher: Avaye Buf

# سازگاریی و خۆڕاگری لە مەهاباد

کاریگەری ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان
و خۆڕاگری لە نێوان مێرمنداڵان:
ئێتنۆگرافی وێنەیی لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

**نووسەر:** کامیل ئەحمەدی

**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:**
قاسم قەرەداغی

| | |
|---|---|
| نووسەر | :کامیل ئەحمەدی |
| ناو و ناوی نووسەر | : سازگاریی و خۆراگری لە مەهاباد -[کتێب] / کاریگەری ڕاگەیاندنەکان، جیاوازییە ڕەگەزێتییەکان و خۆراگری لە نێوان مێرمنداڵان: ئێتنۆگڕافی وێنەیی لە کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) |
| زانیارییەکانی چاپخانە | : دانیمارک: چاپخانەی: ئاڤای بووف 2022 زایینی / 2722 کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیارییە ڕواڵەتییەکان | : 181 ل؛ ۱۴/۵×۲۱ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : 9788794295130 |
| پێڕستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 9788794295154 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 9788794295154 |

- ناوی کتێب: سازگاریی و خۆراگری لە مەهاباد
- لە نووسینی: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: 2022 زایینی / 2722کوردی
- چاپی دووهە م: 2023
- تیراژ: ۵۰۰ دانە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی دانیشفەڕ



هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.
بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێڕان و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:
لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**نووسەر و کاری مەیدانی:** کامیل ئەحمەدی

**ڕاوێژکاری مەیدانی و شیکاریی ناوەڕۆک:** دکتۆر سارا کیلییێر

**دووبارەخوێندنەوەی دەق:** سیاوەش ئاقازادە، کاوە قوڕەیشی

**ڕاوێژکاران و چاودێرانی توێژینەوە:** پرۆفیسۆر پیتێر پارێکس، گۆڵن بوومەن، پرۆفیسۆر بیڵ واتسۆن، دکتۆر سارا کیلییێر

**خشتە و وێنەکان:** گرووپی کۆمەڵگەی ئامانج، کامیل ئەحمەدی

**وەرگێڕ:** نەسیم غوڵامی

**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور مورادی، دکتۆر فەرشاد سەلیمی

**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سەرسپی

**لاپەڕەبەندی:** ئومید موقەددەس



**ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵانی مەهاباد– هاوینی ساڵی 2006ی زایینی**

# پێڕست

سپاس و پێزانین.......................................................................................7

شــوێنی لێکۆڵینــەوە: مــەهاباد و ناوەنــدی پێگەیانــدنی هزریــی منــداڵان و مێرمنداڵان.............................................................................................10

شێوازی لێکۆڵینەوە..................................................................................18

گرنگیی تەکنیکە بینگەییەکان ......................................................................24

ئێتنۆگرافیای پرۆژەکانی وێنەگریی منداڵان و مێرمنداڵان...........................29

1. خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان...............46

2. جیاوازییە ڕەگەزییەکان...........................................................................60

شیکاریی وێنەکان........................................................................................76

دەرەنجام ....................................................................................................101

سەرچاوەکان...............................................................................................114

**سپاس و پێزانین**

پـێم خۆشـە ئەوپـەڕی دەستخۆشـی خـۆم ئاراسـتەی ئـەو کەسـانە بکـەم کـە یـارمەتی و پشـتیوانییان ئـەم توێژینـەوەیە ڕەخسـاند؛ لـە دامـەزراوەی ناوەنـدی پێگەیانـدنی هزریـی منـداڵان و مێرمنـداڵان و بەڕێوەبـەران و کاربەدەسـتانی، بـە هۆی قبووڵکردنی من بۆ کارکردن لەگەڵیان، یوونیسێف (UNICEF) بۆ پێدانی پێشینەی زانیاری زۆر کاریگەر، ئەنجوومەن و ڕێکخراوە ناحکوومیەکانی بـواری منـداڵان لـە ئێران بـە هـۆی یاریکـاری بـۆ سـازدانی پەیوەنـدیی زۆر گرنـگ لـەم لێکۆڵینــەوە، و مامۆســتایان و کارناســانی کــۆلێژی زانســتە کۆمەڵایەتییــەکانی زانکۆی تـاران بـۆ ڕێنـوێنی بەسـوود و ئـەو کاردانـەوەیەی کـە لـە داتـا کۆکراوەکان پێیـان دام، زۆر کەسی دیکەش لە ئێران و ناوچەکانی کوردستان و بەریتانیا کە ناویــان نەهێنــراوە. هــەروەها ســەری ڕێــز دادەنــەوێنم بــۆ هــەر یــەک لــە پرۆفیسۆران، پیتەر پارکس بۆ ڕێنوێنی و پاڵپشتی بەردەوامیان و ئەندامی ستاڤی بەڕێوەبەرایەتی کۆلێژی مرۆڤناسیی زانکۆی کۆنت دکتۆر سارا کیلێر بۆ هاوکاری و ڕێنوێنییـەکانی سـەبارەت بە ڕاوێـژی مەیـدانی و نووسـینەوەی شـیکارییەکان و دەقـی ئەم لێکۆڵینــەوە، پرۆفیســۆر بیــل واتســۆن بــۆ ڕاســپارە مەیدانییــە بەنرخەکانی و گۆڵن بوومەن بۆ پشـتگیریی بێدرێغیـان. سـوپاسی ئەو مێرمنداڵـە چاو گەشە مەهابادییانە دەکەم کە ڕووگەشی و تامەزرۆییان بۆ هاوبەشکردنی ڕا و بۆچوونەکانیان کۆی ئەم داتا ئێتنۆگرافییانەیان دابین کرد.

**کامیل احمدی**

بە هاری 2007ی زایینی

**پێشوتار**

توێژینەوەی مەیدانیی ئەم لێکۆڵینەوە، مانگی گوڵانی ساڵی 1385ی هەتاوی (ئایاری 2006ی زایینی) لە شاری مەهاباد، هەڵکەوتوو لە باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا (لە ڕووی جوگرافییاییەوە، ناوچەکانی باشووری ئەم پارێزگا و پارێزگا کوردییەکانی هاوسنووری بە "کوردستان یان کوردستانات" ناسراون) کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای ئێران، دەستی پێکرد. ئەم پرۆسە بە هاوکاریی ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان ئەنجام درا و لە ماوەی سێ مانگ کارکردن لەگەڵ منداڵان و مێرمنداڵان و هەروەها ئەندامانی ستاڤی ئەم ناوەندە و دایک و باوک و بەرپرسانی خۆجێیی، داتا وێنەیی و دەق و دیمانەکان کۆکرانەوە.

ئامانجی سەرەتایی ئەم توێژینەوە بریتی بوو لە تاوتوێکردنی هەندێ فاکتەری بەدیهێنەری هەستی پابەندبوون بە شوێن لە نێوان حەشیمەتی مێرمنداڵ و گەنجی مەهاباددا. یەکێک لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوە بوو کە تیشک بخاتە سەر بەکارهێنانی شێوازەکانی ڕاگەیاندنی خۆجێیی، نەتەوەیی و سەروو نەتەوەیی لە گرووپی ئامانجدا و جۆری کاریگەریی ئەم پرسە لە سەر ڕوانگەی کۆمەڵگای ئامانج سەبارەت بە ڕووداوەکان و فەزای خۆماڵی و هەروەها، شێوازێک کە بۆ گێڕانەوەی ئەم دوو بابەتە دەستنیشان دەکەن تاوتوێ بکرێت. بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی وێنەگریی وەرگەڕاو، داوا لە گرووپی ئامانج کرا وێنەگەلێک بەم ناوەڕۆکەوە ئامادە بکەن کە، بە ڕای خۆیان پەیوەندیی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە خۆجێییەکان و پێگەی خۆیان لەم پرۆسانەدا هەیە. ئەوکات بەرهەمەکانیان بۆ ماوەی حەوتەیەک لە پێشانگای گشتی لە شاری مەهاباد

نمـایش کـرا و لە ئاکـامی تۆمـارکردنی کاردانـەوەی بەردەنگـەکانی پێشـانگا لـە دەفتـەری بیرەوەریـدا، تێکـڕای یادداشـتی بەشـداربووان لـە سـاتەوەختی بینینی سووژەی وێنەگریدا، کۆمەڵە داتایەکی زۆر کۆ کرایەوە.

بەرهەمی کچ و کوڕە مێرمنـداڵەکان دەرخەری هێزە کاریگەرە فرەچەشـن و هەنـدێ جـار دژبەرەکـانن کە لە ژیـانی تـوێژی گەنجی ئێرانـدا بوونیـان هەیە، شـوێنێک کـە وێنـە ئایدیالییەکانیان لـە «ڕۆژاوا» دەتـوانێ هەسـتی تایبـەتی ئەوان سـەبارەت بە شـوێن بخاتە ئالنگارییەوە یان تۆکمەی بکات. یاسا میدیاییەکان و «چیرۆکبێژی»ی کلتـووری گشـتی، واتـە ئـەو گوتارانـەی کـە بـۆ پێناسـەکردنی کاروباری هەنووکەیی و دۆخی کۆمەڵایەتی لە تەلەڤیزیۆنە مانگیلەییەکانی ئاسیا و ئـــەورووپا، فیلمەکـــان، تۆڕەکۆمەڵایەتییـــەکان و چاپەمەنییـــەکانی وەکـــوو ڕۆژنامـەکان و بڵاڤۆکـەکان و هـەروەها ڕەوتە خۆجێییـەکان بـە کـار دەهێنرێن، نەک تـەنیا لـە هـەڵبژاردنی ناوەڕۆکـە پێشـەنگەکان لـە لایـەن تـوێژی گەنجـەوە کاریگـەر بـوون، بـەڵکوو شـێوازی ڕوانینیشـیان بـۆ ئـەم ناوەڕۆکانـە و پەیوەنـدیی ئـەوانی لەگـەڵ ژیانیـان بـیچم داوە. بەتایبـەت بـە ئاوڕدانـەوە لـە پرسـی ڕەگـەز، پێـدەچێت هۆگرییـەکی زۆر بـۆ باسـە گشـتییەکان و لـە هـەمان کاتـدا، دوودڵی سـەبارەت بـە ڕۆڵی ئـەرێنی یـان نـەرێنیی کاریگـەریە ئاوێتـەییەکان (فـرە چەشـن) بـوونی هـەبێت. بەدەر لـە بیچمـە خۆماڵییـەکانی شـوناس، کـە لـە سـەر بنـەمای خـۆڕاگریی کوردان هەمبـەر نەتەوەخـوازیی دەسـەڵات دامەزراوە و شـانەی زاڵ لــە پەیوەنــدیی لەگــەڵ ڕووداوەکــانی ئــەم دواییــەی جیهــان، کــە ئێرانــی لــە بەرهەڵسـتی سیاسـی ڕاسـتەوخۆی دەسـەڵاتە ڕۆژاواییـەکان دانـاوە، لـە هەنـدێ حاڵەتدا دەناسرێتەوە.

## شــوێنی لێکۆڵینــەوە: مــەهاباد و ناوەنــدی پێگەیانــدنی هزریــی منــداڵان و مێرمنداڵان

مـەهاباد شـارێکە لە باشـووری بـاکووری ڕۆژاوای ئێران، لـە دۆڵێکی بـاریکی باشـووری گۆمی ورمێ، بـە بـەرزایی 1300 مـەتر لـە ئاسـتی ڕووی دەریـادا. نـاوی مـەهاباد (مەهـ+ ئابـاد) وەرگێڕدراوی فارسـی نـاوێکی مانـەوی بـە واتـای شـوێنی مانگـە کـە لەگـەڵ وشـەی کـوردی مانـگ هاوڕیشـەیە. هەڵبـەت لـە فەرهـەنگی وشـەی فـارسی بورهـانی قـاتیع، لـە مەڕ وشـەی مەهاباد نووسـراوە نـاوی یەکـەم پێغەمبەرێکـە کـە وەک پێغەمبـەر بـۆ عەجـەم نـاردرا و کتێبێکی هێنـا بـە نـاوی دەساتیر. لە سـەرچاوەکانی تریش سـەبارەت بەم ناوە وەها هاتووە: «هەندێکیش پێیـان وایـە کـە مـەهاباد بـە واتـای شـوێنێکە کـە گـەورەکان ئـەوێیان ئـاوەدان کردووەتـەوە. ئـەم ناوچـە کۆنـە لـە دێرزەمانـەوە ناوەنـدی ناوچـە کوردنشـینەکان بووە و بەتڵیمۆس ناوی ناوە داروشـاهـ، و ڕاڤلیسـتۆن پێی وتووە داریاس. ( Van Bruinessen, 1992, p. 28). کاریگەرییـەکانی مۆدێرنیزاسـیۆن لـە مـەهاباد ئاشـکرایە و ئـەم شـارە سـەرمەشـقی شـارە کوردنشـینەکانی دیکـەی ناوچـەی موکریانـە و تەنانـەت لـە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواش پێشـەنگە. بەم هۆیەوە، ئەم شـارە تـا ڕادەیەک لەگـەڵ شۆناسـی خۆماڵی خـۆی لـە کێشمەکێشـدایە و لـە نێـوان ئـەم مۆدێرنیتـە لـە لایـەک و هەوڵەکـانی پاراسـتنی شـێوازی ژیـانی نەریتخوازانـە و هێماکـانی کلتـووری کـوردی لـە لایـەکی دیکـەوە، گرژییـەک لـە ئارادایـە. بـە هـۆی کـۆچی بـە لێشـاوی هۆزەکـانی مـەنگوڕ و مـەحاڵ لـە ناوچـە گوندییـەکانەوە بـەرەو مـەهاباد، بـۆ دۆزینـەوەی هـەلی کار و ئاسـوودەیی ژیـانی

شاری، ئەم شارە نەک تەنیا لە زۆر ڕووەوە لە پەرە سەندندایە، بەڵکوو لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – ئابووریش حاڵەتی دوو جەمسەریی بە خۆی گرتووە. چینی باڵا و دەوڵەمەندی مەهاباد و دانیشتوانی ڕەسەنی شار، لەگەڵ ئەو بنەماڵە کۆچەرە هەژارانەدا پێکەوە دەژین کە توانا جووتیارییەکانیان بێ کەڵک ماوەتەوە و لەم بارودۆخەدا، تەنانەت شارۆمەندانی خوێندەواریش لە ڕێژەیەکی زۆردا بێکارن. زۆر بەڵگە لە ئارادایە کە ئەم کۆچەرە گوندییانە، بۆ پاراستنی خۆیان، گیرۆدەی مامەڵەی ئابووری بازاری ڕەش، وەکوو هێنانی بە قاچاغی کحوڵ و جگەرە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەهاباد و ڕەوانەکردنیان بۆ ناوەندە شارییە گەورەکانی ئێرانن. ناوچەی پشتتەپ لە پەراوێزی مەهابادا وەک ناوەندی ناڕزایەتی و پێشەنگی خۆپیشاندانە دژەدەوڵەتییەکانی گەنجان و بێکاران بە ناوبانگ بووە و هەروەها ترسی هێزە ئاسایشییە دەوڵەتییەکان لە شۆڕشی بەهێز و هەندێ جار توندائژۆیانەی چینی گەنج لە زۆر ڕووەوە، ئەم ناوچەیەی کردووە بە «ناوچەی قەدەغە». ئەم پرسە تەنانەت بووەتە بەربەستێک بۆ پەرەسەندنی وەبەرهێنانی دەوڵەتی و ناوچەکەی لە دۆخێکی دواکەوتوودا ڕاگرتووە.

بابەتێکی دەگمەنی سەرنجڕاکێش لەم بوارەدا، دامەزراوە فێرکارییەکانە کە لە کۆتاییدا وەک بناغەی ئیشەکەم هەڵم بژارد. لە شاری مەهاباد دوو لقی «ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان» هەیە کە هەر دوو لە سەردەمی پەهلەوی دووەم و بەر لە شۆڕشی 1357ی هەتاوی (1979ی زایینی) دامەزراون. یەکێک لەم ناوەندانە لە لایەن پیاوێکی هێژا بەڕێوە دەبرێ کە بەر لە گواستنەوەی بۆ ئەم ناوەندە، ماوەی 16 ساڵ، کاربەدەستی ئیدارەی

ئێرشادی ئیسلامی بووە و لە ساڵی 1379ی هەتاویەوە، کراوە بە بەڕێوەبەری هەر دوو ناوەندەکە. ئەو بەڕێوەبەرە کە هەنووکە خانەنشینە؛ هەڵسوکەوتی دەریدەخست کە لەمەڕ ڕۆڵی ڕەگەزی ئافرەت و پیاو بیروباوەڕی کۆنەپارێزانەی هەیە و بەردەوام دەیویست بۆ زۆرێک لە کاروبارەکان، مۆڵەت لە ئیدارەی ناوەندیی ورمێ وەربگرێت. ناوبراو سەبارەت بە پۆشاک و ڕەفتاری کچان، بەتایبەت ئەندامانی نوێ (کە هەندێکیان قوتابی خۆم بوون)، هەستیاریی دەنواند و پۆشاک و ڕفتاری دیاریکراوی قەبووڵ دەکرد. بەڕێوەبەری لقی دووەمی ناوەند خاتوونێکی گەنجی خوێندەوار و هێژا لە بنەماڵەیەکی تا ڕادەیەک خۆشگوزەرانی مەهابادی بوو. لەگەڵ ئەو بەڕێزە، دوو فەرمانبەری دیکەش خەریکی ئیش بوون کە هەر دووکیان شارەزا و پرۆفیشناڵ بوون و پەیوەندییەکی دۆستانەی شیاویان لەگەڵ سەردانکەرانی گەنجدا هەبوو. وێڕای ئەوەی کە ناوەند بە شێوەی فەرمی لە لیستی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا نەبوو، بەڵام گوژمەی 50 لە سەدی بوودجەیان لە لایەن مەجلیسی شوڕای ئیسلامی (پەرلەمانی ئێران) دابین دەبێت. لە دەرەوەی ئێران، ناوەند زیاتر بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یوونیسێف و بەشداریکردنی لە ڕووداوە نێونەتەوەییەکان بۆ مێرمندالان دەناسرێت.

بە هۆی نیشتەجێ بوون و خوێندن لە دەرەوەی وڵاتی ئێران و ماوەیەکی زۆر دووری لە کۆمەڵگای ئێران، زۆرێک لە میکانیزمە ئیدارییە باوەکان بە لامەوە نامۆ بوون و هەر لەبەر ئەوەش، بەردەوام خەریکی وەرگرتنی پێشنیار و ڕاوێژ بۆ باشتر بەرەو پێشبردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بووم. ئاگاداریان کردمەوە کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش، بۆ وێنە ئیشکردن لەگەڵ ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی دیکە،

پێویستە مۆڵەتی خۆجێیی و پارێزگایی وەرگرم، کە دەبێت بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئیدارەی ناوەندیی، ناوەندی پێگەیاندنی هزریی منداڵان و مێرمنداڵان لە ورمێ (ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا)، بکەم. بۆ سازدانی پەیوەندییەکی شیاوی کاری، بە ئامادە بوونی سەرۆکی ناوەند لە مەهاباد، بەڕێوەبەری ناوەند لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، سەرۆکی بەرنامەڕێژی هونەریی و هەروەها یەکێک لە ڕاوێژکارەکانیان لە یەکێک لە ئیدارەکانی ورمێ کۆبوونەوەیەکمان ڕێک خست. ئەم چەشنە دامەزراوانە سیستەمێکی چاودێری ئاڵۆزیان هەیە کە تێیدا، هەموو کەسەکان لە ژێر چاودێری بەشی حەراسەت (پاسەوانی)دان، کە ئەرکی چاودێریی کارەکانە بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ڕوونەدانی ڕەفتاری نائاسایی یان "نائیسلامی" و دژ بە بنەما و یاساکانە. فەرمانبەرانی ناوەند لەمەڕ پرۆژەی گەڵاڵەکراو و ناسینامەیەک کە لە زانکۆی کۆنتی بریتانیا و زانکۆی تاران وەرمگرتبوو خۆپارێز بەڵام داکۆکیکار بوون و پاش چەندین هەوڵی ناسەرکەوتوو بۆ دەستپێکردنی کار، لە کۆتاییدا توانیم مۆڵەتی پێویست وەربگرم و لێکۆڵینەوەکەم دەست پێ بکەم. لە سەرەتای ئیشەکەدا، بەرپرسانی ئیدارەی ناوەندی ورمێ ڕایانگەیاند کە کارگەی چیرۆکبێژیی منداڵان هەم بۆ کوڕان و هەم بۆ کچان ڕێگە پێدراوە، بەڵام کارگەی وێنەگری دەبێت تەنیا بۆ مێرمنداڵانی گەورەتر و مێرمنداڵانی کوڕ پێک بهێنرێت. بە خۆشحاڵییەوە لە گەڕانەوە بۆ مەهاباد، سەرۆکی خۆجێیی ناوەند بە نهێنی ئاسانگیری کرد، ڕەنگە لە بەر ئەوە بێ کە بە ئامادە بوونی کوڕان بە تەنیا ڕێژەکە نەدەگەیشتە ڕادەی پێویست. هەڵبەت ئەمە جێی دڵخۆشی بوو، چوونکە پۆلەکان بە بێ بەشداری مێرمنداڵانی کچ هیچ سەرکەوتنێکان

بەدەست نەدەهێنا، هەم لە ڕووی ڕێژەی بەشداربووان و هەمیش لە ڕووی ئەو داتا پڕپایەخانەی کە پێیان داین.

بۆ مسۆگەرکردنی ڕێژەی گونجاوی بەشداربووان و دەستگەیشتن بە سنوورێکی بەربڵاوتر لە کۆمەڵگاکان، لەگەڵ کاربەدەستانی ناوەندا ڕێک کەوتین کە لە هەندێ شوێنی شار ڕاگەیێنراو بڵاو بکەینەوە و بە هۆی پەیوەندییەکانی ناوەند لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان، کۆپی و ڕوونووسی بەرنامەی مەبەست لە ڕێگەی ئیمێڵەوە بۆ هەموو قوتابخانەکان نێردرا. کۆمەڵێک پۆستەری ڕیکلامی گەورەش لە ناوچە بەرچاوەکانی ناوەندی شار و نزیک لە زانکۆی مەهاباد هەڵواسران. بەرنامە وا بوو کە ئیشەکە دو هەفتە پاش هاتنم بۆ ئێران دەست پێ بکەین، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا؛ چوونکە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێران فەرمانی دا بوو کە قوتابخانەکان بۆ پشووی هاوینی، زووتر لە کاتی دیاریکراو دابخرێن بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکان لەگەڵ مۆندیالی جیهانی فوتبۆڵ هاوڕێکەوت نەبن. پشتیوانی ئەم بڕیارە سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئێران، مەحموود ئەحمەدی نەژاد بوو. لە بینینی خواستێکی زۆری خەڵک بۆ بینینی فوتبۆڵ سەرسام بووم، خواست و هۆگرییەک کە ببووە هۆی دەرکرانی ئەم بڕیارە لە لایەن دەوڵەتەوە.

بە ئاوڕدانەوە لەم بابەتە کە نزیکەی نیوەی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان خوار 25 ساڵە و حەشیمەتێکی زۆری گەنج لە خۆ دەگرێ، هێشتاش دۆزینەوەی بازنەیەک کە کۆی خەڵک لە خۆ بگرێ، بۆ بەشداری لەو پۆلانەی کە بۆ کۆکردنەوەی داتا ڕێکخرا بوو، تووشی کێشە هاتم. بەها کلتوورییەکان دەڵێن ڕیکلامی بێناو سەرنجێکی ئەوتۆ نابزوێنێ و دەرکەوت کە هەڵسوکەوتی

ڕاستەوخۆ لەگەڵ مامۆستایان و پیاوماقووڵانی ناوچەکە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی و سەرنج. هەروەها بە هۆی پێویستییەکانی لێکۆڵینەوە و کات و بایەخدانی کەمتری گەڕەکە کرێکارنشینەکان بە ڕاهێنان و کاتی بەتاڵی گەنجان، چەندین جار بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و ڕەزامەندیی بنەماڵەکان و ئەو گەنجانەی کە لەگەڵ میکانیزمی ڕاهێنان نامۆتر بوون، سەردانی ئەو گەڕەکانە، بۆ وێنە گەڕەکی پشت تەپم کرد. وەک پێشبینی دەکرا، زۆرێک لە ناونووسکراوان هەمان سەردانکەرانی هەمیشەیی ناوەند بوون. لە پلەی دواتر، کەسانێک بوون کە لە ڕێگەی دۆستان و ئاشنایان، یان هەوڵە تایبەتییەکانی خۆم لە ڕەوتەکە ئاگادار کرابوونەوە. پۆلەکان بە بەشداری بیست و هەشت قوتابی تەمەن ژێر 18 ساڵ دەست بە کار بوو؛ هەژدە کچ و دە کوڕ کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان چواردە بۆ هەڤدە ساڵان بوو. وێڕای ئەوەی کە لە پۆلێکی جیاوازدا، هونەرخوازانی بەتەمەنتر، بۆ وێنە هەندێ لە فەرمانبەرانی ناوەند، هەبوون کە ئەو داتایانەی لەوان بەدەست هێنرا لە شیکاریی کۆتاییدا ڕەچاو نەکرا.

پۆلەکانی کچان و کوڕان جودا بوون و لە سەرەتای خولەکەدا، بەڕێوەبەری ناوەند دڵنیا کرایەوە کە بە هیچ چەشنێک تێکەڵاوبوون ڕوو نادات، بەڵام هەڵبژاردنی کات و نۆرەی پۆلەکان بە ویستی خۆم بوو. بەم شێوازە، پاش تێپەڕینی دوو یان سێ هەفتە، چیتر هەستیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بەم بابەتە بەدی نەدەکرا و منیش تا دەهات وردە وردە پۆلەکانم تێکەڵ دەکرد، چوونکە ژمارەی کوڕان بۆ بەڕێوەچوونی پۆلی جیاواز تەواو نەبوو و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لەم بابەتەی کە هەموو کچان و کوڕان لە قوتابخانەی جیاوازدا

دەخـوێنن، سـەبارەت بـە بینینی کاردانـەوەی مێرمنداڵانـەی ئـەوان هەمبـەر بە ڕەگـەزی بەرامبـەریش کونجکـۆڵ بـووم. هەڵبـەت هـەر دوو ڕەگەزەکـە، لـە هـاتوچۆی خۆیـان بـۆ ناوەنـد یـەکتریان دەبینی و بـە دوور لـە چـاوی بەرپرسـانی ئەویٚ، لە پارک (ناوەندەکە لە ناوەڕاستی پارکێکی بچووک بینا کرا بوو) تێکەڵ دەبـوون. ڕۆژانــە چــوار پــۆل پێــک دەهــات؛ دوو پــۆل بــەیانان و دوو پــۆل پاشـنیوەڕوان بـۆ ئـەو کـچ و کوڕانـەی کـە لـە نـۆرە جیاوازەکانی بـەیانان یـان پاشـنیوەڕوان دەچوونـە قوتابخانـە. دوا بـە دوای ئەمانـە، چـوار کـاتژمێر لـە هەفتـەش بـۆ کارمەنـدانی ناوەنـد و گەورەسـاڵان خـول بـەڕێوە دەچـوو کـە لـەو خولانــەدا، کاریگــەریی وێنــە و میــدیاکان لــە ســەر مێرمنــداڵان و شــێوازی لێکدانەوەی شێوەکاری و وێنەگریی مێرمنداڵانم تاوتویٚ دەکرد.

لە نێو کچاندا سیٚ وردەگرووپی جیاواز بەدی دەکرا؛ گرووپی یەکەم هەمان ئەندامانی ناوەندی ژمارە یەک بوون کە سەردانکەرانی هەمیشـەیی و ئاشـنا بە چالاکییـەکانی سـەرووبەرنامەی پێشکەشـکراو لـە لایـەن دامـەزراوە و یاسـا و نۆڕمە ڕفتارییەکانی ناو ناوەندەکە بوون. گرووپی دووەم سـەربە ناوەنـدی ژمـارە دوو بـوون و ئـەم گرووپـە تامەزرۆییـەکی زێـدەتریان بـۆ خولەکـە پیشـان دەدا و دیـار بـوو لـە ڕووی ناچارییـەوە ئامـادە نـین و نوانـدن و ئاراسـتەی جیاوازیـان لـە چاو گرووپی یەکەمی ناوەند بە تەواوەتی دەبینرا. هەروەها لە کاتی کارکردن لە گرووپی بچـووکتر یـان بـەڕێوەچوونی پێشـانگادا، ڕکابـەری ئـەم دوو گرووپـە ئاشـکرا بـوو. گروپی سـێیەم ئـەو کەسـانە بـوون کـە بـە شـێوەی زارەکی لـە بەرنامەکە ئاگادار ببوونەوە. لە حاڵێکدا کە سـەردانکەرانی هەمیشـەیی ناوەنـد بـە شـێوەی یەکدەسـت لـە چینی مامناوەنـد بـوون، گرووپی سـێیەم لە تـوێژە

فرەچەشــنەکانی کۆمــەڵگای خــۆجێی بــوون؛ هەنــدێکیان ســەر بە بنەماڵــە خۆشـگوزەرانەکانی خـاوەن دایـک و بـاوکی خوێنـدەوار بـوون و هەندێکیشـیان سـەر بە چینی کرێکـار و ناوچـە هەژارنشـینەکانی مـەهاباد، وەکـوو پشـتتەپ، بوون.

چەند کۆبوونەوەم بە شێوەی «چڕبوونەوە لەسەر گرووپ» ڕێک خست بۆ ئەوەی بەشداربووانی گەنج بتوانن پێکەوە لە پەیوەندیدا بن و هەڵسوکەوتیان پێکەوە هەبێ و هەروەها بەر لە دەستپێکردنی ئیشی وێنەگری، تێگەیشتنێک لە هونــەری وێنــەگری بەدەســت بێــنن. بــۆم دەرکــەوت کچــان بــۆ فێربــوون و بەشــداریکردن لــە چــالاکیی جۆراوجــۆری خــولەکەدا زیــاتر هــۆگری دەنــوێنن. زۆربەیان ئایدیایەکی دیاریکراویان بۆ پرۆژەکە لە سەردا بوو و دەیانزانی بە چ ئاراستەیەکدا پرۆژەکەیان بەرەو پێشەوە ببەن. لە هەمان کاتدا، لە ئاستەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بەر دەمیان زۆر بە باشی ئاگادار بوون. زۆریان لە دژی نۆرم و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، ناهومێدی و دڵساردی خۆیان دەردەبڕی و بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە کوڕان ئازادییەکی زێدەتریان هەیە، پێیان وا بوو کە وەبەر هەڵاواردن کەوتوون. باوەڕی گشتی ئەوە بوو کە کوڕان ئازادن بە بێ چاودێری بنەماڵە بچنە هەر کوێ و تەنیا بە هۆی ئەوەی کوڕن، زۆرێک لەو کارانەی کە پێویستی بە ئیزن وەرگرتن نییە، دەتوانن ئەنجامی بدەن. هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا باوەڕیان وا بوو کە ئەگەر کچان تەنیا بچنە دەرەوە (بەدەر لە کاتی قوتابخانە و بەتایبەت شەوان) نە تەنیا کارێکی نەشیاوە، بەڵکوو ئەم کارە وەک شــوورەییەک (کارێکی نەشــیاو یــان شــەرمهێنەر) ســەیر دەکرێت. کچــان لــەم بابەتە بێتاقەت بوون کە کوڕان بەردەوام ناو و ناتۆرەی ئەوە لە کچێک دەدەن

کە «کچێکی باش نییە».

سەبارەت بە دایک و باوکەکان دەبێ بڵێم کە ئەوان بێ پێچوپەنا پێیان وابوو کە ناوەند بۆ منداڵەکانیان دامەزراوەیەکی پارێزراو و پابەندە و سەبارەت بە شێوازەکان یان ئەو هونەرانەی کە فێریان دەکرێت، کونجکۆڵییان نەدەکرد. ئەم بابەتە پێچەوانەی ئەو ترسە ڕوو لە زیادبوونەیە لە مەڕ «مەترسییە» بەدینەهاتووەکان، کە لەوانەیە منداڵان لێی زیانمەند بن و لە درێژەدا تاوتوێ دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی جۆنز و والاس (1992) باس لە ویستی ڕوو لە گەشە بۆ رادەستکردنی ڕۆڵی "نەریتی" خێزان لە ژیانی گەنجاندا بە دەوڵەت دەکەن، بۆ بنەماڵەکانی چینی کرێکاریش بەشداریی منداڵەکانیان لەم چەشنە بەرنامانەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، چوونکە خەون بە نۆرم و بەهاکانی چینی خوێندەوارەوە دەبینن. لە درێژەدا دەبینین کە گوشاری نافەرمیی ئابڕوو و پێگەی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە لە چاو دەستێوەردانی دەوڵەتی و پەسندکراوە یاساییە ڕاستەوخۆکان دەڵێی کاریگەرییەکی زۆر زیاتریان لە سەر کۆنترۆڵی ڕفتار لە نۆرمە قبووڵکراوەکاندا هەیە. لە ڕاستیدا لە ژێر گوشارە بنەماڵەییەکاندا، ئەم چەشنە تەنگەژە دەوڵەتییانە ناپێویستن.

## شێوازی لێکۆڵینەوە

شێوازە بە کارهێنراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە بریتییە لە ئاراستەی هاوبەشانە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگا و سەرچاوەکانیدا دەبێت و بەشداربووان بۆ ناسینی بابەتە دڵخوازەکانیان سەبارەت بە شۆناسی خۆجێیی و نواندنەوەی ئەوان هان دەدات. هەر بەم شێوە، لەم لێکۆڵینەوەدا،

کارگە و گرووپە کۆجێییەکان و هەروەها دیمانە نافەرمییەکان و چەندین کاری لێکۆڵینـەوەیی کـورت بـە کـار هێنرا بـۆ ئـەوەی داتـا پێویسـتەکان بـۆ ڕێکخسـتنی «چوارچێوەی لێکۆڵینەوە»ی خۆجێیی لەگەڵ بابەتی بگۆڕی لێکۆڵینەوەکەدا کۆ ببنـەوە. هـەروەها کۆمـەڵێ یادداشـتی تێر و تەسـەلم سـەبارەت بـە بینراوەکانم لـە کـاتی بـەڕێوەبردنی پێشـانگا لـە هـۆڵی شـارەوانی و تێبینییـە تایبەتییـەکانی خـۆم سـەبارەت بـە کاریگـەری کلتـووری گشـتی لـە سـەر پانتـا گشـتییەکانی شـار ئامادە کــرد. کارگــەکان بە ســەر دوو خــوولی وێنــەگریی هــەواڵنێری و چیرۆک‌بێژیــی وێنەییدا دابەشکران. بۆ وەرگرتنی مۆڵـەت لـە ناوەنـد بـە مەبەسـتی بـەڕێوەبردنی ئەم پۆلانە، دەبوایە پێشنیاری ڕاهێنانی خۆبەخشانە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی منـداڵان بـەرەو فێربـوونی تـەکنیکیی نـوێ ڕێنـوێنی بکـەم و ناوەنـدیش بتـوانێ لـە ڕاپـۆڕتی سـاڵانەیدا ئـەم خولـە لـە چوارچێـوەی چالاکییەکـدا نـاو ببـات و لـە ڕاسـتیدا ئاسـتی پێشـینەی کاریی بـەرز بکاتـەوە. بـەم جـۆرە، شـێوازی لێکۆڵینـەوە بریتیی بـوو لـە کار کـردن لەگـەڵ چەنـدین ڕێکخـراو و دۆزینـەوەی ڕێزبەندییەکی کـاری کــە بــۆ هــەر دوو لایەن بەســوود بــێ و هــەموو لایەنــە بەشــدارەکان ئاکامێکیان هەبێت. وا هەست دەکرا کە لە نێوان ناوەند و وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنـان – کـە ناوەنـدی تـایبەتیی خـۆیی (ناوەنـدی پێگەیانـدن) بـەڕێوە دەبـرد – جۆرێـک ڕکابـەری هەیە. زۆربـەی منداڵــە قوتابخانەییـەکان، لـە چوارچێـوەی سەفەری ڕۆژانەدا، دەبران بۆ ناوەندی پێگەیاندن و زۆر جار ناچار دەبوون لە چــالاکی ڕۆژانــە و هەنــدێ جــار هەفتانــەدا، وەک چالاکییــە ئۆردوویــەکان بەشــداری بــکەن. لەگــەڵ ئــەوەی ئــەم دامــەزراوە چــالاکیی باشــی هەیــە و کاربەدەســتەکانی ڕاســتەوخۆ لــە لایــەن وەزارەتــی پــەروردە و ڕاهێنانــەوە

دەستنیشـان دەکـرێن، دەستڕاگەیشـتن بـە زانیـاری یـان ئـیش کـردن لەگـەڵ مێرمندالـەکانیان بە بێ ئیزنی تەواو و قبـووڵکراو لـە لایەن وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانـەوە تـا ڕادەیـەک ئەسـتەم بـوو و وەک دەزانـرێ پـەروەردە و ڕاهێنـان وەک قەلایەکی تۆکمە و پتەوە کە چوونە ناوی زۆر ئەستەمە. هەوڵم دا لـەو بەرنامە ڕۆژانەی کە بۆ چیرۆک‌بێژی و شێوەکاری ڕێکم خستبوو بەشداری بکەم، بەڵام نێردرام بـۆ لای سـەرۆکی لقـی پـەروەردە و ڕاهێنـانی مـەهاباد کـە ئـەویش بـۆ دەرکردنـی مۆڵـەت پێویسـتی بـە پەسـندکردنی سـەرۆکی ئیـدارەی ورمـێ بـوو و ئـەمیش دەبـوو لـە تارانـەوە مـۆڵەتی وەربگرتایـە. سـەرەڕای ئـەوەی هـیچ‌کـات نەچوومە ناو ناوەندەکەیان، بەڵام تەواو دیار بوو چ چاودێرییەک باڵی بە سەر قوتابخانەکاندا کێشاوە و دەوڵەت چ گرنگییەک بە پەروەردەی پاوانکراو لە ژێر چاودێری خۆیدا دەدات.

ئـەو بەشـداربووانەی کـە تەمـەنیان لـە نێـوان چـواردە بـۆ حەڤـدە سـالان بـوون، داوام لێ کـردن وەک بەشـێک لـە چالاکییـەکانیان لـە کارگـە، ڕاپـۆرتی وێنەگرتنـەکانیان سـەبارەت بـە بابـەتێکی کۆمەلایـەتی هـەڵبژێردراوی خۆیـان پێشـکەش بکـەن. چەنـدین کـورتە پێشـەکیم سـەبارەت بـە بەکارهێنـانە ڕێگەپێـدراوەکانی شـێوازە بینراوەییـەکان لـە چیـرۆک بێژیـدا – ئـەوەی کە گێڕانەوەی پێویسـتی بـە وێـنەیە و بە زارەکی نـاتوانرێ بگوترێـت –، شـارەزایی دیمانـەوەرگری و هـەروەها تێبینییـە ئەخلاقییـەکان و شێوازی خـۆدوورگرتن لـە وروژانـدنی هەسـتیاریی بەرپرسـانی پەیوەندیـدار ئامـادە کـرد. بـە ئاوڕدانـەوە لەوەی کە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکان، وەک بەستێنێک بۆ هەڤپەیڤین، لە ئێراندا چ ئاستەنگێکیان لە بەر دەمە، ئەم توێژە مێرمندالە زۆر ڕاکێش و هۆگری هێزی

چیرۆکبێژیی وێنەگریی و تواناکەی لە ڕوونکردنەوەی کاروباری دەروەست بە ئەزموونەکانیان بوون. فرەدەنگیی وێنەکانیش زۆر گرنگ بوون، چوونکە دەکرا پەیامەکان بە شێوازی جۆراوجۆر شی بکرێنەوە و بەم چەشنە، کەمتر دەکەوتە بەر تاوتوێی بەرپرسان. وا هەستم دەکرد بەشداربووان بە ئەزموونی ئیشکردن لە گرووپی بچووکدا نامۆن و هەر لەبەر ئەوەش، بڕیارم دا پاش گەیشتن بە نیوەی کاتی دیاریکراوی هەر پۆلێک، قوتابیان بۆ سەر چەند گرووپی بچووک دابەش بکەم بۆ ئەوەی پێکەوە ئیش بکەن. پاش ماوەیەک، ئەمەم بە باش زانی و ئیش کردن لە چوارچێوەی تیمم بە سوودمەند بەراورد کرد و پێیان وتم کە لە قوتابخانە، یان هەر ئیشی گرووپی ناکەن یان لە گرووپی زۆر گەورەتردا ئیش دەکەن و لە چاو ئیش کردن لە گرووپی بچووکی وەک ئەمە، بۆ خستنە ڕووی ئایدیا و بۆچوونەکانیان دەرفەتێکی ئەوتۆیان نییە.

بابەتێکی سەرنجڕاکێشی دیکە ئەوە بوو کە بەشداربووان لەوەی کە بە شادی و هەستی ئازادییەوە بیر و باوەڕەکانیان دەردەبڕن چێژیان دەبینی و زۆریان، بەتایبەت کچان دەیانگوت لە قوتابخانەدا ناتوانن ئەوەندە پێبکەنن و زۆر جار مامۆستاکان سەختگیر و توندن. هەروەها لە قوتابخانەکان، هەر کات باسەکە پەلی بەرەو بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ڕەگەزی بەرامبەر هاویشتبێ، ئاستەنگ و سنووردارییەکان بەدی دەکرێن. پۆلەکانمان، بە پێچەوانەوە، زۆر نافەرمیتر بوون و قوتابیان بۆیان بوو تا ڕادەیەکی پتر بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە ڕوو. من خۆیشم لە مەڕ هەندێ تابۆ و پرسی کۆمەڵایەتی، کە دەمزانی باسەکانی بە لای مێرمنداڵانەوە سەرنجڕاکێشە، قسەم دەکرد و تێدەکۆشام کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بە دەربڕینی گشتیتری ئەم بابەتانە بەراوەرد بکەم.

قسـە و ڕا دەربڕین لـە مەڕ ڕەگەزی بەرامبەر، «گەرموگوڕ»ترین بابەتی پۆلـەکان بـوو، بابـەتێکی جەماوەرپەسـند کـە بـە چەنـدین جـار دەگەڕاینـەوە سـەری. پرسـێکی زۆر سـەرنجڕاکێش ئـەوە بـوو کـە کاتێ سـەرۆکی ناوەنـد، بەمەبەسـتی چـاودێری، سـەردانێکی کـورتی پۆلـەکانی دەکـرد، هـیچ بـاس و ڕادەربڕینێـک لـەم بارەوە ئەنجام نەدەدرا؛ تا ڕادەیەک کە هەموو منداڵەکان زۆر بە باشی ڕەچاوی ئامادەبوونی سـەرۆکەکەیان لە پۆل دەکرد و بە سانسۆر کردنی خۆیان، باسـە «پەسندکراوەکانیان» دەخستە ڕوو. هەرگیز لـە نێوان من و قوتابیان سـەبارەت بـەم بابەتـە قسـەیەک نـەکرا و بـە شـێوەی فـەرمی هـیچ بڕیارێکمـان دانـەنابوو، بـەڵام هـەر هـەموویان بـە بێ ئـەوەی مـن هـیچ ئامـاژەیـەکم کردبێ، ئاگـاداری ڕەفتاریان بوون.

ئـەوەی کـە منـداڵان دەیـانتوانی بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی ڕفتـاری پەسـندکراو و سـەرپێچی کـردن لێی، لە کارگـەکان کەڵ وەرگـرن بـە بە یـارمەتیی ئەم دەرفەتە ڕەخسا بوو کە هەم لە ئاستی ڕێکخراوەییدا متمانەیان بە ناوەنـد بـوو و هـەمیش لـە ئامـادەبوونی مـن لـەو شـوێنە دڵنیـا بـوون. لـە کلتـووری کوردیدا، جۆرێک ڕێزی تایبەت لە بلیمەتە خوێندەوارەکان دەگیرا و ڕەنگە ئەم ڕێزگرتنـە بـۆ کەسـانێکی وەکـوو مـن کـە لە ڕیـزی کۆچبـەرانی ڕۆژاواییـدا بـووم زیاتریش بێت. دەوری من وەکوو «مرۆڤناسێک لە نیشتماندا» بێگومان هەندێ ئـاڵۆزیی دەخولقانـد، بـەڵام کـۆمەڵێ دەرفەتیشـی بـۆ بـەرەو پێشـبردنی ئـەم لێکۆڵینـەوە دابـین دەکـرد. پێگـەی مـن وەک تـوێژەر ئەگـەرچی بـوو بـە هـۆی دڕدۆنگیی کەسی، بەڵام لانیکەم لـە چـاوی دایـک و باوکانـدا، جۆرێـک متمـانەی نەخوازراوی بۆ دەستەبەر دەکردم. بە لەبەرچاوگرتنی تەنگەژە ئەخلاقییەکانی

ئەم بابەتە لە مەڕ بەرپرسایەتییەکانم بەرامبەر بە بنەماڵەکان، تێکۆشام لە ڕێگەی پەیوەندییەکی کراوە و شەفافەوە لەگەڵ دایک و باوکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرقاڵی ئیشکردن لە گەڵیاندا بووم، ئەم پرسە چارەسەر بکەم. هەروەها وشیار بووم کە لە بارەی لێکەوتە ئەگەرییەکانی ئیشەکانیان هۆشداری بە منداڵ و مێرمنداڵەکان بدەم و شێوازەکانی خۆ بە دوورگرتن لە گرفت و نانەوەی تێهەڵچوون لەگەڵ بەرپرسانی پرسەکەش فێریان بکەم. دڵنیا دەبوومەوە کە لە کاتی وانەبێژیدا بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکانم یادداشت هەڵدەگرمەوە و داتاکان کۆ دەکەمەوە و هەروەها ئامانجەکانم لە لێکۆڵینەوەکە ڕوون دەکەمەوە. داوا لە دایک و باوک و فەرمانبەرانی ناوەند کرا کە ئەگەر حەزیان لێ بوو چاودێریی پۆلەکان بکەن، یان تێیاندا بەشدار بن.

## گرنگیی تەکنیکە بینگەییەکان

وەک پێشـتریش ئامـاژەی پـێ کـرا، ئـەم کـارە بـەم ئامانجـە بـەڕێوە چـوو کـە لێکۆڵینەوەیـەک لـە سـەر کـردەوەی هاوبەشـانە بێـت کـە هـەم کارامەییـەکانی کۆمەڵگا بناسێتەوە و هەمیش بە لایاندا بشکێتەوە و هەروەها تێڕوانینێک بۆ تێگەیشتنە خۆجێییەکان، لەوەی کە «لێکۆڵینەوە»یەکی کارامە بێچم دەدا، لە خۆ بگرێت. لە ڕاگەیاندنەکانی ئێراندا، دەرفەتێکی کەم بە دەنگە سەربەخۆکان دەدرێت کە لە سەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان قسە بکەن و بەتایبەت هەر لەبەر ئەوەشـە کـە چینی گـەنج وا هەسـت دەکا لـە ژێربنـەما دەوڵەتییەکانـدا دەنگێکی ئـەوتۆی نییـە یـان وەبەرهێنانێـک لە بـەرژەوەنـدی و قـازانجی ئـەودا ناکرێـت؛ بەتایبـەت ئافرەتـانی گـەنجی بێـدەنگ خراونەتـە پـەراوێزەوە یـان بـە جۆرێـک لـە پانتـایی گشـتی تـارێنراون. کەواتـە وێنـەگری و ئـەو شـێوازە هاوبەشـانەی کـە مـن تێکـەڵ بـە وێنـەگریم کـرد بـۆ ئـەو مندالانـەی کـە ئـەم لێکۆڵینـەوە ئـەوان تـاوتوێ دەکا، بـوو بـە شـێوازێک بـۆ ڕەنگدانـەوەی پانتـایی گشـتی بـە شـێوەیەکی نـوێ، کـە ڕەنگە کاری لەسەر نەکرابێت. هەروەها ئەم کارە ئامرازێکی نوێی بۆ خۆ دەربڕین بۆ ئەم گرووپە ڕەخساند کە لە دیمانەی پەتی، کە ڕەنگە نەیاندەتوانی لەگەڵی پەیوەنـدی سـاز بکـەن، کـەمسـامتر و لەبەر دەسـتتر بـوو. بەتایبـەت بـۆ کچـان، ئەم هەلە ڕەخسا بوو کە لە پانتاییەکی گشتیدا بەشداری بنوێنن و هەمان فەزا بگێڕنەوە کە هەستیان دەکرد لێی تارێنراون. مێرمندالان بۆ گەشـە و پەرە پێدانی ئـەو ناوەڕۆکـە تایبەتانـە هـان دەدران کـە بـە ڕای خۆیـان، لەگـەڵ باسـەکە دەگوونجـا. ئـەم تەکنیکـە هـەمان ئیشـی پێشـەنگانەی فیلمسـاز و مرۆڤناسـی

بینگەیی، جێین ڕۆچ (2003) بوو کە لە میانەی تامەزرۆیی ئەو بۆ دونیای ژیانی ڕۆژانـــەدا ســـووژەی لێکۆڵینـــەوەکانی پـــەرەی ســـەندبوو و بـــەم شـــێوە، تێهەڵکێشــراویی، ئــاڵۆزیی و کەمایەســیەکانی ژیــانی ئــەوانی تۆمــار دەکــرد. لایــەنگری ئــەو لــە ئاراســتە زۆر ناپرۆفیشــناڵەکەی بــۆ تــەکنیکی بینگەیــی و فیلمسازی، کە تێیدا بەهرە تەکنیکییەکان لە چاو ڕەنگ و جووڵەی ئاسایی و ڕۆژانەدا گرنگییــەکی کــەمتریان هەیــە، یــارمەتیی تێگەیشــتنی ئێمــە لــەو بــەها ئێتنۆگرافییانــە دەدات کــە لــە بەرهــەمی وێنــەیی بــە ڕەواڵــەت ئاماتۆرانــەی بەشداربووانی گەنجدا بەدی دەکرێت.

لەو ڕووەوە کە شێوازی ئیشی من ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵان / مێرمنداڵاندا هەر بەم شێوازە بوو، بۆ بەرزکردنەوەی هەستی خاوەندارێتی ئەوان لە سەر پرۆسەی کارەکەدا، گرنگ بوو کە وێنە گیراوەکان لە قۆناغی کاری مەیدانیدا نیاز و واتای «ڕوون»یان هەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وێنانە دەتوانن بۆ بەردەنگە جۆراوجۆرەکان واتای جیاوازیان هەبێ و وەک پینک (2001, p. 51) دەڵێت «مانای وێنەکان دڵخواز و زەینین»، لە قۆناغی ئیشی هاوبەشمان، هەوڵەکەم لە سەر ئەوە بوو کە شرۆڤە زەینییەکان بە وردی لە کار بسڕمەوە بۆ ئەوەی گرووپی ئامانج وێنەکان بخەنە خزمەتی «ئاخاوتن» لە زمانی ئەزموونەکانی خۆیان.

سەرەڕای ئەمە، پاش کارلێکەکانی نێوان من و منداڵان و مێرمنداڵان، ئەو پێشانگایە کە لە هۆڵی شارەوانی مەهاباد بەڕێوە چوو گیانێکی نوێی کردە بەر وێنەکان، چوونکە لە لایەن بەردەنگەکانەوە، واتا و شرۆڤەی نوێ دەخرایە پاڵیان. ئەم وێنانە، بە ناوەڕۆکی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگا و فەزای گشتییەوە،

ئێستا لە فەزای گشتیدا نمایش دەکران و تێگەیشتن و ناسینێکیان – هەڵقوڵاوی هزری منداڵەکان – سەبارەت بە کلتووری خۆجێیی دەخستە ڕوو کە پێشتر، بۆ گەورەساڵانی زاڵ بە سەر بواری گشتیدا نەناسراو بوو. ئەم پرسە یارمەتیی بینەرانی دەدا بۆ ئەوەی ژینگەی دەوروبەریان لە گۆشەنیگایەکی نوێوە ببینن و بەم شێوە، بواری گفتوگۆی بۆ بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەڕەخساند. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، «واتای ئێتنۆگرافییانە»ی وێنەکان نەک تەنیا بۆ من وەک ئێتنۆگرافێک بەڵکوو یارمەتیی کۆمەڵگایەکی بەربڵاوتری دەدا تاکوو سەبارەت بە کلتووری گەنجان لە مەهاباد تێگەیشتنێکی نوێیان هەبێت. کۆلێیر و کۆلێیر (1986, p. 108) وەک شێوازێکی کاری مەیدانیی تایبەت، لە ژێرناوی «وێنە - وتار» ئاماژە بەم ئاراستە دەکەن: «کاتێک وتاری وێنەیەک لە لایەن کەسێکی خۆجێیی دەخوێنرێتەوە، ئەم توانایەی هەیە کە ببێتە بەشێکی پڕمانا و پڕبایەخ لە یادداشتە مەیدانییەکانی خەڵکناسدا» ئەزموونی یارمەتیدانی ڕێکخستنی پێشانگاش بەم شێوەیە بوو. بۆ وێنە یەکێک لە بەشداربووان لە دەفتەری میوانانی پێشانگادا وەهای نووسی:

> **زۆر سەرنجڕاکێش بوو. فۆڕم و بێچمێکی نوێی لە بینینی شار بە من پیشان دا؛ ئەو شەقامانەی وا ڕۆژانە لێیان تێپەڕدەبین و اتایەکی جیاوازیان هەبوو. زۆر سەرنجڕاکێشە کە دیمەنە جیاجیاکانی مەهاباد لە چاوی کەسانی گەنج و کەم تەمەنەوە ببینین. بە ڕای من، هەژاریی بەرچاوترلە هەر شتێکی دیکە، ئەوەی کە چۆن دەیبینن (بڕو انە: وێنەی ژمارەی 24).**

لیدال و ستێرکێر (2006, p. 138) لە بارەی توانا بینگەییەکان لە چالاکی

ئێتنۆگرافی بۆ خولقاندنی «ئاگاداری لە ڕوانگەی ڕەگەزی و بە کارهێنانی، چ لە پێش و چ لە پشت کامێراوە» قسە دەکەن. بۆ کچانی بەشداربووی پرۆژە، دەربڕینی ڕوانگەکانیان سەبارەت بەو کێشە و نادادپەروەرییانەی کە لە کلتووری خۆجێیی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەزموونیان دەکرد، ڕووداوێکی ناوازە و پیشاندەری کردەوەیەکی خۆڕاگرانەی بوێرانە بوو. بەڵگە بۆ ئەم پرسە، بیر و بۆچوونی ڕاشکاوی زێدەڕۆیانەی بینەرانی پێشانگای وێنەی مێرمندالانە:

**پێشانگایەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ئەگەرچی بە ڕای من، ئیشەکانی تایبەت بە جیاوازیی ڕەگەزی شیاو نەبوون. من لەو باوەڕەدام کە لە کۆمەڵگادا نابێ دەوری گشتی زیاتر بە ئافرەتان بدرێ، چوونکە شوێنی ئەوان لە ماڵەوەیە و پیاوان دەبێ ئیش بکەن و بژێوی ژیان دابین بکەن. لەو وێنانەی کە گرنگیی بنەماڵە و ڕێز لە دایک و باوکیان پیشان دەدا زۆر چێژم برد (بڕوانە: وێنەی ژمارە 24).**

سەیر لەوەدایە کە دەفتەری یادداشتی میوانەکانی پێشانگا ڕواڵەتێکی چاوەڕوان نەکراوی بە خۆ گرت و تەنانەت بوو بە ڕاپۆرتێک لە مەڕ سروشتی پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان لە بواری گشتیدا. پیاوانی کەم تەمەن بۆ گواستنەوەی پەیامی عاشقانە و شاعیرانە بۆ یار و خۆشەویستی داهاتوویان ئەم دەفتەرەیان بە کار دەهێنا بۆ ئەوەی هەم ئەم پەیامە لە شوێنێکی گشتی پێشکەش بکرێ و هاوکاتیش سنوورە پەسندکراوەکانی پەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان نەبەزێنێ (بڕوانە وێنەی ژمارە 29). لە ڕاستیدا پاش کۆتایی هاتنی پێشانگا، تێگەیشتم کە بە هۆی ئەم پەیامە قەدەغە کراوانەوە، لە نێوان چەند

هاوژیندا پەیوەندیی خوازراویان دروست بووە. دەنگ و هەرای بەڕێوەچوونی پێشانگاکە لە سەر ئاستی شار بوو بە هۆی ئەوەی زۆرێک لە کچان و کوڕانی گەنج و مێرمنداڵ لە هۆڵی شارەوانی ئامادە بن بۆ ئەوەی دەرفەتی بزۆزی کردن لەگەڵ فێرخوازان وەدەست بێنن. هەر لەم بوارەدا، ئەوانی دیکەش ئەم دەرفەتەیان بەدەست هێنا بۆ ئەوەی سرووشتی پەیوەندیی ژنانە / پیاوانە زیاتر بخەنە ژێر ڕەخنە، چ سەبارەت بە پرسە نوێندراوەکان لە وێنەکاندا و چ ڕەفتاری گەنجان لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشانگادا. بۆ نموونە دوو ئافرەتی گەنج لە دەفتەری میوانەکاندا نووسیبوویان:

**لە بینینی بەرهەمهێنانی ئەم کارانە لە مەهاباددا بە ڕاستی غافڵگیر بووم. بەتایبەت ئەوەی کە لە لایەن کچانەوە ئەنجام دراوە و لە مەڕژیانی ئێمەی کچان دەدوێ، زۆرباشە. بەڵام تکاتان لێ دەکەم تکایە، تکایە، تکایە لە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ کوڕان زێدەڕۆیی یان توندڕۆیی مەنوێنن، چوونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاکێشی پەیوەندیی نەشیاو لەگەڵ کوڕان و پەیوەندیی سێکسی بۆ چێژی کورتخایەن بن کە دواتر بە هۆی ئەمەوە قەزاوەتتان لە سەر دەکرێت (بڕوانە: وێنەی 25)**

**بە بڕوای من پێشانگای هیچ کێشە و کەمایەسییەکی نەبوو. تەنیا بابەتێک کە هەمانە نەبوونی ئازادییە و بە هۆی ئەوەی لە ژیانماندا ئاستەنگی زۆر لە بەردەممانە، خەڵک زۆر ڕوو دەکەنە ساختەکاریی و گزە. ئەگەر ئەم ئاستەنگانە نەبوایە، چیتر سەبارەت بەم بابەتانە نەدەدواین. ئەگەر ئێوە کەسێک بە هۆی ئەنجامدانی ئیشێک بخەنە زیندان و ئەویش بە ڕاستی**

**بیهـەوێ ئـەو کـارە بکـات، بـۆ ئەنجامـدانی لـە بـن بـەردیش بـێ ڕێگـایەک دەدۆزێتـەوە. سـەبارەت بـە پەیوەندییـەکانی نێـوان کچـان و کـوڕان، مـن لـەو بـاوەڕەدام کـە مێرمنـداڵان دەبێ زۆر بیـرو هۆشـیان چـڕ بکەنـەوە، چونکـە ئەزموونی گەورە ساڵانیان نییە (بڕوانە: وێنەی ژمارە 25).**

ئەو کارانەی کە منداڵان و مێرمنداڵان بەم شێوازە بەرهەمیان هێنا بیست و هەشت پرۆژەی وێنەگریی هەواڵی لە خۆ دەگرت کە لەسەر بابەتەکانی وەک بەڕێوەبەرایەتی فەزای گشتی و ململانێکانی و نواندنی ڕەگەزێتی و شووناس لەم فەزایەدا بوو.

**ئێتنۆگرافیای پرۆژەکانی وێنەگریی منداڵان و مێرمنداڵان**

لە درێژەدا، حەوت پرۆژەی تێروتەسەلترم دەستنیشان کردووە کە بە ڕای من، زیاتر نوێنگەی کەڵکەڵەکانی ژیانی مێرمنداڵانی مەهابادی بوون و لە ڕێگەی ئەوانەوە درێژەم بە لێکۆڵینەوە و شیکاریی داتاکان دا. لەم کارانەدا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دەوڵەت و بنەماڵە و ڕەگەزی بەرامبەر گیراوە و لە هەندێ حاڵەتدا، بۆ دوور کەوتنەوە لە ئاستەنگەکانی سانسۆڕ شێوازی زیرەکانە بە کار هێنراوە. لە بەشی کۆتاییدا، ناوەڕۆکی ئەم کارانە بە وردەکاری زۆرەوە شی دەکرێنەوە و تێدەکۆشین ئەو بابەتانە زەق بکەینەوە کە ئەم کارانە پێکەوە گرێ دەدەن، بۆ ئەوەی تێبگەین چ ڕێساگەلێک لە ڕاپۆڕت و گێڕانەوەی «کاروبارەکاندا» کاریگەری لە سەر گرووپی ئامانج داناوە.

بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان، پرۆژەکانم بە سەر سێ ناوەڕۆکی

سەرەکیدا دابەش کردووە:

1. ئەوانەی کە بەکارهێنان تاوتوێ دەکەن؛

2. ئەوانەی کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان تاوتوێ دەکەن؛

3. ئەوانەی کە گرنگییان بە ڕەگەز داوە.

لە ڕاستیدا ئەم ناوەڕۆکانە خاڵی هاوبەشی زۆریان پێکەوە هەیە و دەڵێی دزە دەکەنە ناو یەکتر، بەتایبەت لە بارەی پرسی وەکوو پێویستییە سەپێنراوەکانی سەر ڕەفتار و ئازادیی ڕادەربڕینی گەنجان لە لایەن بنەماڵەوە / یان دەوڵەت.

1. کاریگەری کلتووری ئێتنیکی لە سەر بەرخۆرپەروەری

یەکێک لە کچانی گرووپ بڕیاری دا ڕاپۆرتێک لە مەڕ گرنگایەتی زێڕ لە کلتوور و ئابووریی کوردان، بەتایبەت دیارییە ئاڵوگۆڕکراوەکان لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا ئامادە بکات. بە شێوەی نەریتیی، لە کلتووری هەندێ لە ئێتنیکەکان بۆ وێنە کورداندا، نرخی ئافرەت یەکسان بەو ڕێژە زێڕە دادەنرێ کە هەیەتی. لە مەهاباد و شارە هاوشێوەکانیش هەر بنەماڵەیەک لە ڕووی عورفییەوە زێڕنگەرێکی تایبەتیان هەیە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دووکانە زێڕنگەرە ڕێک دەخا و بۆ گۆڕینی پارچە گەوهەر و زێڕەکانی خۆی لەگەڵ مۆدێلی نوێتر و کڕینی بە مەرج و قەرز سەردانی هەمان زێڕنگەر دەکات. بۆ ئافرەتان، بە خۆدا هەڵواسینی زێڕ و گەوهەر لە بۆنە گرنگەکان، بەتایبەت لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا زۆر گرنگە و ئەمە دەوری سەرەکیی ئەم کاڵایە لە ژیان و بایەخی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکاندا پیشان دەدا. بە شێوەی ڕۆژانە، ڕۆژنامەکان نرخی زێڕ لە بازاڕدا چاپ دەکەن و لە ڕاگەیاندنەکاندا باسێکی زۆر سەبارەت بەم پرسە و

بە شێوەی گشتی کاریگەری ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لە سەر سەقامگیری ئابووری و هەڵاوسان، بۆ وێنە گەمارۆی پێشنیارکراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەپاندن بە سەر ئێراندا، دێتە ئاراوە. لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە، کاتێک ئێواران کچان و ژنان، بۆ ئاخاوتن و یەکتردواندنی ئاسایی، لە ماڵ دێنە دەرەوە، هەمیشە بۆ دیتن بە بێ ئەوەی ویستی کڕینیان هەبێت، لە بەر دووکانی زێڕنگەرییەکاندا دەوەستن و لە ئاخافتن و قسە کردنەکانیاندا زۆر باسی زێڕ و گەوهەر دەکەن و لە نرخی ڕۆژی زێڕ بە ئاگان.




وێنەی ژمارە 1: گۆڕانەکانی نرخی ڕۆژانەی زێڕ کە لە ڕۆژنامەدا هاتووە و لە لایەن یەکێک لە وێنەگرەکانەوە تۆمار کراوە.

لە وێنەی ژمارە ١ دایک و کچێک دەبینین کە سەرقاڵی کڕینی زێڕن و لە جامخانەی گەورەی زێڕفرۆشییەک، کاڵا بەرخۆرپەروەرییەکان بە هەموو گەڕاندنەوەکانیان بە ئایدیالی ئافرەتانە و عەشقی شاعیرانە دەبینرێن، وەکو

نموونەیەک کە هاوشێوەی دڵە. ئافرەتە گەنجەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیری شتومەکە پیشاندراوەکان دەکەن کە ئەمە خۆی بایەخی پارچە گەوهەرەکان تۆخ دەکاتەوە. یەکێک لە ئافرەتانی دیمانە لەگەڵ کراو لەم پرۆژەدا گوتوویەتی حەزی لێیە زێڕی هەبێ بۆ ئەوەی جوان دەربکەوێ و بسەلمێنێ کە پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی باشدایە، بەتایبەت لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا وەک ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری، بەڵام ئەوەشی گوتبوو کە زێڕ بۆ ئەو جۆرێک ئاسایش و سەربەخۆیی ئابوورییە.




وێنەی ژمارە 2: ملوانکەیەکی جوانی بووک بە نرخی نزیکەی 570 هەزار تمەن

لە وێنەی دواییدا (وێنەی ژمارە 3) کچێک بە جلی سوورەوە دەبینین کە ڕوخساری لە وێنەکەدا نابینرێ و دەستەکانی بە شێوەی سرنجڕاکێش و دیار لە سەر داوێنی داناوە بۆ ئەوەی ئەنگووستیلە و دەستبەندە زۆرەکانی پیشان بدات. لە لایەکەوە، ژێستی ژیرانە و شۆناسی نائاشکرای ئەم پۆرترە وێنەیەکی

نەریتی لە ڕفتاری ژنانە پیشان دەدا و لە لایەکی تریشەوە، ڕەنگی سوور و گەشی کراسەکەی لێکدژیەکی بەرچاوی لەگەڵ ڕەنگی باوی جلوبەرگی ژنان لە شوێنی گشتیدا هەیە و ئەم بابەتە خاڵێکە کە لە وێنەی مێرمنداڵانی دیکەشدا بەدی دەکرێ و شیاوی ئاماژە پێدانە. لەم کۆمەڵە وێنانە دەتوانین ئەم ئەنجامە دەست بخەین کە زێڕ بەو شێوازەی کە لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا دەوری نەریتیی بنەماڵەیی جێگیر دەکات، لە دابینکردنی ئاستێکی دیاریکراوی سەربەخۆیی بۆ ژنانیش کاریگەری هەیە.



وێنەی ژمارە 3: شۆناسی شاراوەی سووژەی وێنەگریی ڕوانگەی نەریتخوازانە لە بارەی ڕەفتاری ژنانە

ناوەڕۆکی پەیوەندییە نەریتییەکان و ئاستەنگەکانیان لە شێواز و کاڵا بەرخۆرییەکاندا لە وێنەی کچێکی دیکەدا دووبارە بووەتەوە. ئەو بڕیاری دابوو پرۆژە وێنەییەکەی بە ئەنجامدانی چەند دیمانە لەگەڵ دایک و باوکەکان، مامۆستایان و چەند کەسی گەنج لە بارەی ئەوە جلوبەرگانەی کە خەڵک بۆ

لەبەر کـردن هەڵیـدەبژێرن و هۆکارەکانی، جێبـەجێ بکـات. ئـەو هـەروەها، بـە وتـەی خـۆی، تێدەکۆشـا تێبگـات بـۆچی حیجـاب لـە پۆشـاکی ئافرەتانـدا دەوری تـەوەری دەبینێـت. لەم ڕووەوە، پرسـیارەکانی ئیشـی ئـەو، بـە شـێوەی ئاشـکرا ئامـاژە بـە داڕووخـانی شووناسـی نـەریتیی بـە هـۆی دەرکـەوتنی مـۆد و دژ بـە قبووڵکردنی مۆدێلی پۆشاکی «ڕۆژاوایی» و مۆدێڕن دەکرد. ناوبراو کۆمەڵێ وێنەی لەو کەسانە گرتبوو کە جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردییـان لە بەر بـوو و لـە درێژەدا لێیـان دەپرسـێت بـۆچی لـە بـری مـۆدێلی ڕۆژاوایی ئـەم پۆشـاکەیان هـەڵبژاردووە. هـەڵبژاردنی وێنـە دەریـدەخات کـە ڕەنگـە دۆزینـەوەی کەسـانێک کـە جلوبـەرگی کوردییان لە بەر کردبێت بۆی ئەستەم بووە، چوونکە ئەم جلوبەرگە خۆی لە خۆیدا هەڵگری دەربڕینێکی کلتووری یان سیاسییە.



وێنەی ژمارە 4: وێنەیەک لە ئاهەنگی هاوسەرگیری کە هەمووان جلوبەرگی کوردییان لە بەر کردووە و خەریکی هەڵپەڕین و خۆشین.

لـە وێنـەی ژمـارە 4، وێنـەگر وێنـەی لـە ئاهـەنگێکی هاوسـەرگیری گرتـووە و ئاماژەی بەم خاڵە کردووە کە هەر هەموو کەسەکان جلوبەرگی بووکێنیان لە بەر کـردووە – کـە هەڵبـەت ئەمـە زیـاتر ئافرەتـەکان دەگرێتـەوە – و بـە کـوردی هەڵدەپـەڕن و تێکـەڵ بـوونی ژنـان و پیـاوان دەبینـرێ کـە لـە ڕووی کلتـووری کوردەکانـەوە، لـەم چەشـنە بۆنـە ڕەسـەنانەدا ڕێگـە پێـدراوە. لـەم چەشـنە ڕێوڕەسمانەدا، کوڕان و کچانی گەنج دەست لە ناو دەستی یەکتر دەنێن و هیچ سنووردارییەک بۆ حیجاب یان تەنانەت داپۆشینی قژی ژنان، کە لە بارودۆخی ئاسـاییدا دەبـێ داپۆشـرێ، بـوونی نییـە. وەکـوو ئـەو کچـەی کـە زێـڕ و گەوهـەرەکانی پیشـان دەدا (وێنـەی ژمـارە 3). لێرەشـدا جۆرێـک پـاڕادۆکس و لێکـدژیی بنـەڕەتی لـە نێـوان کلتـووری سـەپێنراو لـە لایـەن دەوڵـەت و پۆشـاکی نەریتی و ڕەنگاڵەی ژنانی کورد بەدی دەکەین کە لەم وێنەدا، دنیای هەمەڕەنگ و شادی ژنانی کورد لە چوارچێوەی جلوبەرگی ڕەسەن و هەڵپەڕکێدا دەبینرێت.



وێنەی ژمارە 5: باوکێک لە پاڵ کوڕەکەی کە کوڕ بە هێمای کوردبوونی جلوبەرگی کوردیی لە بەر کردووە.

لە وێنەی ژمارە 5، باوکێک دەبینین کە لە تەنیشت کوڕەکەی دانیشتووە، کوڕەکە جلوبەرگی کوردی لەبەردایە، بەڵام باوکی جلوبەرگی ڕۆژاوایی، پانتۆڵێکی سادە و کراسێکی، لە بەر کردووە. ناوبراو لە دیمانەدا گوتوویەتی کە پێی خۆشە کوڕەکەی «جلوبەرگی کوردی لەبەر بکا بۆ ئەوەی بزانێت کە کوردە». هەواڵنێر، لە یادداشتەکەیدا دەنوسێت: پێم سەیرە دەبینم باوک خۆی پانتۆڵ و کراسی لەبەرە! هەواڵنێر بەم شێوە ئاماژە بە ناکۆکی ناسکی پەیوەندییەکانی نێوان باوک و منداڵەکەی دەکات. سەرەڕای ئەوەی لەم نێوانەدا، ئەم کچە ڕخنە لە نەریتە سەپێنراوەکان دەگرێ، لە وێنەی دواییدا، وێنەیەکی زۆر ئەرێنی

لە کلتووری ڕەسەن و کاریگەریەکانی لە سەر ژیانی گەنجان دەخاتە ڕوو.



وێنەی ژمارە 6: کچێک بە جلوبەرگی مۆدێلی ڕۆژاوایی کە بە ڕای ئەو لەبەر کردنی لە چاو چارشێو و جلوبەرگی کوردیی ئاسوودەترە.

لە وێنەیەکی دیکە (وێنەی ژمارە 6) کچێکی مێرمنداڵ دەبینین کە کراسێکی قۆڵ درێژ و پانتۆڵی جینی لەبەرە و لەچکێکی لە سەرە و لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەدا وتراوە کە ئەم کچە جلوبەرگی مۆدێرنی لە جلوبەرگی کوردی پێ باشترە، چوونکە جلوبەرگی ڕۆژاوایی زۆر ئاسوودەترە. ئەو هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە لە کاتی چوونە کۆڵان و شەقام بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی دەبێ چارشێو لە سەر بکا، لە حاڵێکدا کە لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕۆژاوایی پێویست بە چارشێو ناکات. ناوبراو هەروەها پێی وایە بوونی حیجاب بۆ ئەو چاکە، چوونکە قژی دادپۆشرێ و لە شوێنە گشتییەکاندا «حەیا و ئابرووی دەپارێزێت». لە شرۆڤەی ئەم پرۆژانەدا، نواندنەوەی دووبەرەکی نێوان نەریت و

مۆدێڕنیتە لە مۆدێلی جلوبەرگ لە دوو دیوەوە خۆی دەردەخاتەوە. وەک لە وێنەکەی سەرەوەدا پیشان درا، کچی حیجابدار ئەم پرسە بۆ وێنە گشتییەکەی بە شیاو دەزانێ، بەڵام جلوبەرگی مۆدێڕنی ڕۆژاوایی لە جلوبەرگی خۆجێیی کوردی کە ئەگەری ئەوەی هەیە وەک «لە باو و بڕەو کەوتوو» سەیر بکرێ، بە باشتر دەزانێت. لە لایەکیشەوە کارامەیی جلوبەرگی مۆدێڕن دیارتر دەبێتەوە و ئەمە وەک دەڵێی پەیوەندیی لەگەڵ تێگەیشتنێک لە ئازادیی نادەمارگرژانەی ژنان هەیە کە لەم جلوبەرگەدا بە سیمبۆلیک کراوە، هاوشێوەی ئاسان لەبەرکردنی پانتۆڵی جین و دەرباز بوون لە چارشێو و لە بەر کردنی مەنتۆ. لە هەمان کاتدا، ئێمە وێنەگەلێک لەم ئافرەتانە دەبینین کە کاتێک قژیان داناپۆشن، لە چوارچێوەی وێنەگەلی «بەرەڵایی» ئاماژەیان پێ دەکرێت. بۆ ئەم وێنەگرە گەنجە، جلوبەرگی کوردی وێڕای نائاسوودە بوون و لە مۆدکەوتوویی، پەیوەندیی لەگەڵ وێنەی شاد و نۆستالجیایی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕادەیەک لە ئازادیی هەیە، بەتایبەت دژ بە حیجابی زۆرەملی لە لایەن حکومەتەوە لە پانتایی گشتیتردا.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە چوار کەس لە کچان بڕیاریان دابوو ئیشەکانیان بە چڕبوونەوە لە سەر «کۆمەڵێک کەسایەتی ناودار»ی خۆجێیی مەهاباد ئەنجام بدەن. لەم شارە، دوو ناوەندی هونەریی شوێنی چالاکی پرۆفیشنالی چەند پیاوی گەنجی بەناوبانگ بوون. لەم ناوەندانەدا خولی مۆسیقا و شانۆ بەڕێوە دەچێ و کورتە ڤیدیۆکلیپیان بەرهەم دەهێنا کە هەندێ جار لە کەناڵە سەتەلایتییە بەناوبانگە کوردییەکان و دیکەی شوێنەکان بڵاو دەبێتەوە. لەو ڕووەوەی کە کوردەکانی ئێران کەناڵی سەتەلایتی ئەوتۆیان نییە

(لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە)، ئیشی ئەم گرووپە هونەرییانە زیاتر لە هەرێمی کوردستانی عێراق یان کەناڵەکانی ئەورووپا بڵاو دەبێتەوە. هەندێ لەم کورتە فیلم و ڤیدیۆکلیپانە لە بارەی مێژووی ناوچەی کوردستانی ئێران بەرهەمی شاعیرانی خۆجێیی و گۆرانیبێژە گەنجەکانە کە جار نە جارێ ڤیدیۆکلیپە نوێکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. بەو پێیەی ئەم سلیبریتییە گەنجانەی شاری مەهاباد بۆ خەڵکی خۆجێیی و بەتایبەت کچان ناسراوترن، چوار کەس لە قوتابیانی کچ بڕیاریان دا کە لەگەڵ هونەرمەندان، فیلمسازان و مۆسیقازانەکانی ئەم ناوەندە هونەرییانە، واتا «موکریان» و «سیروان»، دیمانە ئەنجام بدەن. ئەم دوو ناوەندە بۆ بەرهەمهێنانی کلتووری لە ناوچە کوردنشینەکان شوێنی گرنگن و ئەگەرچی ئیشەکانیان بە شێوەی خۆجێیی و لە قەبارەی بچووکتردا بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام بە شێوەی بەربڵاو بڵاودەکرێتەوە و دەبیسترێ و هونەرمەندەکانیان دەوری «قارەمانانی خۆجێیی» دەگێڕن. من خۆم پێم وایە کچان، کە هەستیان دەکرد پرۆژەی ناوەند سیمایەکی فەرمی و «گەورە ساڵ»ی پێ بەخشیون، ئەم پرسەیان گواستەوە بۆ ئەوەی دەستیان بە سلیبریتییە خۆجێییەکان بگا و بەم شێوە، ئێرەیی هاوتەمەنەکانیان ببزوێنن. هەروەها دواتر کە پێشانگامان لە هۆڵی شارەوانی بەڕێوە برد، زۆر بە هۆی ئیشەکەیان هەستیان بە لووتبەرزیی دەکرد و سەبارەت بەوان و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ سلیبریتییەکان زێدەڕۆییان دەکرد. کچان لە پێنج جار دیمانەدا، تەنیا لە سەر هونەرمەندە پیاوەکان بەرنامەڕێژیان کرد و پرسیارگەلی تایبەتییان لە مەڕ ژیان، کار، ڕابواردن و هۆگرییەکانیان پرسیبوو. لە وێنەکانیاندا ئەم بابەتە دیارە کە پیاوانی گەنجی دیمانە لەگەڵکراو، پتر لە هەر

شـتێک، بـە گـوێرەی پێوەرەکانی کەشخەپۆشـی، خۆش‌سـیمایی، مـۆدێلی قـژی بەڕۆژ و هەستی لووتبەرزی بە هۆی پێگەی بەرزیان لە سەر ئاستی کۆمەڵگای مەهاباد بـەدی دەکـرێن. لەگـەڵ تێپـەڕینی کات، ئـەم کچانـە بەهـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم پیـاوە گەنجانە متمانـە بەخۆبوونیـان وەدەسـت هێنـا و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا، «سـووژە»کانیـان بـۆ «خۆنوانـدن» بانگهێشـتی کارگـەکان دەکـرد. هـەر بـەم شـێوە، لـە کـاتی بـەڕێوەچوونی پێشـانگادا، کاتێـک ئـەوانیان بـەرەو هـۆڵ ڕێنـوێنی دەکـرد و کچـانی دیکـە سـەیریان دەکـردن، کەیف‌خۆشـییان بـە هـۆی بوونیان لەگەڵ ئەم کەسانە دیار بوو (بڕوانە وێنەی ژمارە 27، دەقی کوردی).




وێنەی ژمارە 7: کچانی گەنج (لای ڕاست) لەگەڵ سلیبریتییە خۆجێییەکان (لای چەپ) دیمانە دەکەن. ئەم هونەرمەندانە بە جلوبەرگی مۆدێل نوێ و قژ و پرچی بالیوودییەوە دەبینرێن و چوار دیواری ژوورەکە بە وێنەی ئەستێرە بەناوبانگەکان ڕازێنراوەتەوە.

لـە وێنـەی ژمـارە 7: کۆمـەڵێ لـەم کەسـە بەناوبانگانـە دەبیـنن کـە دیمانـەیان

لەگەڵ دەکرێت. ئەم پرسە کە کچان ئەم هەلەیان بۆ نواندن و پیشاندانی ئیشەکانیان بە کار دەهێنا لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەوان لە بری ئەوەی خۆیان وێنە بگرن، داوایان لە کەسێکی دیکە دەکرد کە وێنە بگرێ و ئەوان بەرامبەر بە «سووژە»کانیان پیشان بدا (کچان لە لای ڕاستی وێنە دەبینرێن، کە دانیشتوون و خەریکی ستایش و پێداهەڵگووتنن). مۆدێلی قژ و جلوبەرگی ئەم سلیبریتییانە زۆر هاوشێوەی ئەکتەرانی بالیوودی بوو کە لە ناو مێرمنداڵانی ئێرانیدا زۆر لایەنگریان هەیە. لە وێنەکەدا دەبینین کە دیوار بە پۆستەری ئەستێرەکانی سینەما و گرووپە مۆسیقاییە ئێرانییەکان داپۆشرا بوو کە زیاتر فارس زمانن. بینینی وێنەی ئەستێرەکانی کورد زۆر باو نییە، چوونکە بە هۆی سینەمای تازە دەست بە کاربووی کوردی، لەم بوارەدا کەسایەتی ناسراوی سینەمایی نییە. سەرەڕای ئەمە، لە فرۆشگا مۆسیقاییەکانی سەر ئاستی شار، وێنەی مۆسیقازانە کوردییەکان دەبینرا کە هەڵبەت زۆریان هونەرمەندانی بەتەمەنن کە زیاتر کەسانی نێوانساڵ لایەنگریانن تا گەنجان. بەرهەم و وێنە کولتووریەکانی «باوی ڕۆژبوون» یان «مۆدە» کە کاریگەری لەسەریان هەیە، هەموویان لە لایەن کولتووری زاڵی فارسەوە هەناردە دەکرێت، لەوانە فیلمی سینەمایی و ئەستێرەکانی تەلەڤیزیۆن و مۆسیقاژەنەکان. لە ناوچە کوردنشینەکان، تەنیا کەسانی بەتەمەنتر کە جۆرێک نیازی خەباتکارانەیان لە هەڵبژاردنی هونەرمەندانی کورد بەرامبەر بە فارس هەیە، زۆر ستایشی کلتووری زاڵ و جەماوەرپەسندی فارس ناکەن. ئەکتەرانی فارسی وەکوو هەدییە تارانی، لە ناو کچاندا لایەنگرێکی زۆری هەیە و لە زۆربەی دووکانەکان، وێنەکانیان، لەگەڵ ئەستێرە ژنەکاندا و پیاوی هیندی و تورکی، لە پاڵ ئەرشیڤی

کچانە دەبینرا. فیلمی هۆلیوودی «تایتانیک»یش بە پۆستەرەکانی، لە دووکان و ماڵان و تەنانەت ئۆتۆمبێلەکان، توخمێکی دووپاتەیی و دڵخوازی دیکەیە لە کلتووری بەرخۆرپەرەریی گەنجان و ئایدیاکانی پەیوەست بە کەسانی بەناوبانگ.




وێنەی ژمارە 8: پرۆژەیەکی دی سەبارەت بە سلیبریتییە خۆجێییەکان کە هەواڵنێر سپاس و دەستخۆشی خۆی ئاراستەی هاوکاری ئەم هونەرمەندانە کردووە.

وێنــەی ژمــارە 8 دوو پیــاو لــە ناوەنــدی «ســیروان» پیشــان دەدا کــە لــە ســەرکەوتووترین ژەنیارەکانی مـەهابادن و بـە شـێوەی بـەرچاو لـە نـاو کچانـدا ڕێزێکی تایبـەتیان هەیە. ژێسـت و زمانی جەسـتەیان لـە وێنەکـەدا گوزارشـتە لـە دڵنیـایی و متمانـە بەخۆبـوونی ئـەوان کـە ڕاسـتەوخۆ سـەیری کامێرا دەکـەن و ئامێرە مۆسیقاییەکانیان وەک هێمای بایەخ و پێگەیان بە دەستیانەوە گرتووە. کچـان ئـەم پۆرترانـەیان لەگـەڵ کورتـە دیمانـە بـە شـێوازی «بایۆمەتری» خسـتە ڕوو کـە تێیانـدا نـاو، پیشـە، و کورتـە پرسـیارەکانی سـەبارەت بـە بنەماڵـە، کار، هونەر و ئەم چەشـنە بابەتانەیان پرسی بوو. ڕەنگە دیمانەکان و بە گشـتی کۆی پرۆژەکە بە جۆرێک پەیوەندیی بە چەمکی «سلیبریتی»ەوە هەبێت کە بە قـووڵی لە ژێر کاریگەری گۆڤارە چاپکراوەکانی مێرمنداڵانە لە وڵاتی ئێراندا کە ئەمانەش هاوشێوەی مۆدێلی ڕۆژاوایی گۆڤارەکانی کچانن بە چڕبوونەوە لـە سـەر کلتووری جەماوەرپەسـندی فارسـی. شـێوازی دیمانـەکان هاوشـێوەی نموونـەی دیمانـە «پێـنج خوولەکییـەکان»ی گۆڤـارە سـەرگەرمییەکانە و ئـەو وێنانـەی کـە لـەم کەسانەیان دەگرت وەبیرهێنەرەوەی سەرچەشنی پۆستەرەکانی فیلم و کەسانی بەناوبانگن کە ڕازێنەرەوەی تابلۆی ڕیکلامی گشتی و دیواری ژووری ماڵانن.



وێنەی ژمارە 9: تەکنیکی «دیمانەی پێنج خوولەکی» کە لە لێدوان لەگەڵ سیلبریتییە خۆجێییەکان بە کار هێنرا.

بۆ نموونە وێنەی ژمارە 9 کۆمەڵێک لە کوڕان لە پارکێک لە ناوەندی

مەهاباد پیشان دەدا کە دیمانە لەوێ ئەنجام دراوە. کوڕانی ناو دیمەنەکە ئەکتەرانی تەنیا گرووپی شانۆی مەهابادن. ئەوان زیاتر لە ڕێورەسمە فەرمییەکانی وەکوو حەوتەی هونەری ئێران و ڕێورەسمی ئاینی وەکوو جەژنی قوربان و غەدیری خوم و ڕەمەزان و حەوتەی وەحدەت نمایش بەڕێوە دەبەن. وێنەکە کە نافەرمییە و کەمتر حاڵەتی پۆرترەی هەیە گرووپێک پیشان دەدا کە نافەرمی لە سەر چیمەنەکە دانیشتوون و بۆ نمایشدانی «دۆستایەتییەکی بێخەوش» ژێستیان گرتووە و یەکتر دەدوێنن، دیمەنێک کە دەتوانێ تیتراژی دەستپێکی شانۆیەکی کۆمێدی تەلەڤیزیۆنی بێت. کوڕەکان لە دیمانەکەدا دەڵێن کە لە ژیانیان ڕازین و گەنجانیتر، بەتایبەت کچان، زۆر سەرنجیان پێ دەدەن. یەکێک لە کوڕەکان دەڵێ: «ئەوەندە زۆرن کە دەتوانم بۆ خۆمیان دەستنیشان بکەم و هەڵیبگرم!» لە شرۆڤەی ئەم لێکۆڵینەوەش – وەک لە بارەی پێشانگای هۆڵی شارەوانی باسی کرا – دەبێ بڵێین کە سروشتی ستایشی سلیبریتییەکان کەمێک ڕووخێنەرە و بیانوویەکی ناسکە بۆ ڕووداری و خۆنواندن. لە هەمان کاتدا، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی ژێر وێنەکە، لە ڕوانگەی ئەنجامدەرانی دیمانەکەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم کەسانە وەک سلیبریتی خۆجێیی و پێگەیان وەک پیاوانی ئایدیال، ئازادیی هەڵبژاردنی لە نێوان دەرفەتەکاندا بۆیان دەستەبەر دەکات. لە ڕوونکردنەوەی ژێر وێنەکەدا، کە لە لایەن دیمانەکارانی کچەوە نووسراوە، ئەمە هاتووە: «بریا ئێمەش وەک ئەوان کوڕ بواین بۆ ئەوەی بمانتوانیبا بارتەقای ئەوان چێژ لە ژیانمان ببینین!»

**1. خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان**

لە پرۆژەی دواییدا، یەکێک لە کچان بڕیاری دابوو کە لە سەر دۆخی خراپی سواڵکەرەکانی سەر شەقام ئیش بکات و بارودۆخیان لە وڵاتدا بخاتە بەر باس. مەهابادیش هاوشێوەی دیکەی شارەکانی وڵاتی ئێران گیرۆدەی کێشەی ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشان و بوونی بەرچاوی سواڵکەرانی سەرشەقامە و ئەم کێشە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کۆچی ئەمدواییانەی گوندی – شاری دەگەڕێتەوە. ئەم کەسانە لە هەموو شەقامەکاندا بوونیان هەیە. هەندێ شوێن بۆ مانەوەی خۆیان ڕەچاو دەکەن کە زۆر جار دەوروبەری ناوەندەکانی شار و بە شێوەی دیاریکراو پێش مزگەوتەکان لە کاتی نوێژدایە بۆ ئەوەی داوای پارە لە نوێژخوێنان بکەن. وەک کاردانەوە بەرامبەر بەم دیاردە ڕوو لە هەڵکشانە، دەزگا چاپەمەنی و تەلەڤیزیۆنییەکانی وڵاتی ئێران سەرنجی خۆیان لە سەر سواڵکەرانی سەر شەقام لە کۆمەڵگادا چڕ کردۆتەوە. باوەڕی گشتی لەم بەڵگەفیلمانەدا، کە هەندێ جار داکۆکی و هاوڕایی خەڵکی هەیە، ئەوەیە کە سواڵکەران کۆمەڵێ موزاحیمن کە نابێ باوەڕیان پێ بکرێ و لە ڕاستیدا هەندێ جار لە ڕووی ماڵییەوە لە بارودۆخێکی باشدان. لە هەندێ حاڵەتدا ڕاپۆڕتە میدیاییەکان باس لە دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵێ سواڵکەر دەکەن کە پاش مەرگیان سامان و داراییان ئاشکرا بووە. لێکدانەوەی باو ئەوەیە کە نابێ متمانە بە سواڵکەرەکانی سەرشەقام بکرێت، چوونکە ئەوان کەسانێکی تەوەزەل و دەوڵەمەندن کە زۆر جار کەمئەندامبوونیان بۆ مەبەستی خراپ بە کار دەهێنن. تەنانەت چەند ئەکتەری کۆمێدیش لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ئەفسانە جەماوەرپەسندانەیان هێنایە ناو بەرنامەکانیان. بەڵام بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگاش بۆ دۆخی ئەم

سـوالْکەرانە، بەتایبـەت ئافرەتـان و بەسـاڵاچووان، هاوخـەمی دەردەبـڕن. کومیتـەی ئیمـدادی ئیمام خومـەینی، کـە بـە ئامانجی خسـتنە ژێر باڵی بیـوەژن و بەسـاڵاچووانی بێ داهـات دامـەزراوە، ڕێژەیـەکی کـەمی خـۆراک و پارەی نـەخت دەدا بەم کەسانە. ئەم پڕۆژە وێنەگریە بێگومان لە باسە گشتییەکانەوە ئیلهامی گرتووە کە نەک تەنیا لە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵکوو لە کلتـووری گشـتی و تێگەیشـتنی گشـتگیرتر سـەبارەت بە ڕاگرتنی شـوێنە گشـتی و شەقامەکان جێگای خۆیان کردووەتەوە.

بەشـداربوویەکی گەنج کە لـە سـەر ئەم بەشـە ئیشی دەکرد، چەند لێدوانی لەگـەڵ پـۆلیس، کاربەدەسـتانی کۆمیتـەی ئیمـداد، کارمەنـدانی دابینکردنـی کۆمەڵایەتی و کەسانی کۆمەڵگا ڕێک خستبوو. بەم حاڵەوە، بڕیاری دا لە باتی دانانی وێنەی دیمانەکان، لە سیمای ئاشکرای ئەم دیاردە لە سـەر شـەقامەکانی مەهاباد وێنە بگرێت.




وێنەی ژمارە 10: ژن و مێردێکی نابینای سواڵکەر کە بەرامبەریان (لای چەپی وێنەکە) سندووقی شینی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی دانراوە. لە ژێرنووسی وێنەکەدا هاتووە: «ئەگەر خەڵک بە بێ نێوانگیرێک یارمەتیی سواڵکەرەکان دەدەن، بوونی ئەم سندووقانە چ کەڵکێکی هەیە؟»

لە وێنەی ژمارە 10، ژن و مێردێکی نابینا بەدی دەکەین کە پێکەوە لە یەکێک لە شارێکانی قەرەباڵغی مەهاباد ئیش دەکەن. ئەوان لە لای بانکێک جێگیر بوون. بەرامبەریان (لە لای چەپی وێنەکە) سندووقی شینی کومیتەی ئیمداد هەیە کە داوا لە خەڵک دەکا کە هاوکارییەکانیان بخەنە ناو ئەم

سندووقە. وێنەگری هەواڵنێری گەنج ئەم باسە دێنێتە پێشەوە کە ڕێبواران باوەڕیان بەم دامەزراوە خێرخوازییە نییە، چوونکە پێیان وایە خێر و سەدەقەکانیان خەرجی کەسانی هەژار ناکرێ و دەچێتە گیرفانی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی لە کاروباری دیکە، یان لە وڵاتانی بیانیدا خەرج بکرێت. ناوبراو لە لێدوانێکیدا لە ئەندامانی پۆلیسی پرسیبوو کە بۆچی بە گوێرەی یاسا، بە کۆکردنەوەی ئەم کەسانە لە سەر شەقامەکان دژ بەم «کێشانە» ناوەستنەوە. پێدەچێت ئەو بە ڕەخنەیەکی تەشەراوییەوە وابگەیێنێت کە دەوڵەت لە پێڕاگەیشتن بەم بابەتە هەوڵی پێویست ئەنجام نادات و بە هۆیەوە شایەتحاڵی شانۆی هەژارین لە پانتایی گشتیدا، بابەتێک کە پەسندکراوی شارۆمەندانی چینی مامناوەند نییە. لە هەمان کاتدا، شرۆڤە دەکات کە سەدەقەبەخشەکان بڕوا بە سواڵکەرەکان ناکەن و بە پێچەوانەی ئەم پرسە، شارۆمەندان بە هەڵبژاردەی خۆیان وایان پێ باشترە یارمەتی سواڵکەرەکان بدەن نەک سیستەمی دەوڵەتی.




وێنەی ژمارە 11: ئافرەتێکی سواڵکەر کە بە تەمەنی زۆرەوە ناتوانێ پێویستی خۆی دابین بکات و ناچارە سواڵ بکات.

لە وێنەی ژمارە 11، پیرەژنێک دەبینین کە ڕاستەوخۆ لە کامێرا دەڕوانێ و جلوبەرگێکی شڕ و کۆنەی لە بەردایە. ڕوانینی ئەو بۆ کامێرا و سیما

بێهەستەکەی دەڵێی بە مەبەستی ڕاکێشانی هاوسۆزی ڕێبوارانی سەر ڕێگایە. لە سەر پیاسەڕێ لە بەردەمی خۆیدا، پەڕۆیەکی ڕاخستووە کە لە سەری کۆمەڵێ پارەی کۆکراوەی لە سەر داناوە، چەند سکە و دراو. لە ژێرنووسەکەدا کە لە لایەن قوتابییەکی گەنجەوە نووسراوە هاتووە: «ئافرەتێک کە لەم وێنەدا بەدی دەکرێ بەم تەمەنەوە خەریکی سواڵکەرییە و ئەمە خاڵێکی ڕوونە کە ئافرەتێک ئەویش بەم تەمەنەوە ناتوانێ بۆ دەستخستنی داهات و دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانی دەست بداتە کارێک. سەرەڕای ئەمە، ئەم کەسە بۆ دابینکردنی پێویستییە مادییەکانی دەبێ دەست بەرەو لای پیاو و ناپیاو درێژ بکاتەوە.» ئەوەی لەم وێنەدا دەبینرێ، ڕاستەوخۆ و تا ڕادەیەک نارەزایەتییانە، هەستی هاوخەمی نواندن بۆ ئەم ژنەیە، وێڕای دیکەی سواڵکەران کە بە بۆچوونی ئەنجامدەری پرۆژە، کە لە وەها هەلومەرجێکی دژوار و تەژی لە سووکایەتیدا دێنە سەر شەقام. لە سۆنگەی کلتوورییەوە، ئافرەتێک کە لە وەها حاڵەتێکی داماوانە و هەژارانەدا لە شوێنی گشتیدا دەردەکەوێ، سەری بۆ هەموو سووکایەتییەکان نەوی کردووە. وێنەگری گەنجیش، بە پێچەوانەی متمانە نەکردن بە سواڵکەرەکانی دیکە و دەوڵەت و دامەزراوە خێرخوازییەکان، بۆ ئەم پرسە کە «ژنێک» بە هۆی تەمەن و ڕەگەزییەوە ناتوانێ ئیش بکا، هەندێ هۆکار دێنێتەوە و ئاماژە بەو باوەڕانە دەکا کە ئەم دەرهاویشتانەیان لێ کەوتۆتەوە.



وێنەی ژمارە 12: وەرگرانی یارمەتی کە لە ناوەندی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی سەرەیان گرتووە.

لە وێنەی ژمارە 12، سەرەی دوور و درێژی ئافرەتان و پیاوانێک بەدی دەکەین کە لە پێش ناوەندی کومیتەی ئیمدادی ئیمام خومەینی گیراوە. بە شێوەی ئاسایی، زۆر کەس لەم دامەزراوەدا ئامادە دەبن کە زۆربەیان ژنان یان کەسانی بەساڵاچوون کە دەبێ لە لایەن کومیتە، لە ژێر ناوی بەساڵاچوو یان بێکار و هەژار و پەککەوتە تۆمار بکرێن. توێژەری مێرمندال لە ڕاپۆرتی

هاوپێچکراوی وێنەکانیدا دەنووسێت: زۆرێک لە سواڵکەرەکان هەمان کەسانی تۆمارکراوی بەهرەمەند لە خزمەتگوزارییە خێرخوازییەکانن کە بە گۆڕینی جلوبەرگیان لە سەرەدا ئامادە دەبن بۆ ئەوەی مووچەکەیان وەرگرن. لەم وێنەدا، وەرگرانی خێرات زۆر نەناسراوتر و پیرتر لە سواڵکەرانی سەرشەقام دەبینرێن. بە بۆچوونی هەواڵنێر، زۆرێک لەم سواڵکەرە سەر شەقامییانە بە هۆی ئەوەی لە درێژەی ساڵدا لە سەر شۆستەکان شوێنێکی نەگۆڕیان هەیە، بۆ هەمووان ناسراون. ئەم جێبەجێکارە پێی وایە دەوڵەت ئاوڕی لەم پرسە نەداوەتەوە و ئەم کەسانە بوونەتە بەشێک لە دیمەنی ناوەندی شاری مەهاباد. بە یەکخستنی ئەم وێنانە، وا دەردەکەوێت کە پەیامی سەرەکی سەبارەت بەم کێشە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتە و هەروەها لە بەشێکی «چەواشە» و لەبنەڕەتدا دوور لە متمانەی کۆمەڵگا ڕوونوێنی دەکرێت. لەم وێنانەدا، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە هەندێ دیوەوە بە شێوەی خەمخۆرانە هەڵسووکەوت لەگەڵ سواڵکەرەکان دەکرێ، بە هەمان ڕادەش وەک کەسانێکی گومانلاوی وێنا دەکرێن، هەروەها کە دەتوانین ڕەخنە لەم پرسە بگرین کە لە لایەن بەرپرسانی پەیوەندیدارەوە، هەوڵی پێویست بۆ ئیدارەدانی ئەم کێشە ئەنجام نەدراوە. لە ڕاستیدا ئەم پرسە هێمایەکە لە نەخۆشیی گشتیی گەشەی لاواز و سەرچاوەی زۆرکەم لە ناوچەی مەهاباد، شوێنێک کە بە مەودایەکی دوورودرێژ لە ناوەندی دەسەڵات و ئیمتیازەکانی تاران بە دوورە و بابەتی هەمیشەیی ناوەند – پەراوێز دووبارە دەخاتەوە ڕوو.

یەکێک لەو دەگمەن کوڕانەی کە بەردەوام لە پۆلەکان ئامادە دەبوو، پرۆژەی وێنەگریەکەی سەبارەت بە بارودۆخی پارک و قوتابخانە خۆجێییەکانی

مەهاباد ئەنجام دا و تێیدا بە هۆی کەمتەرخەمی لە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی شوێنە گشتییەکاندا، ڕەخنەکانی ئاراستەی بەرپرسانی خۆجێیی کرد. ناوبراو هەروەها ئەم پرسیارەی خستۆتە ڕوو کە گوژمەیەک کە دەبێ تەرخانی نوێژەنکردنەوە و پاراستنی پارکەکان بکرێ، لە کوێ خەرج دەکرێت.

هاوشێوەی مێرمندالانی سەرتاسەری دنیا، لە لایەن ئەو مێرمنداڵە مەهابادیانەی کە ئیشم لەگەڵ دەکردن، جۆرێک هەستی بێمتمانەیی بە شارەوانی و بەرپرسانی دەوڵەتی بەدی دەکرا و ئەم ڕوانگە، بەتایبەت لە پرۆژەی وێنەگرتن لە پارکەکاندا، ڕەنگی دابووەوە. زۆربەیان لەو باوەڕەدا بوون کە بەرپرسان کارێکی ئەوتۆ ناکەن و تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە کە بوودجەی گشتی لە لایەن ئەوانەوە دەدزرێت. ئەم بابەتە لە هەڤپەیڤینەکانم لەگەڵ گەنجان و مێرمنداڵاندا بەرچاو بوو، بە چەشنێک کە یەکێک لە کوڕەکان پێی گوتم: «لەوێ پارە هەیە، ڕەنگە زۆر نەبێ، بەڵام پارەیەک کە لەوێ هەیە هەڵیدەگرن و لە شوێنێکی دیکە خەرجی دەکەن یان بە تەواوەتی هەڵیدەگرن بۆ خۆیان.» بەم وەسفانە، ئایدیای گشتیی گەندەڵی لە سەرتاسەری کۆمەڵگای ئێراندا باوە و یەکێک لە بابەتە گەرمەکانە بۆ قسە و باسی ڕاشکاو لە شوێنە گشتییەکان و هەروەها ماڵاندا. لە ماڵاندا، قسە کردن سەبارەت بەم بابەتە، بوارێکی «پیاوانە» دێتە هەژمار و زۆرجار لە کاتی میوانداری کردندا، چاوەڕوانیی ئەوە لە کوڕانی مێرمنداڵ دەکرێ کە چا بۆ میوانانی پیاو بێنن و لە دانیشتنەکەدا ئامادە بن و بەم شێوە، گوێی کوڕان لە تەمەنی کەمەوە لەگەڵ بابەتە پەیوەندیدارەکان بە کۆبوونەوەی پیاوانە، ئاشنا دەبێت. کەواتە ئەوەی کە کوڕێکی مێرمنداڵ ئیشی وێنەگری و ڕەخنەکەی لە

سـەر وەهـا ناوەڕۆکێـک چـڕ دەکاتـەوە، پیشـاندەری ئەوەیـە کـە بـە نیـازە خـۆی لـە دنیایەکی گشتی پیاوانەدا جێگیر بکات.




وێنەی ژمارە 13: منداڵانێک دەبینن کە لە کۆڵان یاری تۆپێن دەکەن، بەڵام حەزیان دەکرد لە شوێنێکی باشتر یاری بکەن.

وێنــەی ژمـارە 13 گرووپێـک لــە منــداڵان پیشــان دەدا کــە لــە نێــو کــۆڵانی گەەکێکی نیشـتەجێبوون یـاری دەکەن. بـە ڕای وێنـەگر، چوونکـە لـە شـاردا گـۆڕەپـانی شـیاوی یـاری بـۆ منـداڵان نییـە، سـەرەڕای هـەموو مەترسـییەکان،

منداڵان بێجگە لە یاریکردن لە کۆڵاندا دەرەتانێکی دیکەیان نییە. وێنەگرەکە زیادی دەکات کە بۆ نموونە مانگی ڕابردوو، کاتێک کوڕێکی تەمەن 12 ساڵان لە دەرەوەی ماڵ یاری تۆپێنی دەکرد، بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمبیلێک گیانی لە دەستدا و بە ئاماژەدان بە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی حکوومی بە ناوی جونگی جەوان (ئەڵبوومی گەنجان)– بەرنامەیەکی ڕۆاژنەی پەیوەست بەو کاروبارانەی کە گرووپی ئامانجی مێرمنداڵانن- درێژە دەدا کە لە شار و ناوەندەشاریە گەورەکاندا، هەر ناوچەیەک گۆڕەپانی یاریکردنی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەرچی بەرنامەی "جونگی جەوان" ژیانی منداڵانی چینی مامناوەندی گەڕەکەکانی باکووری تاران بەهرەمەند لە گۆڕەپانی یاری چیمەنکراو و بەشە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان پیشان دەدات، بەڵام منداڵانی مەهاباد وێڕای هەبوونی خەونی ئەم ستایڵە ژیانە، ئەوە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی خۆیان ناتەبا دەبینن. یاری تۆپێن بەشێکی گرنگی کلتووری گەنجان و مێرمنداڵانی مەهابادە. هەڵبەت زۆرینەی ئێرانییەکان بە وردبینییەوە بە دواداچوون بۆ تۆپێ‌پێ دەکەن، تا ئەو ڕادەیە کە، کاتێ من خەریکی لێکۆڵینەوەی مەیدانی بووم، بە هۆی دەستپێکردنی مۆندیالی جیهانییەوە، بەرنامەی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکانی وڵات چوار هەفتە گۆڕانیان بە سەردا هات. زۆربەی کوڕان لە پێش دەرگای ماڵەکانیاندا یاری تۆپێ‌پێ دەکەن و دایک و باوکەکانیان پێیان باشترە هەتا ئەو جێگایەی دەکرێت، ئەوان لە ماڵ نزیک بن بۆ ئەوەی هەم لە تەندروستییان دڵنیا بن و هەمیش بۆ کڕینی پێداویستییەکان و نان لە نانەواخانە بە ئاسانی لەبەر دەست بن. ئەم وێنە گرووپێک لە کوڕان بە تەمەنی جیاوازەوە پیشان دەدا کە لە کۆڵان خەریکی لێدانی تۆپن بۆ یەکدی.

شوێنەکە تەنگەبەر و خۆڵاوییە و تەماشاوانان لە سەر پارچە کۆنکرێتی شکاو دانیشتوون. پێدەچێت بەراوردێکی شاراوە لە نێوان شێوازی ژیانی ئەو گەنجانەی کە تەلەڤیزیۆنی حکوومی ئێران پیشانی دەدا و تێیدا سەروەت و سامان نمایش دەکرێت و دیمەنی ژیانی فەوتاو و تا ڕادەیەک بێبەش و فەزای گشتیی وێناکراودا هەبێت.



وێنەی ژمارە 14: پارکێکی یاریی خۆجێیی لە شاری مەهاباد

ئەم بابەتە وێنەکانی دواتریش دەگرێتەوە. وێنەی ژمارە 14 پارکێکی خۆجێیی

لە مەهاباد پیشان دەدا و وێنەگر بە زمانێکی تووڕەوە دەنووسێ: «هەموو ئەو پارە و بوودجەی کە شارەوانی بۆ پاراستنی پارک و گۆڕەپانی یارییەکان وەریدەگرێ، بۆ کوێ دەچێت؟ بۆچی دەوڵەت هیچ ئاوڕێک لە ژیانی منداڵان ناداتەوە؟ ئایا دەکرێت بەمە بڵێی گۆڕەپانی یاری؟» وێنەکە پارکێکی یاری چۆڵ پیشان دەدا، بە زەوییەکی قوڕاوی، کەرەسەی یاری شکاو و کەڵەکە بوونی دار و پەردوو و کەرەستەی بیناسازی لە دەوروبەرەکەی. لە ژێرنووسی وێنەکەدا هاتووە کە جۆلانێی شکاو و کەرەسەی یاری بۆ منداڵان زۆر مەترسیدارن و ئاماژە بە پێکدادانێک دەکەن کە لە شاری یاریی مەهاباد ڕووی داوە و تێیدا چەرخوفەلەکێکی گەورە کەوتۆتە خوارەوە و بووەتە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان منداڵ و دایک و باوکیان. ئەم شاری یارییە ساڵی 1382ی هەتاوی داخرا. وێنەگری دیمەنەکە وەها پرسیارێکی گەلاڵە کردووە: «بۆچی دەبێ ئەمە ڕوو بدات و ئایا شارەوانی نابێ سەرنجێکی زیاتر بخاتە سەر چاککردنەوەی دۆخی پارک و گۆڕەپانی یارییەکان؟»




وێنەی ژمارە 15: پارکێکی یاری لە ورمێ

وێنەی ژمارە 15 لە شاری ورمێ، شاری دەراوسێ و ناوەندی پارێزگا، گیراوە، کاتێک کە وێنەگر لە سەفەرێکی یەک ڕۆژە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا چووە بۆ ئەوێ. لەم وێنەدا، فەزاکانی یاریی مەهاباد لەگەڵ کەرەستە نوێ، درەوشاوە و خاوێنەکانی ورمێدا بەراورد کراوە، چیمەنەکەی تازە کێڵدراوە و جۆلانێ و دیکەی کەرەسەکانی بەم نزیکانە ڕەنگ کراون. وێدەچێت زەوی و کەرەسەی یاری، سەرەڕای سادەیی و ئاسایی بوونیان، تازە بن و بە باشی پارێزرابێتن. کوڕە پەیامنێرەکە ئەم ژێرنووسەی بۆ وێنەکە نووسیوە: «بۆ نابێ پارکەکانی شاری ئێمەش هاوشێوەی ئەمە جوان و پارێزراو بن؟» هەروەها لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەدا هاتووە: «بەرپرسانی شار بیریان لای ئیشەکەیان نییە

و دەوڵەت بۆ شاری ورمێ پارەیەکی زێدەتر سەرف دەکا، چوونکە ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوایە.» ئەمە دەتوانێ تەوسێک بێ لە پێکهاتەی ئێتنیکی شاری ورمێ کە زۆرینەیان تورک زمان و شیعە مەزهەبن.

تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران زیاتر خەریکی بڵاوکردنەوەی مۆسیقای ڕەسەن و نیوە مۆدێڕنی ڕێگەپێدراوە و لە ڤیدیۆکلیپەکانیدا وێنەی سرووشت و تاڤگەی سەوز و هەروەها ژیانی شاریی نێو شەقامەکانی تاران پیشان دەدرێ کە خەڵک لە پارکەکاندا بۆ سەیران و ڕابواردن کۆبوونەتەوە یان منداڵان لە شاری یاری خەریکی یاری کردنن. ئەم وێنانە لەگەڵ ژیانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی ئێران جیاوازە و وەها نمایشکردنێک لە وڵات و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ناوچە ئیمکانیاتدارەکانی وەکوو پێتەخت و شارە گەورەکان ئەوە دەگەیێنێ کە گەنجان لە وێنەکاندا ڕاستییەکانی ژیانی خۆیان بەدی ناکەن، بەڵکوو مۆدێلێک لە ڕاستییەکان دەخرێتە ڕوو کە هەست دەکەن لێی بێبەشن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە هەمان ئیمکانیات بۆ ئەوانیش دابین بکرێت.

## 2. جیاوازییە ڕەگەزییەکان

یەکێک لە کچان پرۆژەکەی لە سەر کچانی مێرمنداڵی دیکە و بە تیشک خستنە سەر ئەم پرسە ئەنجام دا کە ڕاوبۆچوونی کچان سەبارەت بە کوڕان چییە. ناوبراو لە پێشەکی ئەم پرۆژەدا نووسیویەتی: «مەبەستی من لە ئەنجامدانی ئەم پرۆژە ڕاپۆرتە هەواڵییە ئەوەیە کە بڵێم کوڕان و کچان نابێ پێکەوە لە پەیوەندیدا بن. ئەگەر بە ڕاستی پێیان خۆشە، کێشە نییە بەڵام ئەگەر بە نیاز نین کە ئابڕووی خۆیان و بنەماڵەکەیان ببەن، نابێ ئەم کارە بکەن. من نازانم

بۆچی کچ یان کوڕێک کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندا گەورە بووە وەها کارێک دەکات. ئایا تەنیا بۆ خۆشییە؟ یان بۆ چێژە؟ بۆچی ڕاسپاردەکانی قوتابخانەیان ئەنجام نادەن و ڕێز لە بنەماڵەکانیان ناگرن؟ لە دایک و باوکیان ناترسن؟ من باش دەزانم کە ناترسن. دەی باشە، لانیکەم لە خوا بترسن، هەمووی ئەم کارانە گوناحن. داواتان لێ دەکەم بیر لە وتەکانم بکەنەوە. ئەگەر قازانجتان کرد، زۆر باشە، ئەگەر نا .... .»



وێنەی ژمارە 16: وێنەی کچێک پاش «تراژێدیا»ی کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ دۆستە کوڕەکەی، کە لە لایەن کچانی هاوڕێیەوە دڵنەوایی دەدرێت.

سەرەڕای ئەوەی ئەم وتە و نووسراوانە تا ڕادەیەک توندڕەوانەن و ڕەنگە بتوانین وەک نوێنەری شێوازی تێڕامانی کۆنەپارێز و نەریتخوازانەی کۆمەڵگای شاری لێی بڕوانین کە لە مۆدێڕنیزم بە دوورە، بەڵام پەیامنێرە مێرمنداڵەکە لە ئیشەکەیدا سەلیقەیەکی شانۆیی ناوازەی پیشان داوە کە لە ژێر کاریگەری بنەما کلتوورییە جەماوەرپەسەندەکانی تەلەڤیزیۆندایە. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ مژارەکەدا داڕشتنی پرسیارە پێوەندیدارەکانە بە لەبەرچاوگرتنی شوێنی سنووردار بۆ وڵامەکانیان. کۆمەڵێ پرسیاری هەمەجۆر داڕێژرابوو کە هەندێکیان بە بە پێی پێوەر و ستانداردە باوە تەواو کەسییەکان داڕێژرابوون، بۆ وێنە: «ئایا هاوڕێی کوڕت هەیە؟ لە کوێ و چۆن چاوپێکەوتنت لە گەڵی کرد؟ ئایا تۆی خۆش دەوێت و بە چ ڕادەیەک؟» دواتر لە ڕاوبۆچوونی کەسەکان سەبارەت بەوەی کە بۆچی «پێویستیان» بە خۆشویستنی کوڕێکە دەپرسێت، هەروەها ئەم پرسیارەی ئاراستە کردبوو کە ئەگەر دایک و باوکیان لەم بابەتە ئاگادار ببنەوە، چی ڕوو دەدات. لە زۆربەی نموونەکاندا ئەم پرسیارەی ئاراستە کردبوو: «بۆچی تێکتان دا؟» و «ئایا دەتانەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی دیکە بکەن و بۆچی؟» پەیامی ژێر دەقەکە لە جۆرە چیرۆکێکی ئەخلاقی دەچێت. ناوبراو هەموو دیمانەکان بە داواکردنی ئامۆژگارییەک بۆ ئەو کچانەی کە تاکوو ئێستا دۆستی کوڕیان نەبووە، کۆتایی پێ هێناوە.

وێنەکان تەنانەت لەوەش سەروتر دەچن و پەیامی ئامۆژگاریانەیان ڕاشکاوانەترە، بە ڕستەیەک بەم ناوەڕۆکەوە «ئەگەر بە بێئابڕوویی هەڵسووکەوت بکەیت، ئەمە چارەنووسێکە کە چاوەڕوانتانە». خاڵی سەرنجڕاکێشی وێنەکانی ئەم پاژە شێوازی ڕازاندنەوەی دیمەن و نواندنی

دراماتیکیانە کە دەستبەجێ نمایشی هەستی ژنانەی لە زنجیرە دراما سادە و ئاستنزمە ناسراوەکانی ئێران وەبیر هێنام کە تێیاندا ژنان بۆ هەر ڕووداوێکی دڵتەزێن بە هەستێکی وروژێنەر و کوڵ و کەسەرێکی زێدەڕۆیانە کاردانەوەیان دەبێت. لەم چەشنە دیمەنانەی بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا، ناچار دیمەنێکی نزیک لە سیمای شێواوی ئەکتەری ئافرەت بەدی دەکەین کە تووشی بشێوی و تێکچوونی سۆزدارانە بووە. لە وێنەی ژمارە 17دا، وەها دیمەنێکی داخراو لە کچێکی گەنج دەبینین کە بووەتە قوربانیی مامەڵەی خراپی کوڕێک و هەنووکە لە سۆنگەی ئەخلاقی و دەروونییەوە کپ و مات و پەرێشانە. لەو ڕووەوە کە دەموچاوی داپۆشراوە، کامێرا لە سەر سەری داشۆڕاوی زوومی کردووە و کۆمەڵێکی زۆر کلێنێکس پەرش‌وبڵاو بە دەوروبەریدا کە فرمێسکە بەردەوامەکانی پێ سڕیوە. لە وێنەی ژمارە ١٧دا، کچێکی دیکە دەبینین کە هاوڕێکانی دڵنەوایی دەدەنەوە. جێگای سرنجە کە پەیامنێرەکە بۆ سووژەی وێنەکانی ئەو کچانەی دەستنیشان کردووە وا جلی ڕەسەنی کوردی یان جلی باڵاپۆشی ڕەشی قوتابخانەیان لە بەرە و ئەم تایبەتمەندییەش ڕەنگە پتر لە هەر شتێکی تر، پیشاندەری سروشتی دیمەنسازیی وێنەکان لە قوتابخانەدا بێت. ئەم وێنانە وێڕای پیشاندانی دیکەی خاڵەکانی پەیوەندیدار بە نۆرم و بەهاکانی نێوان پەیوەندییە ڕەگەزییەکانی کۆمەڵگای ئێران، وێناکردنێکی ناوازە و تەنانەت تا ڕادەیەک گاڵتەجارانە لە ڕوانگەی «پەسندکراو» (شیاو) بەرامبەر بە پەیوەندییە دڵدارییە ڕێگەپێنەدراوەکان و دەرهاویشتەکانی لادان لەم چەشنە ڕوانگانە دەخەنە ڕوو. پەیامی ئامۆژگارییانە و دەرئەنجامی هەر دیمانەیەک، کە لە ڕێگەی وێنەکانەوە زەق دەکرێتەوە، ئەوەیە کە چوونە دەرەوە لەگەڵ

کوڕێک، غەم و خەفەت، شەرمەزاری و تەنیایی لێ دەکەوێتەوە. کۆی پرۆژەکە بە قووڵی لە وێنا شانۆییەکانی پەیوەست بە لەرزۆکی پێگەی ئافرەتان پەیرەوی دەکات، چ ئەو شێوازەی کە لە فۆڕم و بیچمەکانی کلتووری گشتی، وەکوو تەلەڤیزیۆن بەرهەم دێت و چ ئەو شێوازەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکاندا فێر دەکرێت.



وێنەی ژمارە 17: وێنە لە دیمەنێکی داخراوەوە لە کچێکی گەنج کە بووەتە قوربانیی مامەڵەی خراپی کوڕێک و ئەوەی لە سۆنگەی ئەخلاقی و دەروونییەوە کپ و مات و پەرێشانە.

یەکێکی دیکە لە بەشداربووان ئیشەکەی تەرخانی ئەم بابەتە کردبوو کە بۆچی لە چوارچێوەی بنەماڵەدا کچان جیاوازتر لە کوڕان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ ناوبراو بە گرتنی وێنەی زۆر، ئامادەکردنی قەبارەیەکی مەزن لە دەق و ژێرنووس بۆ هەریەک لە وێنانەکان و چاوپێکەوتنی ورد لەگەڵ دایک و باوکەکان، مامۆستایان و کچان و کوڕان، کارێکی وێنەگریی هەوالّی هەمەگیری ئەنجام دا.

ناوبراو لە پێشەکیی پرۆژەکەیدا وەهای نووسیوە: «ئەگەر ئەوان (دایک و باوکەکان) کوڕان لە پێش قوتابخانەی کچان ببینن، زۆر کەمتەرخەمانە دەڵێن کێشە نییە، گەنجە، بەڵام ئەگەر کچەکەیان لە حاڵەتێکدا ببینن کە چاو لە کوڕێک دەکا، کارەساتە. تەنانەت ڕەنگە بە زۆرەملی نەهێڵن بڕواتە قوتابخانە و لە ماڵەوە ڕایبگرن. بەهەر حاڵ، کچان هەمیشە لە ماڵەوە دەهێڵدرێنەوە بۆ ئەوەی ئیشی کابانێتی فێر بن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کوڕان و پیاوان زیاتری کاتەکانیان لە شەقام و دەرەوە بە سەر دەبەن و لە کۆتاییدا دەردەکەوێ کە شەوگەڕن. بەڵام کچان بە هۆی ئەوەی بەند کراون، کاتێک ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوودەدات لە ماڵەوە ڕا دەکەن و ماڵ بەجێ دەهێڵن. زۆربەی سەروەت و سامانی بنەماڵە دەدرێ بە کوڕان و مافی تەڵاق هی مێردە. بە ڕای من، کۆی مافی ئافرەتان تەنیا نووسراوی سەر دەقە و لە کردەوەدا هیچیان نابینرێن. ئافرەتان هەلی کاری کەمتریان هەیە و بەردەوام پێیان دەوترێ کە وریای دەوروبەرەکانتان بن.» لە درێژەدا ناوبراو مەبەستەکەی بە بەڵگەوە دەسەلمێنێ کە لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشانگا لە هۆڵی شارەوانیدا، دەبینرا کە کوڕان زیاتر بە تەنیایی ئامادە دەبوون، بەڵام کچان یان هاوڕێیان هەبوو یان

لە گرووپی گەورەتردا ئامادە بوون.

وێدەچێت ئەم وێنەگرە، لە کۆی ئیشەکەدا، خەریکی شاردنەوەی جۆرێک دوودڵییە کە سەبارەت بە پێگەی «ئەخلاق» و ژنانی سەربەخۆ لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە و هەروەها مەترسییە ڕاستەقینە یان خەیاڵییەکان کە لە بەر دەم ئەو کەسانەیە وا بڕیاری سەربەخۆیی دەدەن. بۆ نموونە لە هەمان کاتدا کە هەست دەکرێ ئەم وێنەگرە لایەنگری بزاڤی ئازادیی کچانە، دەڵێت تەنانەت ئەو کوڕ و پیاوانەی کە کاتی خۆیان لە «شەقام و دەرەوە» بە سەر دەبەن، دەبنە کەسایەتی ڕەش و هەڵە یان «شەوگەڕەکان». ئەوەی کە سرنج بزوێنە وادیارە لەو وێنانەی کە ئەو هەڵیبژاردووە – وێنەگەلێک کە بە شێوەی دووانە بە کاریان دێنێ بۆ ئەوەی ڕۆڵی پیاوان و ژنان بەراورد بکات – پیاوان بە شێوەیەکی ئاگادارانە لە ناو سیناریۆیەکی «ڕۆژاوایی» یان بە جۆرێک مۆدێرن دانراون و ژنان لە چوارچێوەی کۆن و نەریتیدا پیشان دەدرێن. بەڵام تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ئەم بەراوردە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وێنەکانەوە ئەنجام دەدرێ، ناتوانین ئاوا لێبڕاوانە بڕیار بدەین کە ئایا ئەو ڕەخنەکەی زێدەتر ئاراستەی پێگەی دابەزیوی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێراندا دەکات یان ئاراستەی دۆخی «لە ڕادەبەدەر ئازادانە»یەک دەکا کە پیاوان لێی بەهرەمەندن.



وێنەی ژمارە 18: هێمایەک لە پیاوەتیی مۆدێڕن

بۆ وێنە لە وێنەی ژمارە 18، پیاوێکی گەنج لە سەر ماتۆڕسیکلێتێک بەدی دەکەین لە حاڵەت و ستایلێکی، کە دەڵێی خەریکی لاسایی کردنەوەی پۆستەری فیلمێکی بەناوبانگی هیندیی جەماوەرپەسندە. هەواڵنێری مێرمنداڵی کچ بەم شێوە بەڵگە دێنێتەوە کە هەر هەموو ئەو کوڕانەی کە دیمانەیان لەگەڵ کرا، لە گەڵ خۆیاندا زۆر ئاسوودە بوون هەر جلێکیان پێ جوان بوایە، لەبەریان دەکرد، وەکوو «دەستبەند، گوارە و ملوانکە». لە ژێرنووسی وێنەکەدا وەها هاتووە: «چاو لەم وێنە بکەن کە تەنانەت کوڕێکی گەنجی ماتۆڕسیکلێت سواریش بۆ کامێراکەی من ژێستی گرتووە. ئەو زۆر لە خۆی دڵنیایە و ئەوەندە متمانەی بە خۆی هەیە کە دەمدوێنێ و ڕا و بۆچوونەکانی دەردەبڕێت.»



وێنەی ژمارە 19: ڕێگە بە کچان نادەن بە تەنیا لە ماڵ بچنە دەرەوە، بەتایبەت بۆ شەقام و کۆڵانە چۆڵ و «مەترسیدارەکان»

کچە پەیامنێرەکە تەنانەت هەوڵدەدات ئەو «ترس»ەی کە بەرۆکی ژنانی گرتووە، پیشان بدات. بۆ نموونە لە وێنەی ژمارە 19دا کە ڕەنگە لە پاشنیوەڕۆیەکی گەرم، کاتێک زۆربەی خەڵک خەریکی پشووی دوای نانی نیوەڕۆن، گیرا بێت کە وێنەیەکی هەژێنەرە و توخمێکی شاعیرانەی لە خۆدا هەڵگرتووە، شەقام چۆڵە و پشتی ژنێکی چارشێو بە سەر ڕوو لە کامێرایە کە لە کوێرە ڕێگایەکی خاکییەوە بەرەو سووچی دابڕان پاشەکشەی کردووە. لە ژێرنووسی وێنەکەدا هاتووە: «کچانی گەنج لەم کاتانەی ڕۆژدا ناتوانن لە شوێنە

گشتییەکاندا دەربکەون، چوونکە زۆر پارێزراو نین و دەبێ کەسێکی دیکەیان لەگەڵ بێت. بەڵام کوڕان ئەم چەشنە ئاستەنگانە لە بەردەمیاندا نییە.»



وێنەی ژمارە 20: وێنەی کچانێک کە بۆ وێنەگرتن پێویستیان بە ڕێپێدانی بنەماڵەکانیانە.

لە وێنەی ژمارە 20دا، وێنەگر هەر ئەم ناوەڕۆکە دەگرێتە بەر و ئاماژە بەم بابەتە دەکا کە ئەو کچانەی وا دیمانەی لەگەڵ کردوون ئیزنیان نەدەدا دەموچاویان لە وێنەکاندا بە باشی دەربکەوێت. ئێمە لێرەدا وتوویژی تایبەتی وێنەگر و دوو کچی دیکە بەدی دەکەین کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و دیسانیش کچەکان پشتیان لە کامێرا کردووە و سەرتاپا ڕەشپۆشن. وێنەگر جەخت دەکاتەوە کە کچان ڕێگە نادەن وێنەیان لێ بگیرێت، چوونکە پێیان وایە دەبێ ڕەزامەندی لە بنەماڵەکانیان وەربگرن.



وێنەی ژمارە 21: وێنەی کۆمەڵێ کوڕی بچووک کە لە شەقام یاری دەکەن و یەکیان دەمامکی لە ڕوخساری داوە.

لە لایەکی دیکەوە، لە وێنەی ژمارە 21دا، کۆمەڵێ لە کوڕانی گەنج و منداڵانی بچووک دەبینرێن کە لە سەر شەقام سەرقاڵی یارین. ئەوان ژێستیان گرتووە و ئەگەرچی یەکیان ڕاستەوخۆ لە کامێرا دەڕوانێ و بزە لە سەر لێویەتی، ئەوەی لای ڕاست جیدییە و سەیری بەر پێی دەکات. منداڵە هەرە بچووکەکە دەمامکێکی لە چەشنی «فیلمە دێوەزمەییەکان» لە دەموچاو داوە، بەڵام هیچ هۆکارێک بۆ ئەم کارە ناخاتە ڕوو. بە هەر حاڵ، وێنەگر بڕیاری داوە وێنەیەکی نائاسایی بگرێ کە تیشکی سەرنجی ئێمەش بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت. ناوبراو، خۆی، لە ژێرنووسی وێنەکەدا بەم شێوە نووسیویەتی: «سەیری ئەم کوڕە بچکۆلە بکەن کە دەمامکی ئاژەڵانی لە دەموچاوی داوە. ئەگەر من ئەم دەمامکە بدەم لە دەموچاوم و بچمە سەر شەقام، خودا دەزانێ خەڵک پشتە

مل چیم پێ دەڵێن.» دیسان لە شرۆڤەی ئەم بۆچوونەدا دڕدۆنگین کە وێنەگر لە نەبوونی ئازادی بۆ ئافرەتان، لە شوێنێک کە بە وتەی خۆی پڕە لە مەترسی شاراوەی، چ کۆمەڵایەتی و چ مادیی، هەڵچووە یان لەم بێشەرمییەی کە تەنانەت کوڕە منداڵەکانیش ڕفتاری «نەشیاو»یان هەیە.

هەروەها ئەو بە گوتنی ئەم ڕستە کە «ڕێگە بە هیچ کچێک نادرێ بە تەنیا لە ماڵ بڕواتە دەرەوە یان کچان تەنانەت ناتوانن بە بێ ئیزن وێنە بگرن»، سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە مەهاباددا گشتاندن دەکات، لە حاڵێکدا کە خۆی و هەندێ لە هاوڕێکانی لەم «ئیمتیازانە» سوودمەندن. بە گشتی، هەوڵی ئەو لەو پێناوەیە کە سەرنجی ئێمە بەرەو لای ئەو کێشانە ڕابکێشێ کە ژنانی مەهاباد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام بە پێچەوانەی داخوازییە سەرەتاییەکەی کە چڕبوونەوەیە لەسەر جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان لە ژیانی خێزانییاندا، کە هاوکات دەیتوانی نایەکسانییە چەسپاوەکانیش ڕوون بکاتەوە، لە هیچ یەک لە وێنەکانیدا بچووکترین ئاماژەیەک بەم پرسە بەدی ناکرێت.

لە کۆتاییدا یەکێکی تر لە منداڵەکان، کە خوشکەکەشی لە سەر پۆل ئامادە بوو، پرۆژەکەی لەسەر بابەتی حیجاب و ئەوەی کە بۆچی بوونی حیجاب بۆ ژنان وەک پێویستییەک دێتە ئەژمار، پێشکەش کرد. ئەو ژمارەیەکی زۆر دیمانەی لە گەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکان ئامادە کردبوو کە ژنانی بەساڵاچوو و گەنج، و تەنانەت زانایانی ئایینی خۆجێیشی لە مزگەوتەکان لە خۆ دەگرت و لە بارەی ئەم بابەتە پرسیاری لێ کردبوون. بابەتی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە تێگەیشتنی ئەو لە بارودۆخەکە، کە ڕەنگە کاریگەریی لە سەر

پرۆژەکە دانابێ، ئەوە بوو کە دایکی کوردی عێراق بوو کە لە دەیەی 1360ی هەتاوی لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو ئێران هەڵاتبوون و دواتر لەگەڵ کوردێکی ئێرانی هاوسەرگیریی کردبوو. کچە پەیامنێرەکە وەک بەشێک لە پرۆژەکەی، وتووێژی لەگەڵ دایکی کردبوو و ئەویش لە وڵامدا وتبووی کە لە عێراقدا ناچار نەبووە حیجابی هەبێت، چوونکە لە لایەن دەوڵەتەوە نەسەپێنرا بوو و لە درێژەدا وتی حەزی لێ نییە لەچک لە سەر بکا، بەڵام لە ئێراندا ناچارە حیجاب بکا، چوونکە ڕەچاونەکردنی پێچەوانەی یاسای وڵاتە. ناوبراو هەروەها زیادی کردبوو کە ئەگەر مافی هەڵبژاردنی هەبوایە، ڕێگەی نەدەدا کچەکەی حیجاب بکات. وێنەگری گەنج لە پێشەکییەکەیدا لە سەر ئەم کارە نووسیویەتی کە خۆشی حەزی لە حیجاب نییە، بەڵام لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان، ناچارە حیجاب بکا، بەڵام هەر کات دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ، لەچکەکەی لە سەر دادەگرێ، بۆ وێنە لە ماڵ یان ئاهەنگە هاوسەرگیرییەکان. ناوبراو هەروەها لەگەڵ کچانی دیکەش دیمانەی ئەنجام دابوو ئەوانیش ڕا و بۆچوونی هاوشێوەیان هەبووە.



وێنەی ژمارە 22: وێنەیەک لە کچانی باڵاپۆش لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە

سەرنجڕاکێش‌ترین پێشهاتی ئەم کارە، شێوازی مامەڵەی سەرۆکی ناوەند و کاردانەوەی کچە گەنجەکان هەمبەر ئەو بوو. لە گەڵ هاتنەدی ئەم دیالۆگە نەگوتراوە، ئەوەی کە بە زەقی دەردەکەوت، ئەو ئاستەنگانەی بوون کە ڕەفتاری سەپێنراو و ڕێگەپێدراو و هەروەها ڕادەبڕینە گشتییەکانی لەخۆ گرتبوو. بۆ کردنەوەی پێشانگا لە هۆڵی شارەوانی، هەموو پڕۆژەکان لە لایەن سەرۆکی ناوەندەوە – کە لە خێڵی مەنگوور بوو و پێشینەی سەربازیشی هەبوو– بە وردی تاوتوێ کران. لە هەندێ لە بابەتەکان قەڵس بوو و گوتی بۆ پیشاندانی لانیکەم سێ پڕۆژەیان تووشی «کێشە» دەبین. لە ئەنجامدا داوای کرد کە هەندێ لە وێنە و ڕاوبۆچوونەکان بسڕدرێتەوە. لەوانە ئەم کارەی دوایی بوو، کە

لە کۆتاییدا بە نێوانگێڕیی من، کچەکە پڕۆژەکەی بردەوە بۆ ماڵ و سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە. وێنەی زیاتری گرت و هەندێ لە ژێرنووسی وێنەکان و وردەکاریی وتووێژەکانی گۆڕی. کاتێک پرۆژەکەی گەڕاندەوە، تەرکیزی گشتیی ئیشەکە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتبوو. بۆ نموونە لە وێنەی ژمارەی 23دا، ناوبراو دیسان وێنەی لە یەکێک لە هەمان کچانی پێشوو گرتەوە کە لە سەرەتادا دژی حیجاب بوو و وتبووی حەزی لێ نییە. لە وێنەی نوێدا، ناوبراو بە وێنەیەکی ناپابەندانە حیجابی هەیە و لەچکەکەی خەریکە لە سەری دەکەوێت و قژی دیارە (بە هەمان شێوە کە بەتایبەتی لە ناو ئافرەتانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا باوە) پێدەچێت ئەم وێنە بە زەردەخەنەیەکی هاوشێوەی مۆنالیزا لە سەر سیمای کچەکە، لە ڕووی وشیاری و بە ئەنقەست گیرابێ و دەتوانرێت جۆرێک گاڵتەجاڕی لە سەر سیمای کچە مێرمنداڵەکە بەدی بکرێت. لە ژێر نوسی وێنەکەدا، لە زمانی سووژەکەوە وەها هاتووە: «من حەزم لە حیجابە. هەموو ژنان و کچان دەبێ حیجاب بکەن.» هەروەها وێنەیەکی کۆنی ئەلبۆمی وێنەیی بنەماڵەیی لە شوێنی یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی دانابوو (بڕوانە: وێنەی ژمارە 22). ئەم وێنە کۆمەڵێ کچی خوێندەوار، لە ئاهەنگێکی قوتابخانە بە ناوی «میهرەجانی گوڵەکان» پیشان دەدا. هەموو کچانی ناو ئەم وێنە حیجابی تەواو ئیسلامییان هەیە و چارشێو و تاجی گوڵیان لەسەر ناوە. بەدیاریکراوی وێنەگر بە دوای لێکدژترین وێنەکاندایە سەبارەت بەو مەبەستەی کە هەیەتی و لە ڕوونکردنەوەی وێنەکەیدا نووسیویە: «هەموو هاوڕێکانم دەڵێن حیجاب نەکردن حەرامە.» ناوبراو هەروەها بۆچوونی دایکیشی بەم دەستەوشانە گۆڕیبوو کە «ئێمە دەبێ حیجاب بکەین، چوون

ئابڕوومان پێ دەبەخشێت» و لە دایکی وێنەیەکی نوێی بە لەچکەوە دانا بوو بە پێچەوانەی وێنە پێشووەکەی کە تێیدا جوانکاریی کردبوو و حیجابی نەبوو و لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا گرتبووی.



وێنەی ژمارە 23: کچێک کە حیجابی ناپابەندانەی هەیە و زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێز لە سەر لێوی نیشتووە: «من حەزم لە حیجابە. هەموو ژنان و کچان دەبێ حیجاب بکەن.»

پڕۆژەی ئەم کچە مێرمنداڵە کە لە سەروبەندی جێبەجێکردنیدا گۆڕانی زۆری بە سەردا هات، لەو ڕووەوە کە وێنەی گاڵتەئامێزی بە کار هێناوە زۆر جوانە و بە وشیارییەوە، تەنز وەک ئامرازێک بە کار دەبات تاکوو بنەمای ئەو نەزمە زاڵەی کە ڕەخنەی لەسەرە، لەق بکات. تەنانەت وێڕای ئەو ئاستەنگانەی کە هێنرایە سەر ڕێی، ئەو ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەوەی وێنەکان خۆیان بدوێن و دەنگ و پەیامی ئەو بگوازنەوە. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگیی پڕۆژەی

ئـەم لێکۆڵینـەوە و کـارکردنی مـنە لەگـەڵ منـداڵانی ناوەنـددا. لـەم سـۆنگەوە، ڕاپۆڕتی نووسـراو و پێشـانگایەک کە بەڕیوەچـوو، لـە چاو ئەنجامی پرۆسـەیەک کە من و منداڵەکان پێکەوە تێپەڕمان کرد لە پلەی دووهەمدا بوو.

## شیکاریی وێنەکان

لــە خوێندنــەوەی شــیکارانەی پرۆژەکــان دەردەکــەوێ کــە چەنــدین هۆکــاری کلتـووری کاریگـەری لـە سـەر تـوێژی گـەنج دادەنێن و هەنـدێ جـار بـە شـێوازی پرۆســـە لێکـــدژەکان دێنـــە نـــاو ژیانیانـــەوە. بـــۆ نمـــوونە، وێنـــە کلیشـەییەکانی«کلتووری ڕۆژاوایی» لەگـەڵ دیمۆکیاسی و یەکسـانییە ڕەگەزییـە گشــتگیرەکەی لــە لایــەن بیـر و بـاوەڕە جیاوازەکـانەوە دەخرێنــە بــەر بـاس و لاساییکردنەوە. دەڵێی جۆرێک ڕاڕایی ڕەسەن سەبارەت بە دونیای ڕۆژاوا هەیە و ڕۆژاوا وەک ئامرازێکی ڕەمزی لە ژیانی ئەم مێرمنداڵ و گەنجانەدا دەردەکەوێت، کــە لە ڕێگـایەوە، ئــەوان کۆمەڵگاکــەیان هەڵدەســەنگێنن و وەک ســەرچاوەی ڕزگاریی و سـەروەری لێی دەڕوانـن، کـە هەڵبـەت گەنـدەڵی ئـەخلاقی و نـەمانی بەهاکانی لێ دەکەوێتـەوە. ئەمە گێچـەڵێک نییـە کە تایبـەت بە کۆمەڵگای ئێران بێت، بەڵام بە گوێرەی ڕێژەی ڕوو لـە هەڵکشـانی بەکارهێنـانی مادەی هۆشبەر و کحـوڵ لـە ئێران و کوردسـتانی هاوچـەرخ، وێـدەچێت مژارێکی، خـاوەن گرنگیی ڕوو لـە بەرزبـوونەوە بێـت. وەک جـۆنز و والاس ئاماژەیـان پێـداوە، لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە وڵاتـانی ڕۆژاواییشـدا هەسـتێکی گشـتی بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕەفتـار و مامەڵــەی گــەنجان لــە چوارچێــوەی چــەمکەکانی وەکــوو «مەترســی» و «خەسارناسی» هەبووە:

لە سێبەری «یاسا نوێکان»دا کۆمەڵە دەنگێک بووژاونەتەوە کە هەڵکشانی ڕێژەی دووگیانبوونی مێرمنداڵان، تاوان و توونـد و تیژی یان بەکارهێنانی کحوّل و مادەی هۆشبەر لە نێو مێرمنداڵاندا بە هێماکانی فەوتانی ئاکار و ئەخلاق دەزانن کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر دارمانی بەها و نەریتییەکان، ئەو بەها و بایەخانەی کە لە ژیانی خێزانیی نەریتییانەدا بە شێوەی باو لە ڕێگەی باڵادەستیی دایک و باوکەوە جێگیر دەکرا. «لۆژیک»ی ئەم باسە کۆمەڵە سیاسەتێکی لێ کەوتۆتەوە کە بە مەبەستی پشتیوانی لە «بەها خێزانییە نەریتییەکان» داڕێژراون، تا ڕێگری لە ڕووخانی بنەماڵە بکەن و پارێزەری دەسەڵات و پابەندێتی خێزانی دایک و باوک بن (Jones & Wallace, 1992, p. 45).

لە بەر ڕۆشنایی ئەم بابەتەدا، ئەو داب و دەستوورانەی کە ڕەنگە «نەریتی» هەژمار بکرێن بۆ نموونە زێدەکردنی سنوورەکانی سەر ژیانی گەنجان و بەتایبەت ئازادیی کردەیی ئافرەتان لە دەرەوەی سنووری ماڵ، دەتوانرێت نە لە چوارچێوەی پتەوکردنی بەها نەریتییە خێزانییەکان بەڵکوو وەک کاردانەوەیەکی نوێ و تازە سەرهەڵداو هەمبەر بە مەترسیی هەستپێکراوی مۆدێرنیتە بۆ سەر کلتووری گەنجان بەراورد بکرێت. وێڕای ئەوەی کە لە ناوچە کوردییەکانی ئێران، هەمیشە چاودێریی بنەماڵە بە سەر گەنجان و بەتایبەتی کچان قورستر و ڕاستەوخۆتر بووە، لە ئێستادا، هەر بەم هۆیەوە، ئەم چاودێرییە زیاتر گەشەیەکی کردووە. لەو ماوەیە کە لە مەهاباد بووم، هەر کات دەرفەتی وتووێژ لەگەڵ ئەو دایک و باوکانەم بۆ دەڕەخسا کە بە مەبەستی بەشداری لە پۆلەکان هاوڕێیەتی مێرمنداڵەکانیان دەکرد، هەمیشە بەشی زۆری باسەکەیان

لـە بـارەی گێژاوی ئـەو کێشـە و گرفتانـە بـوو کـە بـە هـۆی بەکارهێنـانی مـادەی هۆشـبەر و خواردنـەوەی کحـۆلی لـە کۆمـەڵگای کـوردیی بـەدی دەکـرا. ئەمـە دیارەدیەکی تـازە سـەرهەڵداوە و زۆرێک لـە هاوقسـەکانم لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە ئەمە سیاسـەتی دەوڵـەتی ئێرانە کە مادەی هۆشبەری هـەرزان هـاوردەی ناوچـە کوردنشینەکان بکات تاکوو لەو ڕێگایەوە شۆڕشی حەشیمەتی گەنجی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات.

جیا لە تیۆرییەکانی پیلانگێڕیی سیاسی، پرسـەکانی بەردەم گەنجان، وەک لـە باسـی جـۆنز و والاس‌دا (1992) دەخرێنـە ڕوو، بـەدەر لـە بابـەتی دووگیـانبوونی مێرمنـداڵان (ئەڵبـەت ئەمـە دووگیـانبوونی بـە هـۆی هاوسـەرگیری منـداڵان دەگرێتەوە. تەمەنی هاوسـەرگیری لـە وڵاتی ئێران بۆ کچان نۆ ساڵ و بۆ کوڕان پـازدە سـاڵە)، لـە وڵاتی ئێرانیش خەریکـە دەبێتـە دیـاردە کـە ئەڵبـەت لـە گوتـارە کۆمەڵایەتییەکانـدا، ڕەنگە ئـەم پرسـانە هێشـتا وەک کێشـەی گەنـدەڵی ئەخلاقی «مـۆدێڕن» و «ڕۆژاوایـی» دەستنیشـان بکـرێن و لـە ڕاگەیاندنـە هەواڵدەرییـە خۆجێیەکانیشـدا لـە چوارچێـوەی گفتوگـۆ و دیبەیـت بەرنامەگـەلێک بـۆ ئـەم بابەتە تەرخان دەکرێن. ئەم بەرنامانە زیاتر یارمەتیی سـەرهەڵدانی بیرۆکەیەک لە «کلتوورهەراسـی» دەدەن کـە ئامـانجی ناتـەبایی لەگـەڵ گـەنجان، بەتایبـەت ئەو گەنجانەی کە لە خۆئاگایی گەشـەسـەندوو سـوودمەندن و ڕەخنە لە پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان دەگـرن. ئـەم پرسـە، بـۆ نمـوونە، لـە کارێکـدا کـە ئـازادیی ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان تاوتوێ دەکات دەبینرێت (وێنەی ژمارە 19). لەم کـارەدا، کـچە گـەنجەکە پێناسـەی نـەبوونی ئاسایشـێک دەکـا کـە وێـدەچێ لـە شـەقامێکی چۆڵـدا بێ و ئەو کوڕە گەنجانـەی کـە کاتەکـەیان بە سـووڕانەوە لـە

شــوێنە گشــتییەکان بەســەر دەبەن بــەم شــێوە پێناســە دەکـا کــە دەبنــە بوونەوەرانێکی «شەوگەڕ». لە ئیشێکدا کە سەبارەت بە بابەتی کچان و دۆستە کوڕەکان بـوو، هـەموو حاڵەتـەکان لـە لایـەن کوڕانـەوە «دەسـتدرێژی کرابـووە سەریان» و «گوێبیستی درۆ» ببوون (بڕوانە وێنەی ژمارە 16 و وێنەی ژمارە 17). لێـرەدا هــەمان ڕەگــەزی دژبەرە کــە گــەورەترین هەڕەشــەکان دەســەپێنێت، ئەگەرچی دیسـانیش لـە ڕایەڵەی پەیوەندییـە ڕەگەزییـە «مۆدێڕن»ـەکانیشـدا ئـەم پەیوەندییـە لـە دەرەوەی چوارچێـوەی هاوسـەرگیرییە. وەک لابلان (2000, p. 201) باسی دەکا، پێوەنـدیی نێـوان زاڵبـوون بەسـەر بێبەشی لـە شـوێنی گشـتی و مـافی ڕەگەزی بـۆ ئافرەتـان، لــە ئایدیاگــەلێک لــە تــرس و «ئاسایشـی گشـتی» «نهێنبەندی» دەکرێت.

سـەبارەت بـە بەرخـۆرپەروەریی مـادیش بـە هـۆی ئاگابوونەوە لـە شوناسـی کەمینــەی جیــاوازی کــورد و هێمــا کلتووریەکــانی، تەنگەژەکــانی نێــوان کاریگــەریەکانی بەرخــۆرپەروەریی «نــەریتی» و «مــۆدێڕن» دەردەکــەوێت. ئــەم حاڵەتـە لـەو پڕۆژانـەدا بەرچـاوە کـە جـۆری جلوبـەرگ (هـەم جـۆری جلوبـەرگی ڕەسـەنی کـوردی و هـەم جـۆری ئـاینیی ئیسـلامیی) و سـلیبریتییە خۆجێییـەکان لـە مەهاباد تـاوتوێ دەکەن. بۆ وێنـە لـە یەکێک لـە پڕۆژەکاندا (بڕوانە وێنـەی ژمارە 16) کچـان لایـەنگری بـە کارهێنـانی حیجـابن، بـەڵام لـە تەنیشـت جلوبـەرگی مۆدێلی ڕۆژاوایی، جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردییـان بەدڵ نەبوو، ئەگەرچی لەوانەیە ئـەم چەشـنە جلـوبەرگە دەرفـەتێکی دەگمـەن بـۆ ڕزگـاربوون لـە ئاسـتەنگەکانی پۆشـاکی ئیسلامی دابین بکات. وێنەکانی ئەم کارەش (بڕوانە وێنەکانی ژمارە 18 - 21) ڕەخنــە لــە ســنووردارێتیی پۆشــاکی ئیســلامی و ڕەفتــاری پەســندکراوی

ئافرەتـان دەگرێـت. بـەڵام تێکـڕای ئەمانـە، هەسـتێکی ناڕەزایـەتیش دژی بە شـێوازی لـە ڕادەبـەدەری ئـازادیی کـوڕان و پیـاوان، کـە ئـامراز و کەرەسـتە مۆدێڕنەکان (ماتۆڕسیکلێت و دەمامکی ئەژدیها) پیشـان دەدەن، دەردەبڕدرێت. تەوحیـدی (1994)، وێـڕای ئامـاژە بـە کۆمـەڵگای ئێـران، پیشـان دەدات کـە ڕەهەندە «نەریتی» و پێشتر فەرزکراوەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت بە دەرفەتەکانی ڕزگاری بۆ ئافرەتان، لە کاتی شۆڕشی ئیسلامی 1357ی هەتاویەوە چۆن پیشان دراون و چ پێشکەوتنێکیان هەبووە. بە ڕای ئەو، خۆڕاگری لە هەمبەر شێوازە دەسـتێوەردانکاریە ڕۆژاواییـەکان لـە دوای ئاشـنا بـوون لەگـەڵ چـەمکی «ڕۆژاواچییەتـی» دێـت و زۆر بـوونی بـەها لەڕادەبـەدەر ئازادیخوازانـە و ڕۆژاواییەکان بۆتە هۆی دابەزینی ڕەوشت و ئاکار. ئەم پرسە لە لایەن هەندێ لە سەرچاوەکانەوە وەک بەشێک لە گوتاری سیاسی خراوەتە ڕوو. سەرنجدان بەم بابەتە کە بیر و باوەڕی لەم شێوە تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا خراونەتە بەر باس، ئێمە بەرەو پرسی ئەو دژایەتییە ڕاشکاوانە پەلکێش دەکا کە لە نێوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاوا یـان نـەریت و مۆدێڕنیتـەدا بـوونی هەیـە و یـارمەتیی تێگەیشتنمان لەو ئاراستە ئاڵۆزە دەدات کە لە پرۆژەی وێنەگریی مندالان و ناوەڕۆکـە هـەڵقوڵاوەکانی دەبینرێـت. ئـەم ئایدیایـە لـە چوارچێـوەی چـەمکی خۆماڵیی «کچانی سەتەلایتی» تووشی ئالنگاری دەبێت، دێڕێک کە لە پێناسەی ژنـانی گەنجـدا هـەم چـەمکێکی پێداهـەڵگوتن و ڕێزلێنـانە و هـەمیش سـووکایەتیکردن و سـزادان. کچـانی سـەتەلایتی ئەوانـەن کـە شـێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان لە ژێر کاریگەری کەناڵە سەتەلایتییەکاندایە. ئەوان تەڕپۆش و چاو و گوێ کراوەن و لە هەمان کاتدا ڕۆحسووکترن و «ئاساییتر

دێنە ناو کۆبوونەوەی کوڕانەوە». لە وتووێژی نێوان خەڵکدا کە بە هەڵکەوت دەمبیست، هەندێ جار ئەم چەمکە گشتییانەیان بە کار دەهێنا.

سەرەڕای ئەمە، بیر و بڕواکانی کۆمەڵگای ئێران سەبارەت بە ڕەگەز بە ناچاری لەسێبەری کاریگەری ئایدیا «ڕۆژاوا»ییەکانی بەرکەوتن لەگەڵ ڕەگەزدایە کە لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا، شێوازێکی ئایدیاڵیان گرتووە. لە باروودۆخی ئێستادا، تەنانەت ئەم ڕووداوەش دەکەوێتەوە، کە لە هەندێ حاڵەتدا، ئەم بیرۆکانە دەچنە پاڵ بیروباوەڕی وەک «خەڵکی هۆگری ئازادی» کە لە ئەمریکا و بریتانیا، لە گوتارە میدیاییە نێودەوڵەتیەکاندا و لە کاردانەوەی بەرامبەر بە شەڕی دژ بە تێرۆریزمدا بەدی هاتوون. نموونەیەک لەم حاڵەتانە لە وتووێژەکانی کوڕێکی گەنجی ئامادەبوو لە پێشانگا بەدی دەکرێ:ر

**بە ڕای من، لە کۆمەڵگای ئێراندا، ئەمڕۆ ژن یەکسانە لەگەڵ کەنیز، کارەکەروڕایەت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیمۆکڕاسی بوونی نەبێ، نابێ ناوبنرێ وڵات. بە باوەڕی من، دەبێ ئیسلامی لێ جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە یەک چاوو یەک ڕو انگە بتوانرێ هەموو تاکەکان، چ پیاوو چ ئافرەت بەراورد بکرێن (بڕو انە وێنەی ژمارە 24)**

دەتوانین هێڵە هاوتەریبەکانی نێوان «دیموکراسی» بەدی بکەین کە بە شێوەی شاراوە ئاماژە بە ڕۆژاوا و بەتایبەت ئەمریکا و بۆچوونگەلێک سەبارەت بە سوودمەندیی دەوڵەتە سکۆلارەکان لە ئازادیی ڕەگەزی دەکات. زانیاریی مەیدانیی ئەم چەشنە بۆچوونانە بێگومان لە میدیا مەجازی و هەواڵییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەو دیو سنوورەکان و لە ڕێگەی سەتەلایت و ئەنتەرنێتەوە بۆ مێرمندالان و گەنجانی ئێرانی دەخرێنە ڕوو و بە تایبەتی

سەبارەت بە توێژی گەنجانی کورد، ڕەنگە کەسانێک بگرێتەوە کە لە ماڵەوە دەستیان بە میدیا سەتەلایتییەکانی کوردانی تاراوگە کە زیاتر سیاسیین بگا و دایک و باوکیان لە سایەی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییانەی هاوزمانە کوردەکانیان لە هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی زۆرینەی کۆمەڵگا، زۆر دژی بەها ڕۆژاوایی یان «ئەمریکییەکان» نیەن.

پڕۆژەی تایبەت بە سلیبریتییەکانی مەهاباد، پیشاندەری کاریگەری فرەچەشنی فۆرمە میدیاییە جۆراوجۆرەکان بوو. سەرەڕای ئەوەی مۆسیقای جەماوەرپەسندی فارسی باوترین شێوە مۆسیقای توێژی گەنجانە (Shay, 2000, p. 69)، تەنانەت لە ناوچە کوردییەکانیشدا ڕێزگرتن لە سەرکەوتنی کوردەکان، کە هەم خۆجێییە و هەمیش لە ڕێگەی میدیا سەتەلایتییەکانەوە بە شێوەی سەروونەتەوەیی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، پیشاندەری تێکەڵ بوونی کلتووری ناوچەیی، نیشتمانی و نێونەتەوەییە. بە ئاماژەدان بە پەیوەندیی نێوان بەرخۆرپەروەری و کلتووری خۆجێیی، لە ڕاستیدا لە بارەی فەزایەک دەدوێین کە شوێنی پێکگەیشتنی ڕوانگە گشتییە هەمە جۆرەکانە کە هەر کامیان کۆمەڵە چاوەڕوانی و خواستی کلتووری جیاواز بە سەر ئەو فەزایەدا دەسەپێنن. ئەم ڕوانگانە لە پرۆسەی باسکراودا، بە شێوازی تایبەت، دامەزرێنەری شووناسی خۆجێییشن. ئەم ڕەوتە بە بەکارهێنانی هەمان زانستی بناغەیی سەبارەت بە مژاری خۆجێیی، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و فەزاییەکەی دەست پێ دەکات و ئەڵبەت دەبێ ئەم زانستە بە بەها گشتییەکانی خۆیەوە دەوڵەمەند بکرێ و لە پێناو خولقاندنی گێڕانەوە تایبەتەکانی لەو شوێنە بە کار بهێنرێت. بە باوەڕی گەنجان، یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکان بۆ ئاسانکاریی

ئـــەم گێڕانەوانـــە، مۆســـیقای جەماوەرپەســـند و میکانیزمـــە ســـتایلییەکانی دەوروبەریەتی(Bennett, 2000, p. 66).

سـەبارەت بـەو مێرمندالـە کوردانـەی کـە پێکـەوە ئیشـمان کـرد، بەشـێک لـەم «زانسـت»ـە سـەبارەت بەشـوناسـی کـوردی تێکـەڵ بـە سـتایش و خـۆڕاگری جارجـار لـە هەمبـەر کاریگـەری کلتـووری ڕۆژاوایـی پەیوەندیـدار بـە سیاسـەتە دەوڵەتی و حکومەتییەکانی ئێران و فاکتەرە فرەچەشنەکانی دیکە بوو. بۆ وێنە، چینی نـوێ زیـاتر ڕاکێشـی مۆسـیقای جەماوەرپەسـندی فارسـی و هەنـدێ جـار تـورکیی ئیسـتانبۆڵی دەبـن و زیـاتر لـە بـۆنە جەماوەرییەکانی وەکـوو ئاهـەنگی هاوسـەرگیری گوێیـان لـە مۆسـیقای کـوردی دەبێـت. ئەگـەر پرسـیاریان لێ بکـرێ کـە ئایـا لـە ئاهـەنگێکی هاوسـەرگیری خـۆجێیی بەشـداریی دەکـەن، یـەکێک لـە کەڵکەڵـەکانیان ئەوەیـە کـە کـام یـەک لـە هونەرمەنـدانی خـۆجێیی و تیپەکـانی مۆسیقا ئەو ڕێوڕەسمە بەڕێوە دەبن بۆ ئەوەی شایەتی پێشکەشکردنی شادتر و گەرموگوڕتر بن و بتوانن پڕوزەتر و کەیف خۆشتر هەڵپەڕن. ئەمە یەکێک لە گرنگترینی ئەو بابـەتانەیە کە لە دەسـتپێکی ئەم چەشـنە بـۆنە گشـتییانەدا سـەرهەڵدەدەن. بۆنەکـانی پەیوەسـت بـە شوناسـی گشـتیی کـوردی سـاتەوەختگەلێکی تێپـەڕن لـە خـۆڕاگری هەمبـەر بە باڵادەسـتیی ئایـدۆلۆژیا دەوڵەتییـە فارسییەکان (ئێرانی) و ڕزگار بـوون لێیـان، وەک کۆتوبەنـدی گشـتی سـەبارەت بە حیجـابی ئافرەتـان. ئـەوە لە بیر نەکەیـن کـە حکومـەت کـەمتر پێویسـتی بـە سـەپاندنی بـەها بەڕەتییـە «ئیسلامیی»ـەکانی دەبێ، چوونکـە بـە پێچەوانـەی چەنـد حاڵـەتی دەگمـەن، دەوری بنەمـاڵە بەتایبـەت سـەبارەت بـە پاراسـتنی ئـابڕووی بنەماڵـەیی، بـە هـۆی گوشـارە کۆمەڵایەتییـەکان، «ڕفتـاری

گونجاو»ی تاکەکان مسۆگەر دەکات.

تێکـڕای ئەمانـە، کاریگـەریی یـەکتربڕی دیکـەش هـەن کـە ڕوانگەمـان بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئاشـکرا و لێبڕاوانـەی «ڕۆژهـەڵات» و «ڕۆژاوا» تێـک دەدەن، چەند کلیشـەیەک لـەم پرسـە لـە ئاستی بینگەیی ئیشی گەنجاندا بـەرچاوە. بۆ نموونە لەو ئیشانەی کە لە سەر جلوبەرگی کوردی و پاراستنی پارکەکان بوو، ڕاشـکاوانە ڕەوتـی شـاراوەی بـێچم‌گرتنی شـوناس لـە ڕوانگـەی کۆمەڵگایـەکی کەمینەی بندەستی حکومەتی سەرکوتکەری ئێران – کە تێدەکۆشێت شوناسی ئێتنیکی کـاڵ بکاتـەوە – بـەدی دەکـەین. باسـکردن سـەبارەت بـە پارکـەکان پیشـاندەری چـڕۆ کردنـی هەسـتی پابەنـدێتی بـە حەشـیمەتێکی ئێتنیکـی پەراوێزخراوە کـە لـە لایـەن بەرپرسـانی ناوەنـدی‌ەوە، یـان فـەرامۆش کـراوە یـان هەڵاوێـردراوە. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، ئـەو ئیشـەی کە لـە بـارەی حیجـاب بـوو (بڕوانـە وێنـەی ژمـارە 22 و وێنـەی ژمـارە 23)، بـە ئاماژەدان بـە دایکی کـوردی کۆچبـەری عێراقی، گوزارشـت لـە هەسـتی غەدرلێکـراوی نـەریتی دیـاریکراوی ئێتنیکیـی لـە لایـەن بەرپرسـانی ناوەنـدییەوە دەکـات. کەواتـە ئـەو گوشـار و فاکتەرانـەی کـە بـۆ بـە یەکسـانکردن بـە کـار دەهێنرێن نەک تـەنیا بـە هـۆی دابەشکردنی دوو جەمسەریی ڕۆژهەڵات – ڕۆژاوایە، بەڵکوو بە هەمان ڕادەش سەرچاوەی لە هەستی گشتگیری هەلومەرجی کەمینەیەکی ئێتنیکی وەرگرتووە کە خاوەنی پێکهاتەیەکی سیاسییە. توێژینەوەی ئەم دواییە سەبارەت بە گرنگیی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی حیجـاب وەک هێمـای خـۆجێیی خـۆڕاگری لـە هەمبـەر کاریگەری زاڵی «ڕۆژاوا»دا، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە واتا زۆرەکانی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی نادات. سەرەڕای ئەمە، شرۆڤوکانی وەکوو حیجاب لە ئێل

گوونیندی (1999, p. 189) بە دروستی ئاماژە بە سوودمەندیی حیجاب لە بزووتنەوەکانی بووژاندنەوەی ئاینیی ئیسلام لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوو دەکات کە بە «ڕزگاری لە شوناسە هاوردەیی و سەپێنراوەکان، ئاکارە بەرخۆرپەروەرییەکان و کلتووری ڕوو لە گەشەی مادیی‌خوازی» بانگەشەی بۆ دەکرێت. ئەم حاڵەتە تەنیا لە بارەی کەسانێک دروستە کە لە ناوەندی ئەم بزووتنەوانەدا خاوەن دەسەڵاتن. کچانی مێرمنداڵی کورد، کە تێگەیشتنیان لە شوێن، لە ژێر کاریگەری گوزارە سیاسییەکاندایە سەبارەت بە کورد وەک کەمینەیەک لە کۆمەڵگای ئێراندا، ڕەنگە شایەتحاڵی ساختەکاریی کرچوکاڵی ئافرەتانی «دانیشتووی ناوەند» بن کە ڕەخنە لە کلتووری مادیی‌خوازی ڕۆژاوایی دەگرن، لە حاڵێکدا خۆیان لەم ئیمتیازە بەهرەمەندن. لە لایەکی دیکەشەوە، ژنانی کورد کەسانێکی پەراوێزخراون و ناتوانن لە هیچ کام لەم ئیمتیازە مادییانە کەڵک وەربگرن کە «خوشکان»ی موسڵمانی ئێرانییان هەیانە. بە هەر حاڵ، بە کارهێنانی حیجاب لە کۆمەڵگای ئێرانی زۆر سەپێنراو و نەخوازراوانەیە و شێوەی خۆڕاگریکردن لە هەمبەر ئەم مژارە لە ناو کورداندا ڕەچاونەکردنی حیجاب و ڕێسا ئیسلامییەکانیە لە ڕێگای پابەندنەبوون و کەمڕێزی بۆ دابونەریتی پۆشاکی یان بە تەواوەتی بەلاوەنانی لەو شوێن و ڕێورەسمانەی کە بە بێ هیچ چاودێرێکی دەرەکی پیشاندەری کلتووری کوردیین، وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری (بڕوانە وێنەی ژمارە 4).

**بۆچوونی سەردانکەرانی پێشانگا سەبارەت بە وێنەکان**

به ناوی خوا

وێڕای سڵاو

لەم پێشانگایەدا، زۆر وێنەی جوان بەدی کرا، بەڵام ڕازاندنەوەیان باش نەبوو و زۆرێک لە ئیشەکان لە کۆمپیوتەر دابەزێرا بوون.

به سپاسەوە

ڕامین سەراجی؛ فەرزین عەرەبی

........................................................................................

یەکەم ئەوەی کە، پێشانگا بە ڕاستی سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەت تابلۆ کێشراوەکان. دواتر، بۆ من لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، وێنەکانی بەڕێز ئەحمەدی بوو کە لە ناویاندا، جیاوازییەکانی نێوان کچان و کوڕان بەدی دەکرا کە لە ئاستێکی سەیردا بوو، بەڵام ڕاوبۆچوونی تایبەتی بەندە ئەوەیە کە نابێ کچان هیچ چەشنە ئازادییەکی ڕادەربڕین و زەینییان هەبێت، چوونکە لای ئێمە وا باوە پیاو بۆ ئیش و هەوڵدان و ژن بۆ ماڵ و خزمەت بە هاوسەر و منداڵەکانی باشە. بابەتی سەرنجڕاکێشی دیکە وێنەکانی خزمەتکردن بە دایک و باوک و ناوچە هەژارنشینەکانە.

هێمن یەزدانی

85/2/25


........................................................................................

من کوڕ = بە ڕای من، لە کۆمەڵگای ئێراندا، ئێستا ژن یەکسانە لەگەڵ کەنیز، کارەکەر و ڕایەت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیمۆکڕاسی بوونی نەبێ، نابێ

ناوی بنبڕێ وڵات. بە باوەڕی من، دەبێ ئیسلام لە دیموکراسی جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە یەک چاو و یەک ڕوانگە بتوانرێ هەموو تاکەکان، چ پیاو و چ ئافرەت بەراورد بکرێن.

..........................................................................................

من شارۆمەندێکی مەهابادیم. من کوڕم. من لە گەڕەکێکی هەژارنشیندا دەژیم. ئێمە هەمیشە لە بارودۆخێکی نالەباردا ین، ئەویش بە هۆی سیاسەتە هەڵە و نادروستەکانی ئەم حکومەتە زاڵەیە و ئێستاش کە لە گەمارۆی ئابووریدا دەژین.



وێنەی ژمارە 24: ڕا و بۆچوونی لێکدژ سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا، لە کتێبی میوانانی پێشانگا

به ناوی خودا

کچ: ئیشەکانتان زۆر سەرنجڕاکێش بوو و بە ڕاستی کاریگەری لە سەرم دانا، چوونکە زۆرێک لەم وێنە و نامانە کە خوێندمەوە دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم کە ڕەنگە زۆر هاوشێوەی ژیانی من و زۆر کەسی دیکە بێت. ڕای من: 1 – سەبارەت بە هەژاری دەبێ بڵێم بەڕاستی قورسترین کێشەیە کە بۆ کەسەکان ڕوو دەدات؛ واتە زۆر ئاکامی لێ دەبێتەوە، تەنانەت زۆر کەس بە هۆی

هەژارییـەوە دەسـت دەدەنـە ئیشـی نـاڕەوا. بـۆ وێنـە کچێـک کـە شـوو دەکـا و چاوەڕوانـە کـە مێردەکـەی بتـوانێ بژێـویی دابـین بکـا، بـەڵام ئـەو ئەمـە ناکـا و دەتـوانێ ڕوو بکـاتە داوێنپیسـی و بـە لەشفرۆشـی کـردن و زۆر کـردەوەی دیکـە ژیانی خۆی دابین بکا و یان تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا، ئەوە مێردەکە خۆیەتی کە ژنەکەی ناچار بەم کردەوە دەکا کە بۆ بژێوی ئەو لەشفرۆشی بکات. بە ڕای من، لە سۆنگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و هتد زۆر گیر و گرفت هەیە کە دەتوانێ کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی ببا کە ئەمە تەنیا گۆشـەیەک لـەم کێشـانە بـوو. هەڵبـەت زۆر فاکتـەری دیکـە دەتـوانن ببنـە هـۆی هـەژاری یـان بـۆ وێنـە هەندێ پێیان وایە کە ئەگەر ئافرەت ئازاد بێ، داوێنپیس دەبێ و تەنیا دەبێ لە ماڵەوە زیندانی بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵکوو ئەمە بەستراوەتەوە بە کەسایەتیی کەسەکە خۆی. بە بۆچوونی من، ئەگەر کەسەکە خاوەن ڕەوشت نەبێ، ئەگەر زیندانیش بکرێ لە بن بەردیش بێ دەتوانێ کاری هەڵە بکا، بەڵام ئەگـەر ئـازادی لـە داوێنپیسـی و بێڕەوشـتیدا نـەبینێ، دەتـوانێ لـە کۆمـەڵگادا بـە شێوەی تەندروست و شیاو لە زۆرێک لە کارەکاندا لەگەڵ پیاوان بێت. کەواتە دەبێ بڵـێم هـەموو شـتێک دەچێتـەوە سـەر ڕەوشـت و ڕوانگـەی تاکـەکان لـە ئـازادیی کـە چـۆن هەڵسـوکەوت بکـەن؛ واتـە ئەگـەر کەسـێک لـە ڕووی ئەخلاقییەوە تەواو بێ، هیچ شتێک ناتوانێ لە خشتەی ببات.

2- پەیوەنـدیی نێـوان کچـان و کـوڕان: ئـەم پەیوەندییـە بـە ڕای مـن هـیچ کێشـەیەکی تێـدا نییـە. دیـارە هـەموو مرۆڤێـک پێویسـتی بـە هاوهەسـتی هەیە. هەڵبـەت ئەگـەر پێویسـتت بـە ڕەگـەزی بەرامبـەرە بـۆ ئـەوەی لێـت تێبگـا، دۆسـتایەتی لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەر و هاوڕەگـەز زۆر جیـاوازە؛ واتـە مـن وای


نـابینم کـە هاوڕەگـەز بتـوانێ هـەر پێداویسـتییەک، هەڵبـەت مەبەسـت لـە پێداویسـتی تێگەیشـتنە، هاوپـەیڤی لەگـەڵ کەسـێک کـە خـاوەن ڕەوشـتە و هەروەها ئەوەی کە منیش ئەم پەیوندییە لە تەمەنی خواردا بە شیاو نازانم و بە ڕای من دەبێ تەمەنی شیاو بێت، چوونکە لەم حاڵەتەدایە کە ئیدی کەس نـاتوانێ دەسـتدرێژی بکاتـە سـەری و دەتـوانی کەسـی بەرامبـەر باشـتر بناسـی و بزانی چ جۆر کەسێکە، تەنانەت بۆ ژیانی داهاتووت دەستنیشانی بکەیت.

به سپاسەوە

..........................................................................

کچ: وێنە و پێشنیارەکانتان زۆر سەرنجڕاکێش و هەژێنەر بوون. ئێستا چ لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان سۆنگەی ژیان و بژێوی ژیان، و هتد، بە ڕاستی بـۆ مـاوەی چەنـد خولـەک مـرۆڤ دەخاتـە تێڕامـان سـەبارەت بـە خـۆی و بنەماڵەکـەی یـان ئەو کەسـانەی کـە لـە ژیانـدا لـە سـۆنگەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان یان بابەتە داراییەکانەوە تووشی شکست هاتوون. دەمەوێ بە هـەموو کچـان و کـوڕانی هاوشـاریم بڵـێم کـە هەمیشـە وریـای ڕەفتـار و هەڵسـووکەوتەکانیان بـن. لـە پەیوەندییەکانیانـدا پشـت بـە کـەس نەبەسـتن، چوونکـە تـا دێـت کچـان عەشـق و خۆشـەویسـتی فـەرامۆش دەکـەن و خولیـای بەڕەڵڵایی، پەیوەندیی نارەوا، بەزم و ڕابواردن دەبن، بە بێ ئەوەی بیر لە ئاکامی کردەوە نگریسەکەیان بکەنەوە. ئەوەتان پێ دەڵێم کە هاوتەمەنەکانم وا نەزانن من کەسێکی بێهەستم، نا منیش هەستم هەیە، بەڵام تکاتان لێ دەکەم وریای خۆتـان بـن، چوونکـە بۆسـەی گەنـدەڵی، گیرۆدە بـوون بـە مـادەی هۆشـبەر و ئایدز چاوەڕوانی لە ئامێزگرتنی ئێوەیە. ئەوەندە بەسە کە بە وتنی نایەک خۆتان

لــەم کــردەوانە بپــارێزن. ئەگــەر خوداپێــداو و دەوڵەمەنــدن ئــەم هەلــەتان بقۆزنــەوە وەدوای کـاری دزێـو نەکـەون. مـن خـۆم کچـێکم کـە لـە سـەرەتادا ســەرەڕای ئــەوەی کچێکــی بــاش بــووم، بــەڵام بنەماڵەکــەم ســنووردارِیان کردبوومـەوە. پێیـان وا بـوو بـە چووونـە دەرەوە و خوێنـدن کەمـە کەمـە بـەرەو گەندەڵی و هیچ و پووچی ڕادەکێشرێم، بەڵام بە هۆی ئەوەی ژیر بووم، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر توانیم متمانەی بنەماڵەکەم بەرەو لای خۆم ڕابکێشم و دیسـان درێژە بـە خوێنـدن بـدەم. ڕەنگە بەسـەرهاتی زۆرێک لـە ئێوە هاوشێوەی بەسـەرهاتی مـن بێـت. بـە هـەر حـاڵ، هۆشـداریم زیـاتر بـۆ ئـەو کچانەیـە وا لـە تەمـەنێکی هەسـتیاردان. مـن ئـەو مافـەتان پێ دەدەم کـە دڵـداری بکـەن، بـەڵام تکایـە ڕێگـە مـەدەن بـە هـیچ چەشـنێک دەسـتدرێژی بکرێتـە سـەرتان. کوڕان بـە پێشـنیاری خۆشـەویسـتی هیچیـان لێ کـەم نابێتـەوە، بـەڵام ئـەوە ئێـوەن کە وردە وردە ژیانتـان بەرەوە تـارمیی پەلکێش دەکرێت. ئەڵبـەت ئێـوە ئەو ماڤەتـان هەیە کـە بڵـێن هۆکـاری زۆربـەی هەڵـەکان لـە کوڕانـە، بـەڵام تکایـە ئەگـەر هـەژار و بێدەسـەڵاتن، هـەوڵ بـدەن ژیانێکی بـەرز و ئابڕوومەندانـەتان هـەبێت، چوونکە ئێمەش ڕۆژێک دەمرین با ناوی چاکمان لێ بە جێ بمێنێت. ئەوەتان لە بەر چاو بێ کـە لـە دنیـادا تاوانـە گـەورە و بچووکـەکان دەسـڕێنەوە، بـەڵام تـاوانی زینـا و داوێنپیسی [دەمێنێتەوە.]



وێنەی ژمارە 25: ڕا و بۆچوونی دوور و درێژی دوو کەس لە سەردانکاران

سەرەتا سڵاوم هەیە لە خزمەت هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی وەها پێشانگایەک هەوڵیان دا. هیوادارم لە هەموو ساتەوەختەکانی ژیاندا سەرکەوتوو بن. بە ڕاستی وێنە جوانەکان بە هونەرەوە نوێندراون. بەڵام سەبارەت بە پێشانگا دەتوانم بڵێم تەنیا پشتیوانی لە کچان کراوە و هەموو کوڕان وەکوو یەکتر نین.

.................................................................................................................

به ناوی خوای گەورە

لە لایەن خۆمەوە کاک مستەفا ڕەسووڵی. کوڕی سەعیدی نەمەدبەگی


مـــەزناوایی سەردەشـــت. داوای ســـەرکەوتنتان بـــۆ دەکـــەم. هـــەر بـــژین بـــۆ کوردستان.

مستەفا مەزناوایی

....................................................................................................................

.

بـە ڕای مـن ئەمـە باشـترین پێشـانگایەکە کـە لـە سـەر ئاسـتی ئازەربایجـانی ڕۆژاوا بەڕێوە چوو.


به ناوی خودای گەورە
لە لایەن خۆمەوە کاک مصطفی رسولی
کوری سەعیدی ئەمەدبەگی مەرزناوی
ئالادی سەردەشتی
داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم
هەر بژین بۆ کوردستان
مصطفی مەرزناوی

وێنەی ژمارە 26: یادداشتێکی پێداهەڵگووتنانە بە زمانی کوردیی کە سرووشتی نیشتمان پەروەرانە و نەتەوەخوازی پێوە دیارە: «بژین بۆ کوردستان»

دەستتان خۆش، زۆر بە کەڵک بوو.

بۆ بەرەو پێشچوونی هونەر، بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ یەکتر یان گشت مرۆڤ، ئەمەش هەنگاوێکی جوان بوو و جوانتر لەوانەش بەشدار بوونی کەم تەمەنەکان بوو کە لە داهاتوودا متمانە بە خۆیان هەبێ و خۆیان لە ناو کۆمەڵدا بسەلمێنن و وێڕای هەموو خاڵی بەقەوەت دیارە، بڕێکیش خاڵی لاواز دەبینرێ کە ئاماژە بە چەند خاڵ پێویستە:

1. بریا کەسێک ڕێنوێنی ئەم زەحمەتکێشانەی لە بواری نووسینی کوردی کردبایە تا خوێندنەوەیان هاسانتر بوبایە.

2. هەرچەند کارەکەتان کارێکی نوێیە و چاومان پێ ڕوون بووەوە. بەڵام جێ جێ بۆنی فیمینیستێکی دوگم دەهات. واتە پیاوان لە ناو کۆمەڵدا پاڵی داوەتەوە و ژن بە شەلاق بێگاری لێ دەکێشرێ (هەرچەند ئەم زروفەی ژن تیا دەژی پاشدەنگی ڕەهەوشتی خۆیانە و خۆیان دەیانهەوێ ئاوا بژین.)

ئەدی بۆ لێش دەدەن و دەش گرین؟!

هەواڵ وێنەکان لە چاو ئەوەی کەسانێکی ناماتۆڕ.



وێنەی ژمارەی 27: یادداشتێک بە زمانی کوردیی کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: «زۆر پێی قەڵس و ناڕەحەتم کە هەندێ لە نووسراوە کوردییەکان پڕ لە هەڵە بوون و ئەمە بێڕێزییە بە زمانی کوردی. هەروەها بۆچوونەکانتان لە مەڕ ئافرەتان یەکلایەنەیە.»

به ناوی ئافرێنەری هونەر

بــه هیــوای ســەرکەوتنی هــەرچی زیــاتر بــۆ یــەک بە یــەکی ئــازیزان و هونەرمەنـدان، بـه ڕاسـتی گـەلی کـورد پێویسـتی بـەم هونەرمەندانەیـه و هـەر پێویسـتی پێ دەبێ و خۆزگـه دەخـوازم کـه لـه درێـژەی ژیانـدا، چ ئاسـایی و چ هونەریی، سەرکەوتوو و بەردەوام بن.

به سپاسەوە

85/2/25

..............................................................................................................................

.


به ناوی خوێندکاری زانکۆی هەبوون

خوایە گیان شوکر بۆ تۆ. خوایە گیان شادین. خوایە گیان لەوەش شادتر دەبین کە تواناکانـان ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لـه نـاو گەنجانمانـدا زیـاتر و زۆرتـر بێـت. کەواتە توانامان پێ ببەخشە و ئەوەی شیاوترینه پێمانی بدە کە هەموو ڕۆژێک لە هەموو هۆڵەکاندا شایەتی وەها پێشانگاگەلێک بین و بتوانین وتوێژ بکەین، بتوانین گرێی دڵمان بکەینەوە و زیاتر هیوادار بین، وەکوو ئەوڕۆ.

85/2/25

کۆمەڵێک لە دۆستانی گرووپی شانۆی سیروان مەهاباد

سەید سامان پاک؛ محەمەد سارواى؛ شەهران ئێراندۆست؛ فەریار زەهابی


۸۵/۲/۲۵

۸۵/۲/۲۴

وێنەی ژمارە 28: یادداشتی دەستخۆشی لە لایەن فەرمانبەرانی ناوەندی هونەری بۆ نمایشکردنی ئیشەکانیان لە شوێنی گشتیدا

وێڕای سڵاو لە خزمەتی ئازیزان

پێشانگایەکی جوان بی، جیگەر (بۆ گاڵتە جاڕپی)

پرسپۆلیس سەروەری ئیستقلالە

ئیستقلال کونە لە سەر دڵم هەڵکۆڵراوە عەلی سوڵتان عەشقە

A

........................................................................................................

.


وێڕای سڵاو کە کیژە ژیکەڵەکانی پێشانگای شارەوانی. هیوادارم باش بن. زۆر پێ خۆشحاڵم کە چاوم پێتان ڕوون بووەوە. هیوادارم مێردێکی باش بکەن، کە ئەمانەی هەبێت (ئۆتۆمبێلی 206، شووقە یان ڤێلا و قژی پڕ و جوان) باس (Buy)

پێی بڵێن

........................................................................................................

پەروین، ئاری هان

پرێسپۆلیسی قارەمان




وێنەی ژمارە 29: هێماکانی ژیانی مێرمندالی، وتووێژی بە نازوخەمزە کە لە دەفتەری میوانان نووسراوە، لە تەنیشت هوتافە فوتبۆلییەکان

## دەرەنجام

گەنجان و مێرمندالانی کورد، لە بەستێنی ئەم ڕوانگە یەکتربڕانەدا، جۆرەها وێنەی هەمەچەشن لە بوارە جیاوازەکاندا بە کار دەهێنن، کردەوەیەک کە ڕەنگە لەگەڵ دیکەی گەنجانی دنیادا تێیدا هاوبەش بن.[1] یەکێک لەم حاڵەتانە بە کارهێنانی کلیشە ڕەگەزییە نەگۆڕەکانی ئافرەت – پیاوە کە بێگومان بە هەمان ڕادە، بە هۆی ئایدیاکانی پەیوەست بە گریمانە ڕەگەزییە ڕۆژاوایییەکان و بە تەوەرایەتی ئەوانە بەدی هاتووە کە لە لایەن پێکهاتە ڕەگەزیەتیەکانەوە لە پانتایی کوردیی، ئێرانی یان ئیسلامیدا بوونی هەیە. باسی نادر (1989) سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان کلیشە جیاوازەکان پیشاندەری کاریگەری ئەوان لە سەر ڕۆڵی ئافرەتانە. بە بڕاوی ئەو، دەبێت بەسەر تیۆرییە نەریتییەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتخوازیدا پێداچوونەوە بکرێتەوە «بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو ئەندێشەش بێ کە ڕۆژاواش بۆ جیهانی ئیسلام بوونی هەیە و لەو بەراوردەدا، ئەو لێکدژییەی کە خۆڕاگری ژنان کۆنترۆڵ و تەسک دەکاتەوە، دەورێکی گرنگ دەبینێت ... و پێکهاتەی ڕەگەزی بە شێوەی بەرهەمێک لە نێوانکردەیی نێوان دوو دنیای ئاینی گەورە، واتە ڕۆژاوای ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی عەرەب، شی دەکاتەوە (Nader, 1989, p. 325).»

---

1ـ بڕوانە:

Baumann, Gerd, (1996), *Contesting Culture: Discourses of Identity in Multi-ethnic*, London Cambridge: Cambridge University Press.

ئـەم خاڵـە لـەم ڕووەشـەوە گرنگـە کـە پیشـاندەری چـۆنییەتیی پشـتگوێ خستنی کاریگەریی فرەچەشنی کلتووری و کەمینەییە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا لە لایەن ڕوانگە دژبەرەکانی ڕۆژهەڵات – ڕۆژاوا، «عەرەب» و «ئەورووپایی»ەوە. سـەرەڕای ئەمە، ڕەگەز ناوەڕۆکێکی گشتگیرە کە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەک لە هەموو پرۆژەکانی گەنجاندا بوونی هەیە، هەمان تەوەری ئەخلاقییەک کە لە پرۆژەی سـواڵکەرانی سـەر شەقامیشـدا دەبینرێ و بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە سـەرەتادا تیشـک دەخاتـە سـەر خـراپ بەڕێـوەبردنی حکـوومی، بـەڵام ویسـتی دیـاریکردنی سـنووری نێـوان دەوری شـیاوی ژنـان و پیـاوان لـە شـوێنە گشـتی و تایبەتییەکانیشی تێدا دیارە. بێگومان ئەم ڕوانگە تایبەت بە کۆمەڵگای ئیسلامی یان ئێرانیی نییە و هاوشێوەی ئەوەیە کە پاسارۆ لە کۆتوبەندی خۆشگوزەرانی لــە کۆمــەڵگای ئــەمریکادا دەیگێڕێتــەوە: «ڕێــز گــرتن لــە بنەماڵــەی نــاوەکی (بنەماڵەیـەک کـە دایـک و بـاوک و منـداڵی تێیـدا دەژیـن) و ئایـدۆلۆژیاکانی پەیوەست بە ڕەگەز، بە جۆرێک یەکگرتوویان هەیە کە کەسی لانەواز، زیاتر بکەنـە بابـەتی سـووکایەتی تـا ئـەوەی هاوخـەمی دروسـت بکـەن.» (Passaro, 1997, p. 159) بە ئاوڕدانەوە لەم ئاراستە کە سواڵکەرەکان بە ساختەکار یان تەنانەت دەوڵەمەند دەزانرێن، لێرەشدا پرسەکە ئەوەیە. لە لایەکی دیکەشەوە، سـواڵکەری ژن بـە پێی ئـەو ڕۆڵـەی کـە دەبێ لـە کۆمـەڵگای ئێرانیـدا وەئەسـتۆی بگـرێ و ئالنگاریەکـانی بـەردەمی وەک ئافرەتێـک پێناسـە دەکرێـت. ئایـا ئـەم ڕەخنەش یەکێکی تر لە عورفە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەربڕینی ڕفتاری ڕەگەزییە یان یاسا و ڕێسای جیاکاریانەی دەوڵەت لە بارەی ناوچەیەکی هەژارە؟

پەیوەندیی گەنجان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵات، واتە بنەماڵە و کۆمەڵگا

و دەوڵەت، چەسپاو نییە و هەر ئەم بابەتە ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە ئەوان سەبارەت بە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگا و ئەو دەنگە «شیاوانە»ی کە وەک بەشێک لەم دەورە دەتوانن و دەبێ دەریببڕن، هیچ گومانێکیان نییە. مید (1964) لە ئیشە کلاسیکییەکەیدا لە بارەی ئێتنۆگرافیای گەنجان، باڵغبوون لە سامائۆدا، تیشک دەخاتە سەر ئەم باسە کە پێویست ناکات تێپەڕین لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ گەورە ساڵی بە هەستی ترس و بە شێوەی زێدەڕۆیانە تێپەڕین لە قۆناغی منداڵییەوە بۆ گەورە ساڵی پیشان بدرێت. لە ڕاستیدا ناوبراو لەو باوەڕەدایە کە ئەم بابەتە لەگەڵ ئەو نۆرمە کلتوورییانەدا پێکهاتەبەندی دەکرێ کە لە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا، هەمبەر بەو ڕۆڵ و بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەرکی گەورەساڵییە، هەڵوێستێکی ڕوون و لێبڕاوەی نییە. مێرمندالانی کورد، بەتایبەت هەر لەو تەمەنە کەمەدا، بەشداربوونێکی چالاکانەیان لە کاروباری ناو ماڵدا هەیە کە هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی مید لە مەڕ بەرپرسایەتییە پێناسەکراوە دیارەکان و بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەم بەرپرسایەتییانە لە تافی گەنجێتیدا. بۆ گەنجانی بنەماڵە، ئەرکێکی دیاریکراو سەبارەت بە ئەنجامدانی کاروباری ناو ماڵ یان شت کڕین دەخرێتە ئەستۆیان کە بە پێی ڕەگەز جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە کچان فێر دەکرێن کە چۆن چێشت لێ بنێن یان سفرە و خوان بڕازێننەوە، ماڵەوە پاک و خاوێن بکەن و ئیشی لەم چەشنە، لە حاڵێکدا ئەرکی کوڕان زیاتر لە دەرەوەی ماڵە. وەک ڕاوەستان لە سەرەکانی خۆراکی گشتی لە نێو گەڕەک و کڕینی نان و گۆشت و دیکەی پێداویستییە خۆراکییەکان. پێدەچێت دەور و ڕۆڵە چەسپاوەکانی پیاوان و ئافرەتان لە مەهاباد زیاتر بەدی بکرێت. هەروەها کوڕان ئەرکی زیاتر،

و ئازادی زیاتریان هەیە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە ماڵ بێنە دەرەوە و بەم شێوە، هەر لە تافی منداڵییەوە لەگەڵ فەزای شەقام و دەرەوەی ماڵ پەیوەندییەکی زێدەتر ساز دەکەن. لەو ڕووەوە، ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ کە سیمای شوێنە گشتییەکان و باڵادەستی پیاوان لەو شوێنانە لە زۆربەی ئیشەکانی کچە گەنجەکاندا بوونی هەیە. وەک لابلان پیشانی داوە، «شوێنە خۆشگوزەرانییەکانی نیمچە گشتی و تایبەتی، وەکوو یانە و بارەکان، هەندێ یاسا و ڕێسا دەسەپێنن کە بە شێوەی تایبەت، بە جۆرێک داڕێژراون کە ژنان بتارێنن. ئەگەرچی ئەم نۆرم و بەها ئاشکرانەی هەڵاواردنی ڕەگەزی تا ڕادەیەکی زۆر لە ناو چوون، بەڵام شوێنە گشتییەکان هێشتا وێنای پیاوانەی خۆیان پاراستووە. لە ئێستادا شوێنە گشتییەکان، بۆ وێنە شەقام و پارک، هێشتا وەک قەڵەمڕەوێکی پیاوانە ئەژمار دەکرێن و زۆربەی ئەم شوێنانە «لە ژێر ڕکێفی بەڕێوەبەرایەتی» پیاواندایە، چوونکە پیاوان زیاتر و سەربەستانەتر ئەم شوێنە گشتییانە بە کار دەبەن.» (LeBlanc, 2000, p. 207)

سەرەڕای ئەمە، وەک مید سەبارەت بە ساموا شی دەکاتەوە، لەو کۆمەڵگایانەی کە بە تەواوەتی پێشپیشەسازی نین و لە پێوەرێکی گەورەدا لە ژێر کاریگەری بەها ئیسلامییەکان بیچمیان گرتووە، شایەتی ئاقارێکی هاوشێوە بۆ سەردەمی گەورەساڵی وەک کاتی ئاڵۆزی، دڵەڕاوکێ و کارەساتی شاراوەین. ئاماژەی مید بە بیرۆکەی ئازاد هەمبەر بە پەیوەندیی دڵدارانە و سێکسیی گەورەساڵان و ئازادیی ئەزموون لە سەرەتای گەورەساڵی لە ناو سامواییەکاندا، ڕاست خاڵی بەرامبەری ئەزموونەکانی توێژی گەنجە لە کوردستانی ئێراندا (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کە تێیدا دابڕانی نێوان دوو ڕەگەز و قەدەغەی

پەیوەندییەکان، بە بڕ و بیانووی مەترسییەکانی پەیوەندیی سێکسیی، چاودێری دەکرێت. لەم ڕوانگەوە، ڕەنگە ئەو بیر و خەیاڵانەی کە لە بارەی مەترسییەکانی نێوان پەیوەندیی پیاوانە – ژنانە بەر لە هاوسەرگیری بوونیان هەیە، زۆر سەرسووڕهێنەر نەبن. «ئایدیالەکان»ی ڕەفتاری ژنانە – کە هاوکات شانۆیی، دراماتیک و هەروەها تا ڕادەیەک تێکەڵ بە شەرمەزاری و دەروونخوازییە (بڕوانە وێنەی ژمارە 7، وێنەی ژمارە 16، وێنەی ژمارە 17 و وێنەی ژمارە 20) – دەتوانرێ لەگەڵ هەستی نیگەرانییەک بەراورد بکرێ کە تێکەڵ بە سەردەمی گەورەساڵی «ڕۆژاوایی» و شانۆی ژیانی ڕۆژانەیە. ڕەنگە تێیدا، خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە ڕەوتی منداڵانەوێناکردنی دەوری ژنان لە گەورەساڵیدا حەشار درابێ، هەمان حاڵەتێک کە لە ڕفتاری ڕووکەشی و پڕ لە غەمزەونازی ئەکتەرانی ئافرەتی ئێرانی، وەکوو هەدیە تێهرانی و دیکەی ئەستێرەکانی زنجیرە تەلەڤیزیۆنییەکان خۆی دەنوێنێت.

لە خاڵی بەرامبەردا، کوڕان لە مەودای پرۆسەیەکی یەکساندا و لە سەروبەندی خزمەتی سەربازیی، بۆ بەشداری لە کۆمەڵگا ئامادە دەبن، هەمان سەردەم کە تێیدا، حکومەت ڕاستەوخۆ لە بارودۆخی تێپەڕین لە گەنجێتییەوە بۆ گەورەساڵی دەستێوەردان دەکات (Kaplan, 2000؛ Sinclair-Webb, 2000) پاش ئەم سەردەمە، ئەگەر ئەوان پیشەیەک فێر نەبن یان بڕیار نەدەن درێژە بە خوێندن بدەن، زیاتر – وەک لە کوردستان باوە – یان ڕاکێشی ئیشی بنەماڵەیی دەبن یان بە هاوکاری بنەماڵە، دوکانێکی بچووک دادەنن و دەست دەکەن بە ئیش.

کاریگەری تێکدەرانەی سەقامگیری مۆدێرنیزاسیۆن زیاتر لە سەر پرسی ڕۆڵ

و دەوری ژنــان جێی تێڕامانــە. لــە ســۆنگەی نەریتییــەوە ژنــان تــەنیا لــە ڕێگــەی هاوســەرگیرییەوە دەگوازرێنــەوە بــۆ هــەرەتی گەورەســاڵی، بــەڵام لــە ئێســتادا، هەنــدێکیان یــەک یــان دوو ســاڵ پــێش یــان پــاش تەمــەنی بیســت ســاڵان لــە خانــەوادە جیــا دەبنــەوە بــۆ ئــەوەی درێــژە بــە خوێنــدنیان بــدەن و بــەم شــێوە تــا ڕادەیەک سەربەخۆیی ئابووریی وەدەست دێنن. هەرچەند ئێستا گرفتی بێکاری، بــە گشــتی لــە ناوچــەی کوردســتان نرخێکی بەرزی هەیە و بــۆ ژنــان، هــەلی کاری کەم و کەمتر لە بواری گشتی یان کەرتی تایبەت، کە زیاتر وەک کەرتێکی پیاوانە سەیر دەکرێ، بوونی هەیە (Tohidi, 1994).

لە بەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە، لە هەر هەموو مژارەکاندا، دەوری دەوڵەت لــە بــە کۆمەڵایــەتی کردنــی گــەنجان لــە مێرمندالییــەوە بــۆ گەورەســاڵی بــەدی دەکــەین. لــە مــەهابادیش لــە ڕێگــەی ئــەزموونی گــەنجان و لــە ژێــر کاریگەرییــە سیاسییەکانی فێرکارییەکانی دایک و باوکان، پیشــاندەری پێویســتیی خــۆڕاگری کەمینەیــەکی ئێتنیکــی لــە هەمبــەر دەســتێوەردانەکانی دەوڵــەت، هــەمان پرۆسەیەک دەگوازرێتەوە کە بە شێوەی گشتی گریمانە دەکرێت ( Jones & (Wallace, 1992; Kaplan, 2000; Sinclair-Webb, 2000. ئەو گەورەســاڵانەی وا لــە پێشــانگای هــۆڵی شــارەوانی ئامــادە بــوون، لــە ڕێگــەی وێنەکانی وێنەگرانی مێرمنداڵ، توانیان ڕوانگەیەکی نوێ بەرامبەر بە کلتووری خۆجێیی بەدی بکەن و ئەم هەلەیان بۆ گواستنەوەی پەیامەکانی خۆیان بەکار هێنــا. لــە حاڵێکــدا کــە بــۆ گــەنجان ئــەم دەرەفەتــە ڕەخســا بــوو بــۆ ئــەوەی پەیوەنــدیی کۆمەڵایــەتی زیاتریــان هــەبێ و لــە ڕادە بــەدەر ڕاببــووێرن. یــەکێک لــە پیاوانی تەمەن مامناوەند کە لە پێشانگا ئامادە ببوو لە دەفتەری میواندا وەک

یادگاری پەیامی خۆی دانا:

**ئەم کارە زۆر باش بوو و من سەرسام بووم کە چۆن تو انیتان بیخەنە بەر دیدەی هەمووان؟ ئەم ئیشانە تەنیا بەشێکی بچووک لە ژیانی کوردەواری پیشان دەدات. بە ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان، ئێمە نە تەنیا لە لایەن حکومەت بەڵکوو لە لایەن خەڵکی خۆشمان کەوتووینەتە بەر شەپۆلی هەڵاواردن. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک وێنەی زبڵەکان لە شەقام و شێوازی پاراستنی قوتابخانەکان بەدی دەکەی، بۆت دەردەکەوێ کە دەوڵەت هیچ گرنگییەک بە خەڵک یان ناوچەکە نادا و هەروەها ئەوەی کە ئێمە خۆشمان ئاگامان لە یەکتر نییە. هیچ پلەیەکی فەرمی بە کوردەکان نادرێ. ئەمانە پیشان دەدەن کە چۆن گەنجەکانمان حەرام و دیلی مادەی هۆشبەردەبن. (بڕو انە وێنەی 26).**

بە باوەڕی هەندێکیش «گواستنەوەی هێورانە». کە لە لایەن میدەوە شی کراوەتەوە. لە دنیایەکی بە خێرایی لە ڕەوتی بەجیهانیبووندا کە گەنجەکانی، بە بێ گوێدانە هەڵکەوتەی جوگرافیاییان، تێدەکۆشن بە کەرەسە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان هاوپێی پێشکەوتنەکانی دەورووبەریان بجووڵێن، زۆر شیاوی بەرگری نییە. لە مەهاباد گەنجان لە ژێر کاریگەری نموونەی خۆجێیی شووناسی کوردی و مەهابادیدان، بەڵام هاوکات لە بەردەم ڕەوتە سەروونەتەوەییەکانی میدیا تاراوگەییەکانی کوردی و فارسی، فیلمە هیندییە بالیوودیی و ئەمریکایی هۆلیوودیی و نموونەی ئێرانی شووناسی ئیسلامی و خۆڕاگری لە هەمبەر باڵادەستی بیانی (بۆ وێنە ئەمریکایی)ـشن. ئەمە،

سـەرەڕای ئـەوەی مەودایـەکی زۆری لەگـەڵ ئـەوان هەیـە، بـەڵام کاریگەرییـەکی سـەیر لـە سـەر ئـەو جلوبەرگـەی کـە لـە بـەری دەکـەن، ئـەو مۆسـیقایەی گوێبیسـتی دەبـن و شـێوازی سـازدانی پەیوەنـدییان لەگـەڵ یـەکتر دادەنێـت. ڕاگەیاندنـەکانیش بێگومـان لـەم نێوەنـدەدا دەور دەبیـنن و بـەم شـێوە، ئێرانـی کۆماری ئیسلامی، لە نێوان دوو جەمسەری ئاشکرای لێکدژی کلتووریی، بەرەو بابـەتی خـۆجێیی و ئـاینی یـان کلتـووری جەماوەرپەسـندی جیهـانی کـە زیـاتر لـە لایەن ڕۆژاواوە هەنارده دەکرێ، سەری لێ شێواوە (Sreberny-Mohammadi & Mohammadi, 1994, p. 187). لـە ڕاسـتیدا لـە دنیایەکدا کـە بـەرەو جیهـانیبوون دەچێـت، کاریگـەری میـدیا و ڕاگەیاندنـەکان و ئـەو لێکـدژیی و ناکۆکییـەی کـە دەتـوانن بیبزوێنن زۆر زیـاتر لـە بەریەککەوتنی سـادەی خـۆجێیی بە دەستێوەردانی میدیا ڕۆژاواییەکانە.

وەک لـە پڕۆژەکـانی پەیوەسـت بـە زێـڕ (کاڵایـەک کـە نرخەکـەی لـە ژێـر کاریگەری ناوەنده ڕەگەزییە نەریتییەکان و هەروەها ڕووداوەکانی بەردەم وڵاتی ئێران لە سەر ئاستی جیهانە) و خراپ بەڕێوەبردنی بواری گشتی کە لە نموونەی هـــەژاران و فەزا ســـەوزەکاندا بەدی دەکرێـــت، تـــوێژی گـــەنج لـــە ناوچـــە سـنوورییەکانی ئێران گیرۆدە و دیلی پرسـی گرنگتر لـە سیاسـەتی ناوچـەیی و جیهانییە و دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو ترس و بەدگومانییە شاراوە و هەمەگیرە نـەرم دەکـات کـە شـوێنە گشـتییە «مەترسـیدار» و فەرامۆشـکراوەکانی ئـەم ناوچانە بەدی هێناوە. بابەتی ترس لە بارەی ئاسایشی منداڵان، کە بیرکردنەوەی دایـک و باوکـان بـیچم دەدا و لـە بەرامبـەردا کاریگـەری لـە سـەر شـێوازی هەڵسـەنگاندنی گـەنجان لـە شـوێنە فیزیـایی و کۆمەڵایەتییـەکانیش دادەنێ، لـە

پانتـایی گوتارەکانی ئاسـتی دەسـەڵات، لـە دەرووبـەری تـوخمە «گوماناویی»ەکان (سـواڵکەر، بەرهەڵسـتکاری سیاسـی و دزان) و مەترسـییە شـاراوەکان گەشـە دەکەن.پێدەچێت بتوانین ئەم پرسە و باوەڕ بە پیلان و کاریگەریی تێکدەرانەی «بیـانی» و «مـۆدێرن» بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ گرێـی بدەینـەوە بـەم دۆخـی بـێنێونجییـە و گوتـاری دژایـەتی ڕۆژاوا و بەتایبـەت گـەمارۆکان یـان هێرشـی سـەربازیی ئـەمریکا بـۆ سـەر ئێران. ئەگـەرچی لـە سـایەی پێشـکەوتنەکانی ئـەم دواییانـەی کوردەکانی هـەرێم بـە هاوکاری ئـەمریکا، ڕەنگـە کوردەکانی ئێران بـە دوودڵییـەوە لـەم پرسـە بـڕوانن. بـەڵام سـاتەوەختانێکیش هـەن کـە ئـەوان، هەستی هاوپەیوەندێتی لە گەڵ وڵاتی ئێران و بەرگری لەو دەردەبڕن.

لـە کۆتاییـدا ئـەوەی کـە تەنانـەت لـە هەنـدێ حاڵەتـدا کـە لـە لایـەن منداڵان خۆیانـەوە ئامـاژە بـە ڕفتـاری «شـیاو» و ڕێبـازی ڕێنومـایی ئیسـلامی یـان نـەریتیی کوردیی دەکـرێ، شـێوازێکی خـۆڕاگرانەی ڕۆژانـە پەیوەسـت بـەوان لـە ئارادایـە. نموونە بینگەییە پیشکەشکراوەکان، هەر خۆیان پیشـاندەری ئایدیاڵی ڕەفتاری شـیاو و لـە هـەمان کاتـدا کۆمەڵـە لادانی جیـاواز لـەون کـە ڕەنگـە بتـوانین نـاوی بنێین «ڕونووسە شاراوە»کانی گرووپێک کە خواست و دەنگیان لە ناو بنەماڵە و پێکهاتـە ڕەگەزییـەکان، بـاوی کۆمەڵایـەتی لـە شـوێنە گشـتییەکان و کـۆت و بەنـدی حکومەتیـدا کـۆنترۆڵ کـراوە. لەم ڕووەوە، ڕەنگـە نموونـە فـەرمییەکانی «شـیاو»، «نـەریتیی» و «مـۆدێرن» لـە کـردەوە و ڕفتـاردا لێکـدژ و نـاکۆک بـن. لـە کاتی ئیشی مەیدانی لە شـوێنی کراوەتری پۆلـدا، بەڵگەی ڕاسـتەوخۆ لـەم پرسـە، پێکەنین بە دەنگی بەرز و پەیوەندیی پڕ لە ناز و غەمزەی نێوان کوڕان و کچان، دەبینرا. سەرەڕای ئەوەی دەقی هاوپیچکراوی وێنەکان ئاماژە بە هەنـدێ ناوەڕۆکی

وەکوو «شـەرەف» و «ئـابڕوو» دەکەن، ڕەنگە وێنـەکان خۆیـان هـەم لـە لایـەن بەرهەمهێنەر و هەمیش لە ڕاونگەی ڕای گشتییەوە، خوێندنەوەیەکی جیاوازیان بۆ بکرێت. لێرەشـدا دیسـان توانـای فرەدەنگیی وێنـەکان یادەوەری دەکرێت. بـە بــاوەڕی پینــک، «تــاکە وێنەیــەک ڕەنگــە کــەڵکی جیــاوازی تایبــەتی یــان «ئێتنۆگرافییانە»ـی لێ بگیرێـت، تەنانـەت ڕەنگـە هـەڵگریی واتـای بـە ڕەواڵـەت لێکدژ بێت» (Pink, 2001, p. 151). مێرمنداڵانی مەهابادیش بە دڵنیاییەوە لە ژێـر کاریگـەری ئـەو هـەواڵانەدان وا لـە لایـەن دەسـەڵاتەوە بڵاو دەبێتـەوە و ئـەو کتێبانـەی وا لـە قوتابخانـە دەیخـوێنن و لـە بـواری پڕۆژەیـەک کـە – هەڵبـەت چـاودێری ڕێکخراوەییشـی لـە سـەر بـوو، بـەڵام تـا ڕادەیـەک دەنگی لـە بـواری گشـتیدا پێ بەخشـیبوون – ڕەنگە ڕێگـە چارەیەکی بـەدەر لـە بەرهەمهێنانـەوەی دەنگی دەسـەڵاتیان نەبووبێت. لە هەمان کاتدا، بە شێوازی وردبینانە و هەندێ جــار چاوەڕواننەکراوانــە، لــە هەمبــەر ئــەم میکانیزمــە پێشــتر داڕێژراوانــە خۆڕاگری خۆیان دەردەبڕی.

## سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندەر) و منداڵان بووە.

کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ١٩٩٩ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە ڕستەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد** "بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە سالی ٢٠٠٦ لە مە هاباد کراکە لە ٢٠١٩ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە سالی ٢٠٢١  لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** "ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ (Etkim press (Istanbul, Turkey 2009

لە لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی کوردی، تورکی و ئینگلیزی لە ئیستانبول چاپ کراوە.

**-بە ناوی نەریت** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران"کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ٢٠١۶ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٢١ چاپ کراوە، یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی مندالان لە ئێران) بلاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ماڵێک لە سەر ئاو** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران "کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بلاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **ماڵێک بە درگای ئاوەلاوە** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران"بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ٢٠٢٠ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هە ر وها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تالانی منداڵی** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی مندالان لە تاران" بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی مندالان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی مندالانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە

ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران" یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چراپ کراونەتەوە.

- و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران" کە **٥** ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هەنووکە لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان" کە لە ساڵی ، هاوڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتنەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە لە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەرێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەری خۆیاندا دەست دەکەوێت:
www.kameelahmady.com

## سەرچاوەکان

Baumann, Gerd. (1996). Contesting Culture: Discourses of Identity in Multi-ethnic. London Cambridge: Cambridge University Press.

Bennett, Andy. (2000). Popular Music and Youth Culture: Music, Identity and Place. London: MacMillan Press.

Collier, John Jr. and Malcolm Collier. (1986). Visual Anthropology: Photography as a Research Method Albuquerque. University of New Mexico Press.

El-Guindi, Fadwa. (1999). The Veil: Modesty, Privacy and Resistance. Oxford: Oxford University Press.

Fischer, Michael M.J. and Mehdi Abedi. (1990). Debating Muslims: Cultural Dialogues in Postmodernity and Tradition Madison. University of Wisconsin Press.

Jones, Gill and Claire Wallace. (1992). Youth, Family and Citizenship Buckingham. Open University Press

Kaplan, Danny. (2000). The Military as a Second Bar Mitzvah: Combat Service as Initiation into Zionist Masculinity (in M. Ghoussoub and E. Sinclair-Webb eds.).

Imagined Masculinities: Male Identity and Culture in the Modern Middle East London: Saqi Books, pp. 127-145.

LeBlanc, Lauraine. (2000). Pretty in Punk: Girls' Gender Resistance in

Boys.

Subculture New Brunswick: Rutgers University Press.

Lydell, Jean and Ivo Strecker. (2006). Men and Women on Both Sides of the Camera (in M. Postma and P.I. Crawford eds.), Reflecting Visual Ethnography: Using the Camera in Anthropological Research Leiden: CNWS Publications, pp. 138-156.

McDowall, David. (2000). A Modern History of the Kurds. London: I. B. Tauris.

Mead, Margaret. (1964). Coming of Age in Samoa: a Psychological Study of Primitive Youth for Western Civilisation. New York: William Morrow and Co.

Nader, Laura. (1989). Orientalism, Occidentalism and the Control of Women. Cultural Dynamics, II (3), pp. 324–355.

Passaro, Joanne. (1997). You Can't Take the Subway to the Field!: Village

Epistemologies in the Global Village (in A. Gupta and J. Ferguson eds.).

Anthropological Locations: Boundaries and Grounds for Field Science Berkeley: University of California Press.

Paider, Parvin and Erika Freidl. (2006). Has the Islamic Revolution in

Iran Subjugated Women? (In R.L. Welsch and K.M. Endicott eds.). Taking Sides: Clashing Views in Cultural Anthropology Dubuque: McGraw-Hill, pp. 189-207.

Pink, Sarah. (2001). Doing Visual Ethnography. London: Sage Publishing Rouch, Jean. (2003). Cine-Ethnography Minneapolis (ed. and translated by Steven Feld). University of Minnesota Press.

Scott, James. (1990).

Domination and the Arts of Resistance: Hidden Transcripts New Haven. Yale University Press

Shay, Anthony. (2000). The 6/8 Beat Goes On: Persian Popular Music from Bazm Qajariyyeh to Beverly Hills Garden Parties (in W. Armbrust ed.) Mass Mediations: New Approaches to Popular Culture in the Middle East and Beyond, Berkeley: University of California Press, pp. 47-72.

Sinclair-Webb. (2000). Our Bulent is Now a Commando': Military Service and Manhood in Turkey (in M. Ghoussoub and E. Sinclair-Webb eds.). Imagined Masculinities: Male Identity and Culture in the Modern Middle East London: Saqi Books, pp. 65-90.

Sreberny-Mohammadi, Annabelle and Ali Mohammadi. (1994). Small Media, Big Revolution: Communication, Culture and the

Iranian Revolution Minneapolis. University of Minnesota Press.

Tohidi, Nayerah. (1994). Modernity, Islamisation and Women in Iran (in V.M.

Moghadam ed.). Gender and National Identity: Women and Politics in Muslim Societies, London: Zed Books, pp. 110-147.

Van Bruinessen, Martin. (1992). Agha, Sheik and State: The Social and Political Structures of Kurdistan, London: Zed Books.